## ٣

# لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییی شیکاری

## لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە

پێشکێشە

بەو کەسەی کە لە هەموو کەسێک زیاتر خۆشم دەوێت

(فایزەخان)ی خێزانم

پ. ی. د. نەجم ئەڵوەنی

# ٣

# لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییی شیکاری

## لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

پ. ی. د. نەجم ئەڵوەنی
٣ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیکاری لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٩٣
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١١٩٩ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. کوردستان کەیفی

پێڕست

لێکۆڵینەوەی یەکەم
بنیاتی گێڕانەوە لە کورتە ڕۆمانی مولازم تەحسین و شتی تریش... 7
پێشەکی 9
پوختەی حیکایەتەکە 15
دووپاتکردنەوە 17
گەڕانەوە 20
پێشبینی 22
تێهەڵکێش 24
دووبارە کردنەوە 26
بۆشاییە سپییەکان و کەرتکردنی گێڕانەوە 32
بینای زەمەن 35
کورتکردنەوە 40
ئەنجام 42

لێکۆڵینەوەی دووەم
ئاستەکانی گۆشەنیگای حەکایەتخوانی هەمووشتزان لە ڕۆمانی (هەرەس)ی
محەمەد موکری دا 51
پێشەکی 53

بەشی یەکەم:
تەوەری یەکەم: چەمک و پێناسەی گۆشەنیگای 54
تەوەری دووەم: جۆرەکانی گۆشەنیگا 57

تەوەری سێیەم: خاسیەتەکانی گۆشەنیگای حەکایەتخوانی... 60

بەشی دووەم: ئاستەکانی گۆشەنیگای هەمووشتزان 63
تەوەری یەکەم: ئاستی کات 64
تەوەری دووەم: ئاستی شوێن 70
تەوەری سێیەم: ئاستی دەربڕین 78
ئەنجام 85

لێکۆڵینەوەی سێیەم
بنیاتی جۆرەکانی وەسف لە رۆمانی (کاولاش)ی عەبدوڵا سەراج دا 93
پێشەکی 95

بەشی یەکەم:
تەوەرەی یەکەم: جۆرەکانی وەسف لە ڕۆمان دا 96
تەوەرەی دووەم: پەیوەندی نێوان وەسف و وەرگێڕانەوە لە ڕۆمان دا 99

بەشی دووەم:
تەوری یەکەم: بنیاتی وەسفی کارەکتەر 102
تەوەرەی دووەم: بنیاتی وەسفی سروشت 116
تەوەرەی سێیەم: بنیاتی وەسفی شوێن 122
ئەنجام 129

لێکۆڵینەوەی یەکەم

## بنیاتی گێڕانەوە لە کورتە ڕۆمانی مولازم تەحسین و شتی تریش...

## پێشەکی

ئەم کورتە (ڕۆمانە)[١] ، بەنموونەیەکی سەرکەوتووی کورتە ڕۆمانی کوردی دادەنرێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەم بەرهەمە تاقانایە و لەوەوپێش هیچ تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتووی لەم چەشنە بەزمانی کوردی نەنووسرا بێ. هەردوو کورتە ڕۆمانی «چناری شیر و شێخی داموس»[٢]ی جەبار جەمال غەریب و «حەسار و سەگەکانی باوکم»[٣]ی شێرزاد حەسەن و هەندێ نموونەی تر، بە ڕابەر و ڕێ پێشاندەری ئەم هونەرە، لە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردیدا دادەنرێن.

ئەم کورتە ڕۆمانە لە ڕووی تەکنیکییەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ هەموو نموونەکانی پێش خۆیدا هەیە و بووەتە مایەی تێکشکانی زۆربەی تەکنیکە تەقلیدییەکانی ناو ڕۆمانی کوردی، ئەگەرچی نەیتوانیوە دەسبەرداری هەموویان ببێت. لە ڕووی زمانەوە، ئەم کورتە ڕۆمانە نەیتوانیوە بگاتە ئاستی ئەو زمانەی کە بەختیار عەلی لە هەردوو ڕۆمانی «مەرگی تاقانەی دووەم»[٤] و «ئێوارەی پەروانە»دا[٥] بەکاری هێناوە، بێجگە لەوەی کە نەگەیشتووەتە ئاستی ئەو زمانە هونەرییەی کە جەبار جەمال غەریب و شێرزاد حەسەن لە کورتە ڕۆمانەکانی خۆیاندا بەکاریان هێناوە.

زمانی ئەم کورتە ڕۆمانە، زمانێکی ڕاپۆرت ئامێزە، لەو زمانە دەچێت کە لە وتاری ڕۆژنامەوانی و هەواڵدا بەکار دەهێنرێت. ئەم جۆرە بەکارهێنانەی زمان لە زۆربەی ڕۆمانی تەقلیدی کوردیدا بەکار هاتووە، وەکو لە ڕۆمانی «کوێخا سێوێ»[٦] و ڕۆمانە دوو بەرگییەکەی عەزیزی مەلای ڕەش (خاک و چەوسانەوە)[٧] و (خاک و کێشەی مان)[٨]دا بەکار هێنراوە، هەروەها عەبدوڵڵا سەراج لە ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لووتکە)[٩] و خەسرەو جاف لە ڕۆمانی

(کۆردەرە)[10] و (گەماڵ)[11] و حەسەن جاف لە کورتە ڕۆمانی (عەلە بەستێ)[12] و حوسێن عارف لە زۆربەی ڕۆمانەکانی، بەتایبەتی لە (شار)[13] و (هێلانە)[14] و محەمەد موکری لە ڕۆمانی (هەرەس)[15] و هەردوو کورتە ڕۆمانی (تۆڵە)[16] و (سەگوەڕ)[17]دا بەکاریان هێناوە.

هۆی سەرەکیی ئەم دیاردەیەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نووسەرەکانیان و د. فەرهادیش لەگەڵ ئەواندا لە بەکارهێنانی ڕاناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاکەوە ڕێیان خۆش کردووە کە پێگەی (ئایدیۆلۆجی – کۆمەڵایەتی)یان زیاد لە پێویست بێتە پێشەوە و باڵ بەسەر سەرجەم ڕەوتی فیکری کارەکتەرەکاندا بکێشێ و ناچاریان بکات لە دەوری چەقی فیکری نووسەرەکان کۆببنەوە. هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەم (ڕاناوە)ڕەوتی گێڕانەوەی ئەو بەرهەمانەی زیاتر بەرەو ڕابردووی کارەکتەر و ڕووداوەکان ڕاکێشاوە، بۆیە ئەرکی سەرەکی زمانەکانیشیان بووەتە ئەرکی گێڕانەوەی هەواڵی ئەو کارەکتەر و ڕووداوانە، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا ناکرێت تایبەتمەندی زمانی هەریەک لەوانە لە بیر بکەین، بەتایبەتی لە ڕووی توانا و هێزی داڕشتن و بیناسازییەوە. زمانی سەرجەم ئەو ڕۆمانانە دەگەڕێتەوە سەر ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد و لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە.

لەم کورتە ڕۆماندا «مولازم تەحسین و شتی تریش...» د. فەرهاد پیرباڵ هەوڵی نەداوە سوود لە واقیعیەتی تازە، واتە واقیعیەتی سەر کاغەز وەربگرێ، بۆیە واقیعی دەرەوە بەئاشکرا لەناو دەقی حیکایەتەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە و هەموو کارەکتەر و ڕووداوەکانی بە ڕەنگی خۆی، ڕەنکڕێژ کردووە. لەبەر ئەوە خوێنەری ئەم دەقە ڕاستەوخۆ بیری بۆ ئەوە دەچێت کە ئەو کارەکتەر و ڕووداوانە واقیع بن و دەتوانرێت نموونەیان لە واقیعی ژیاندا هەبێت. خەڵق کردنی ئەو وەهمە هەتا ڕادەیەکی زۆر بۆتە هۆی ئەوەی لەناو خەڵکیدا گفتوگۆیەکی گەرم لەسەر ئەم کورتە ڕۆمانە دروست ببێ. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی زیندوویەتی و کارایی ناوەڕۆکی ئەم دەقە بەدەستەوە دەدەن، وەکو «میخائیل باختین» دەڵێ: گوتنی زیندوو، ئەوەی بەهۆشیارییەوە لە

ساتێکی مێژوویی، لە ناوەندێکی کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێت، ناتوانێت لە هەزاران دەزووی ئاخاوتنی زیندووی تر کە هوشیاری کۆمەڵایەتی – ئایدیۆلۆجی لەبارەی بابەتی ئەو گوتنەوە دەیچنێ، دابڕێت و پێوەندیی لەگەڵدا نەبێت و نەبێتە بەشدارێکی چالاک لەو ئاخاوتنە کۆمەڵایەتییەدا، چونکە ئەو گوتنە لەمەوە، لەم ئاخاوتنەوە دروست دەبێت، بەتەواوکەر و وەڵامدەرەوەی ئەو دادەنرێت و بابەتەکەی لە شوێنێکی لاپاڵەوە نایەت[١٨].

نووسەری ئەم کورتە ڕۆمانە، لە ئاستی (تەخەیل)دا کارێکی زۆری ئەنجام داوە و سوودێکی زۆری لە یارییە هونەرییەکە وەرگرتووە. ئەم یارییەش زیاتر لە دامەزراندنی بنیاتی هونەری گێڕانەوەدا بەدەرکوتووە وەکو سوود وەرگرتن لە هونەری چاپ بۆ بنیاتکردنی بینای زەمەن و جۆرەکانی گێڕانەوە، وەکو کەرتکردن و کەلێن دروستکردن و لابردن و دووبارەکردنەوە و دووپاتکردن و مەنەلۆگ و دایەلۆگ و گەڕانەوە بۆ دواوە و پێشبینیکردنی ئایندەی ڕووداو و چارەنووسی کارەکتەرەکان.

لەم کورتە ڕۆمانەدا شوێن وەکو شانۆی ڕووداو بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، سەرەڕای ئەوەی کە ناوی هەندێ شوێن لەناو دەقەکەدا دەسنیشان کراوە،، وەکو (شاری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵ، ماڵی ئەختەر، ئەمنە سوورەکە... هتد).

مەبەستمان لەو بایەخ پێدانە وەسفی شوێن نییە بەتەنیا، بگرە مەبەستمان لە کاریگەری شوێنە لەسەر ژیانی کارەکتەر و گەشەکردنی ڕووداوەکان، لەبەر ئەوە سیفەتی زەمەنی، باڵی بەسەر سەرجەم دەقەکەدا کێشاوە و لەباتی شوێن، زەمەن بووەتە چوارچێوەی ڕووداوەکان، ئەمەش وای کردووە کە ڕۆمانەکە، ببێتە ڕۆمانی کەسییەتی. لەلایەکی ترەوە، ئەم کورتە ڕۆمانە، بە بەرهەمێکی درامی دادەنرێت، چونکە ڕووداو دەوری سەرەکی تێدا دەگێڕێ و کار دەکاتە سەر چۆنیەتیی چنینی بنیاتی هونەری دەقەکە.

بنیاتی کارەکتەر لەم کورتە ڕۆمانەدا بنیاتێکی تەقلیدییە و بە بەردەوامی

هەمان بنیاتی کارەکتەری ڕۆمانە تەقلیدییەکان دادەنرێت. لەم بارەیەوە، نووسەر نەک تەنیا باسی شێوەی دەرەوەی کارەکتەرەکانی بۆ کردووین، بەڵکو بگرە کونیەی تەواوی جوامێرمان بۆ ئاشکرا دەکات، وەکو ناوی سیانی و ناوی شوێنی لەدایکبوون و تەمەن و قۆناغەکانی خوێندن و ئەو بڕوانامەی کە وەری گرتووە، تا دەگاتە ئەو کاتەی کە دەبێتە بەڕێوەبەری دائیرەی کشتوکاڵی سلێمانی پاشان ئەوەشی بۆ ئاشکرا کردووین کە بەساختە بووە بە «ڕەفیق حزبی» و لەژێرەوە خەت مایلی پێشمەرگە بووە. هەروەها باسی جوانییەتی ئەختەر و سادە و ساکاری عەقڵی ئەو و پیشەی خەیاتی و... هتد ئەوی بۆ کردووین.

ڕاستە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە خەیاڵین و تەنیا لەسەر کاغەز دەژین، بەڵام لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و ڕەوشت و بیرکردنەوەدا لەژێر دەسەڵاتی لەبن نەهاتووی نووسەر دان و بەگوێرەی ویستی ئەم بەشداری لە ڕووداوەکاندا دەکەن و هەڵوێست دەنوێنن. نووسەر ئازادی بیرکردنەوە و دەربڕینی پێ نەداون و تەنانەت لە دایەلۆگ و مەنەلۆگدا هەست بەوەدەکرێت کە دەنگی ئەوان دەنگی نووسەرەکەیە و گوزارشت لە خودی ئەو دەکەن. هەر لەبەر ئەوەیە لە ئاخاوتنیشدا بەشێوە ئاخاوتنی هەولێری قسە دەکەن کە شێوە ئاخاوتنی نووسەر خۆیەتی. لە کاتێکدا ئەوان وەکو لە دەقەکەدا دەردەکەوێت خەڵکی سلێمانین و دەبێت بەشێوە ئاخاوتنی ئەوێ بەشداری لە گێڕانەوەدا بکەن.

ئەم دیاردەیە، هەموو کارەکتەرەکانی گرتووەتەوە، تەنیا مولازم تەحسین نەبێت کە لەناو دەقەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە عەرەبە و بەو زمانە لەگەڵ ئەختەر ئاخاوتن دەکات.

لەم کورتە ڕۆمانەدا چەمکی پاڵەوان پارێزراوە و ئەختەر ئەو دەورەی پێ دراوە و بووەتە تەوەری سەرەکیی ڕووداوەکان و هەموو کارەکتەرەکان بەدەوری ئەودا دەخولێنەوە، تەنانەت زۆربەی ڕووداوەکانی ئەم دەقە سێبەری ئەویان بەسەرەوە دیارە، ئەگەر جار نەجارێک، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەوەوە

سەرچاوە نەگرن. ئەم تەکنیکەش زیاتر لە ڕۆمانی کۆنی کوردیدا باوە کە لەژێر کاریگەریی ڕۆمانی سەدەی نۆزدەمی ئەورووپایی و سەدەی بیستەمی عەرەبیدا هاتووەتە ناو ڕۆمانی کوردییەوە.

حیکاتخوانی ئەم دەقە نوسخەیەکە لە کەسیەتیی نووسەر و هیچ پانتاییەک لێکیان جیا ناکاتەوە. لەبەر ئەوە حیکایەتخوان بووەتە نووسەر و لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم ڕۆمانەدا ئەرکی نووسەر جێبەجێ دەکات.

هەروەها حیکایەتخوانی ئەم کورتە ڕۆمانە و حیکایەتخوانی زۆربەی ڕۆمانە تەقلیدییەکان، حیکایەتخوانێکی هەمووشتزانە و زانیاری لە هەموو کارەکتەرەکان زیاترە و لە هەموو شوێنێکدا هەست بەبوونی دەکرێ و ئاگای لەباری دەروونی و جۆری بیرکردنەوەی ئەوان هەیە و هەنگاو بە هەنگاو لە ڕووداوەکاندا دەبێتە ڕێ پیشاندەری ئەوان.

بەکارهێنانی ڕاناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاک زیاتر ڕێی خۆش کردووە بۆ ئەوەی ئەم حیکایەتخوانە ئەو دەورە لە دەقەکەدا بگێڕێت و پێگەی ئایدیۆلۆجی نووسەرەکەمان بۆ ئاشکرا بکات. لە کاتێکدا دەبێت لە ڕۆمانی هاوچەرخدا نووسەر هەوڵی ئەوە بدات کە ئەو پێگەیە لە خوێنەرەکانی بشارێتەوە.

ئەم کورتە ڕۆمانە، دەچێتە خانەی ڕۆمانی ڕەخنەییەوە، چونکە بەئاشکرا ڕەخنە لە سەردەمێکی سیاسیی دیاریکراوی گەلی کورد دەگرێ و دەیەوێ پەردە لە ڕووی هەندێ لایەنی دزێوی ئەو سەردەمە هەڵبداتەوە و بیخاتە بەرچاوی خەڵکی.

نووسەر باسی سالآنی هەشتای سەدەی بیستەم دەکا و شاری سلێمانی کردووەتە شانۆی ڕووداوەکان، بۆ ئەمەش حیکایەتێکی سیاسی ـ خەیاڵی دارشتووە و لە ڕێی کۆمەڵێ ناو و ئیشاراتی واقیعییەوە، مۆرکی واقیعییەتی ڕەخنەیی بەحیکایەتەکە بەخشیوە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەو ناوانە ڕاست بن و ناوی چەند کەسێکی واقیعی بن، بگرە ئەوەندە ئەو ناوانە لە ناو

کورددا بەکار هاتوون، وەهەمی ئەوە لای خوێنەر دەخوڵقێنن کە ئەو ناوانە تایبەت بن بە هەندێ کەسی دیاریکراو. ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕێی خۆش کردووە بۆ ئەوەی ئەم کورتە ڕۆمانە ببێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەران و قەڵس بوونی هەندێ کەسی تر، بەڵام ئێمە لێرەدا ئاماژە بەو بۆچوونەی ئەرستۆ دەدەین کە باسی پێوەندی نێوان «گوتار- الخطاب» و سەرچاوەکەی دەکا و دەڵێ:

پێوەندیی نێوان گوتار و سەرچاوەکانی - پێوەندی ڕاستگۆیی - مانای شیمانەی ئەو پێوەندییە نییە، بگرە برێتییە لە پێوەندی نێوان ئەو گوتارە و ئەوەی کە خەڵکی بڕوایان پێیە و بەڕاستی دەزانن، لێرەدا پێوەندی نێوان گوتاری نێردرا و لەسەر بنەمای ئەوە دادەمەزرێت کە هەموو تاکێکی ناو کۆمەڵێ خۆی بەخاوەنی هەندێ لەو گوتارە بزانێت، بەڵام کەس بۆی نییە خۆی بەخاوەنی هەمووی بزانێت[19]. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا ئەوە دووپات دەکەینەوە کە ئەو کارەکتەر و ڕووداوانەی لەم کورتە ڕۆمانەدا هاتوون، بەقەد ئەوەی ئەگەری (واقیعییەتیان) هەیە، ئەوەندەش دەچنە چوارچێوەی ئەگەری ئەنتی واقیعییەوە و لە خەیاڵدا لەدایک دەبن و لەسەر کاغەز دەژین لەوێشدا ململانێ دەکەن و چارەنووسیان دیاری دەکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا گوزارشت لە واقیع دەکەن و دەبنە دەنگی چەند پێگەیەکی ئایدیۆلۆجی کە پێوەندییان بە دەرەوەی دەق هەیە، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی (شیعر، شانۆ، حیکایەت، ڕۆمان، ئەفسانە و... هتد) دەبێ پێگەیەکی ئایدیۆلۆجی هەبێت و لە دەرەوەی دەق سەرچاوە بگرێ. لەم بارەیەوە «یومنا ئەلعید» ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە هەموو دەقێکی ئەدەبی دەبێت وەکو گوتارێکی (سۆسیۆ- ڕۆشنبیری ) بەشداری لە پێشکەوتنی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیەکدا بکات.[20]

## پوختەی حیکایەتەکە

ئەم کورتە ڕۆمانە باسی عەشقی سەرنەکەوتووی نێوان جوامێر (ئاراس بابکر عەبدولحەمید بەرزنجی) و ئەختەرمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئاراس دەرچووی کۆلێجی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدایە و دوایی دەبێتە بەڕێوەبەری دائیرەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە شاری سلێمانی، ئەختەریش لای ئەو بەفەرمانبەری بەشی (صادرات) دادەمەزرێت. لە یەکەم ڕۆژەوە ئاراس عاشقی ئەختەر دەبێ و دوای ماوەیەک دەیباتەماڵەوە و لەوێ دەیکا بەژن. سەرەتا بەڵێنی دەداتێ کە بیخوازێت. دواتر لەبەر ئاشکرابوونی پێوەندی ئاراس و هێزی پێشمەرگە، ئاراس ناچار دەبێت ڕوو بکاتە شاخ و تەنیا بە نهێنی بێتەوە ناو شار و سەردانی ئەختەر بکات. (ست نیهایەت) ناوێک کە بە نیهایەتی بەرازیلیەکە ناسراوە، ڕاپۆرت لە ئەختەر دەنووسێت، بەهۆی ئەم ڕاپۆرتەوە مولازم تەحسین دەچێتە ماڵی ئەختەر، بەنیازی پشکنین و لێپرسینەوە – لێرەوە پێوەندی لەگەڵ ئەختەردا دەسازێنێ. جارێکیان ئەختەر دەگیرێ و لە ئەمنە سوورەکە، (سێ – سێ) ئەمنەکان دەچنە گیانی و بەزۆر دەس درێژی دەکەنە سەر ناموسی. جوامێر بەم شتانە دەزانێت، لەبەر ئەوە نایەوێت ئەختەر بخوازێت، ئەگەرچی ئەختەر بەهۆی ئەوەوە تووشی ئەو هەموو دەرد و ستەمە دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەناوی حزب و بیروباوەڕی مارکسییەوە فێڵ لە ئەختەر دەکا و بۆ کاری حزبی و هەروەها بۆ مەرامی سێکسی بەکاری دەهێنێ.

جوامێر و مولازم تەحسین هەردووکیان گەمە بەچارەنووسی ئەو ئافرەتە دەکەن. جارێکیان جوامێر بەناوی حزبەوە داوا لە ئەختەر دەکات کە مولازم تەحسین بێنێتە ماڵی خۆیان و سەرخۆشی بکات، بۆ ئەوەی لەلایەن

پێشمەرگەوە بیفرێنن. بەرامبەر بەمەش بەڵێن بەئەختەر دەدات کە لەگەڵ خۆی بۆ شاخی بەرێت و لەوێ بیخوازێت، لەهەمان کاتدا مولازم تەحسین پلان بۆ ئەوە دادەڕێژێت کە بەهۆی ئەختەرەوە بۆسە بۆ جوامێر بنێتەوە و دەستگیری بکات و بیکوژێت. لە کۆتاییی کورتە ڕۆمانەکەدا پلانەکەی مولازم تەحسین سەردەگرێ و لە ماڵی ئەختەردا جوامێر دەگرن و دوای خنکاندنی، پارچە پارچەی دەکەن و ئەختەریش دەگرن.

ئەو حیکایەتە لەناو دەقەکەدا بەم شێوەیە بنیات نەنراوە، بگرە نووسەر جەستەی ئەو حیکایەتەی پەرت پەرت کردووە و هەر بەشێکی بەسەر پارچەیەکی دەقەکەدا دابەش کردووە، بۆیە پێویستە خوێنەر جارێکی تر کۆیان بکاتەوە و بیاندات بەدەم یەکەوە، بۆ ئەوەی هەیکەلەکەی وەکو خۆی دامەزرێنێتەوە. کەواتە ئێمە لە بەرامبەر دوو دەقدا دەوەستین، دەقی یەکەم ئەو حیکایەتەیە کە لێرەدا پوختەکەمان گێڕایەوە، دەقی دووەمیش ئەو دەقە دەگرێتەوە کە نووسەر لە ئاستی (گوتار –الخطاب) دا کەرت کەرتی کردووە، بۆ ئەوەی کرداری گێڕانەوەکەی لە ڕێی ئەوەوە ئەنجام بدات. ئەم دوو دەقە واتە (حیکایەت) و (گوتار) هەرگیز لە ڕووی زەمەنەوە وەکو یەک نابن، پاش و پێشیان تێ دەکەوێت و ئەو پاش و پێشەش بۆ جیاوازی سروشتی ئەو دوو زەمەنە، واتە زەمەنی حیکایەت و زەمەنی گوتارەکە دەگەڕێتەوە[٢١] کە دوایی لە بابەتی بینای زەمەندا زیاتر لەسەر ئەم باسە دەدوێین. بەپێی ئەو بۆچوونەش دەبێت ئەوەی نووسەر لە ئاستی گوتاردا دابەشی کردووە، خوێنەر لە ئاستی خوێندندا کۆیان بکاتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت حیکایەتی ئەم گوتارە، سەرەتا چۆن بووە دواتر بۆ ئەنجامدانی هونەری گێڕانەوە چۆن کەرت کراوە کە ئەمەش گرینگترین ئەرکی نووسەرە بۆ ئەوەی تەلارێکی هونەری لەو حیکایەتە دامەزرێنێت.

نووسەری ئەم کورتە ڕۆمانە، بەو جۆرە دابەشکردن و کەرتکردنە، توانیویەتی کارێکی هونەری سەرکەوتوومان پێشکێش بکات کە لەوەوپێش لە ڕۆمانی کوردیدا ئەم جۆرە تەکنیکە بەکار نەهاتووە. ئەمەش باشترین کاری

ئەوە کە لەم بەرهەمەدا ئەنجامی داوە. ئەگەر بەو جۆرەش سەودای لەگەڵ ئەو دەقەدا نەکردبایە هەرگیز بەم چەشنە بەرهەمەکەی سەرکەوتوو نەدەبوو، چونکە ئەو حیکایەتە کە ئەم گوتارەی لەسەر دامەزراوە، حیکایەتێکی زۆر سادە و تەقلیدی و فرە چەشنە و لەوانەیە، هەر کەسێک بتوانێت لە واقیعی ئەم وڵاتەدا دەیان نموونەی لەم چەشنە حیکایەتەمان بۆ کۆ بکاتەوە. لەبەر ئەوە بەلای منەوە حیکایەت وەکو بنەمایەکی گوتاری ڕۆمان ئەوەندە گرینگ نییە، بەقەد ئەوەی کە چۆنیەتیی گێڕانەوەی هونەریی ئەو حیکایەتە گرینگ و پڕبایەخە[٢٢].

لەم لێکۆڵینەوەدا زیاتر بایەخم بە بنیاتی گێڕانەوە داوە، ئەگەرچی لەوانەیە چاوەڕێی ئەوەم لێ بکرابێت گرینگی بەباسی ناوەڕۆکی ئەم کورتە ڕۆمانە بدەم، بەتایبەتی کە دەقی ئەو بەرهەمە بەخۆی دەقێکی ئایدیۆلۆجییە و ئەوە هەڵدەگرێت کە لەم بارەیەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

## دووپاتکردنەوە (الارصاد)

یەکێک لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە (دووپاتکردنەوەیە). مەبەست لە دووپاتکردنەوەش ئەو یەکانەی گێڕانەوەیە کە لەناو دەقەکەدا بڵاو بوونەتەوە و دوا ئەنجامی ڕووداوەکان بە دەردەخەن. ئەو یەکانە (دایەلۆگ، مەنەلۆگ، هەڵگەڕانەوە – إرتداد – بیرکەوتنەوە و... هتد) لەوانەیە بکەونە سەرەتا و ناوەند و پێش کۆتای دەقەکەوە.

ئەو تەکنیکە، لەناو ئەم کورتە ڕۆمانەدا بەکار هاتووە و کۆکردنەوە و دەستنیشانکردنیان یارمەتی ئەوەمان دەدەن، کە پێشوەخت بزانین، ئەختەر و جوامێر بۆ یەک نابن و جوامێر، ئەختەر ناخوازێت و ئەمیش وەکو مولازم تەحسین، بێ گوێدانە چارەنووسی ئەو کارەکتەرە، بۆ دەست گەرمکردنەوە و هەندێ چالاکی سیاسی و سەربازی بەکاری دەهێنێ. کۆمەڵێ بڕگە لەناو ئەم کورتە ڕۆمانەدا هەیە، دیاریکردنیان دەبێتە مایەی ئەوەی کە باشتر ئەم بۆچوونەمان بۆ ڕوون ببێتەوە. ئەو بڕگانەش، پێوەندییان بەمانەوە هەیە:

١- کەسایەتیی جوامێر لە گۆشەنیگای ئەختەرەوە.
٢- کەسایەتیی جوامێر لە گۆشەنیگای پوورە ڕەعنا و باجی بنارەوە.
٣- کەسایەتیی جوامێر لە گۆشەنیگای جوامێرەوە.
٤- کەسایەتیی جوامێر لە گۆشەنیگای حیکایەتخوانەوە.

## بڕگەکان

لە لاپەڕە (٥٣ و ٥٤)دا لە ڕێی دایەلۆگی نێوان جوامێر و ئەختەردا، کەسایەتی جوامێرمان لە گۆشەنیگای ئەختەرەوە بەم جۆرە بۆ باس کراوە:

- جوامێر، گوێ بگرە! تاقە عەیبێکی شەخسیەتی تۆ ئەوەیە کە لەناو کتێبدا و بەپێی کتێب دەژیت لەگەڵ مندا، هەر لە کتێبیش دێتە دەرەوە جەسارەت ناکەی، تۆ لەجیاتی ئەوەی کتێب ژیانت فێربکات و ئازات بکات، دوودڵ و ڕاڕا و ترسنۆکی کردوویت.

ئەم وەسفە لە جێی خۆیدا بووە و ئەختەر بەتاقیکردنەوە، بەو ئەنجامە گەیشتووە. هەر ئەو دوودڵی و ڕاڕایی و ترسنۆکییە بوو کە جورئەتی لە جوامێر سەندبووەوە و نەیدەوێرا بەڕاستی لە ئەختەر نزیک ببێتەوە و بیخوازێت، ئەگەرچی لە هەندێ شوێندا، جوامێر لافی مارکسییەت لێ دەدا و دەیەوێ بەقسەی چەور و زمان لووسی، ئەختەر بخەڵەتێنێ و دەستی ببڕێ.

دایەلۆگەکانی نێوان باجی بنار و پوورە ڕەعنا، بەهەمان شێوە تیشکی ڕووناکی دەخەنە سەر کەسیەتی جوامێر و وەکو تەکنیکی دووپاتکردنەوە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە جوامێر درۆزن و بێ وەفایە و هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەختەر بخوازێت، لە لاپەڕە (٦١) باجی بنار دەڵێ:

- پوورە ڕەعنا، بەقەبری کوڕە جوانە مەرگەکەم... ئەوە من مردوو و ئەتۆ زیندوو.. ئەگەر جوامێر ئەو ئەختەرە بەدبەختەی خواست، وەرە تۆ ئەم قۆڵەی من ببڕە!.

-ئەوە بەڕاستە....؟

-:.... سەدان پێشمەرگە بەم شاخەوەن و ژنەکانی خۆیان لە باخەڵی خۆیان هەڵگرتووە و وەک نووری چاوی خۆیان دەیپارێزن! ئەم درۆ دەکا.

-دەبێ پیاوێکی درۆزن و غایەن بێت و بیەوێ دەستی دەستیی پێ بکا.

لە ڕێی مـەنەلۆگەوە، هەمـان بۆچوونی ئەخـتـەر و پوورە ڕەعنا و باجی بنار سەبارەت ساختەکاری و ترسنۆکیی جوامێر بۆمان دووپات دەبێتەوە.

حـیکایەتخـوان لە ڕێی مـەنەلۆگی جـوامـێـرەوە هەمـان ئەو سـیـفـاتانەی جوامێرمان لە ڕێی دەنگی ناوەوەی ئەو کارەکتەرەوە پیشان دەدا، وەک ئەوەی بیەوێ لە ڕێی ئەویشەوە ئەو خەسڵەتانەمان بۆ دووپات بکاتەوە. دەنگی ناوەوە کە دەنگی شاراوەی جوامێرە و تەنیا دەبێ ئەو گوێی لێ ببێت، کەچی ئێمە لە ڕێی حیکایەتخوانی هەموو شتزانەوە، ئەو مەنەلۆگەمان بۆ ئاشکرا دەکرێت و ئاگامان لە شتە پەنهانەکانی ئەو دەبێت.

حـیکایەتخـوان بـەم شـێـوەیە باسی دووسـەرەیی و ترسـنۆکی کـەسـایەتی جوامێرمان بۆ دەگوێزێتەوە: «جوامێر، لەبەر خۆیەوە، وەک لە شتێک پۆشمان بووبێتەوە، غەمگینانە گوتی:

کتـێب لە سـەرەتادا هـەمـوومـان فـێر دەکات، لـە ئەنجـامـیـشدا هەمـوومـان ترسنۆک».[٢٣]

لە دایەلۆگـێکی درێژی نێـوان جـوامـێـر و ئەخـتــەر، لـە لاپەڕە، (٥٩)دا، ئەوەمـان، بۆ دووپات دەکرێتـەوە کە جـوامـێر درۆزنە، نیـیـەتی نیـیـە ئەخـتـەر بخــوازێت. هـەرجــارێ بـەجــۆرێ بـەڵێنـی دەداتـێ و بەئومـێــدی دەکــات. لەم دایەلۆگەدا، جوامێر، بەڵێن بە ئەختەر دەدات کە لەگەڵ خۆیدا بیبا بۆ شاخ و لەوێ بیخـوازێت و وەک ژن و مێرد پێکەوە ژیان بەسـەر بەرن. حیکایەتخـوان، بۆ ئەوەی بۆمـان بسـەلمێنی کـە ئەم بەڵێنەی جـوامێر، وەکو ئەوانی ترە و تەنیـا بۆ ئەوەندەیە کـە ئەختـەر دەسخەڕۆ بکا و خۆی پێ بگەیەنێت، واتە بەڵێنـەکەی لەژێر کـاریگەری هـەسـتـێکی سـێکسـیـدا لەدایک بـووە و پاش گـەیشـتن بەو

مەرامە، ئەم بەڵێنەش لە بیر دەکرێتەوە، حیکایەتخوان دەڵێ:

جوامێر کاتێ بەڵێنی خۆی بە ئەختەر دا، پەنجەکانی دەستی چەپی، تا قەراغ هەناوی ئەختەر ڕۆیشتبوون.[٢٣] بەم برگە و کۆپلانەی گێڕانەوە و چەندین نموونەی تر کە لەم کورتە ڕۆمانەدا بەرچاومان دەکەوێت، دەبینین چۆن پێش ئەوەی ڕووداوەکان کۆتاییان بێت، لەڕێی تەکنیکی دووپاتکردنەوەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە جوامێر ئەختەر ناخوازێت، ئەمەش بە جۆرێک لەجۆرەکانی پێشبینی یان ئاینده خوێندنەوە دادەنرێت.

## گەڕانەوە (الاسترجاع)

گەڕانەوە، یەکێکە لە تەکنیکە گرینگەکانی گێڕانەوە و لە ڕێی ئەوەوە زەمەنی گێڕانەوە درێژ دەکرێتەوە، واتە بە بەکارهێنانی گەڕانەوە، زەمەنی گوتار لە زەمەنی حیکایەت درێژتر دەبێت[٢٤] ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە جیاوازی لە نێوان سروشتی زەمەنی هەردووکیاندا هەیە وەکو لەوەوپێش ئاماژەمان پێ کردووە.

بەشێوەیەکی سەرەکی گەڕانەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە کە ئەمانەن:[٢٥]

١-گەڕانەوەی ناوەکی.

٢-گەڕانەوەی دەرەکی.

گەڕانەوەی ناوەکی، گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە پاش دەستپێکردنی گێڕانەوە دەکەون، واتە لە ڕووی زەمەنەوە گێڕانەوەکە دەستی پێ کردووە، پاشان ئەو زەمەنە رادەگیرێ بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانە بگێڕدرێتەوە کە لە کاتی دەستپێکردنی گێڕانەوەکەدا لەبیر کراون، یان دەرفەتی گێڕانەوەیان نەبووە. ئەم جۆرە گەڕانەوەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەیە کە بەهۆی بازدانەوە سەریاندا هەڵداوە، کەچی گەڕانەوەی دەرەکی، گەڕانەوەیە بۆ باسکردنی ئەو ڕوودانەوانە کە لە ڕووی زەمەنەوە دەکەونە پێش زەمەنی دەستپێکردنی گێڕانەوەکە. وەکو گەڕانەوە بۆ باسکردنی ڕابردووی

دووری ژیانی کارەکتەرەکان (تەمەنی منداڵی، ناوی باوکی، ناوی باپیری، ناوی خێڵ و عەشرەتیان، جۆری پیشە و ئاستی کۆمەڵایەتییان و... تاد). لەم کورتە ڕۆمانەدا هەردوو جۆرەکانی (گەڕانەوە)مان بەرچاوی دەکەوێت:

١- گەڕانەوەی ناوەکی:

بۆ نموونە مەسەلەی فڕاندنی سالاری کوڕی حاجی مەولوودی بازرگان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، لەم دەقەدا دەوری گەڕانەوەی ناوەکی دەگێڕێت. بەهۆی ئەو گەڕانەوەوە، بۆ مولازم تەحسین ئاشکرا دەبێت کە جوامێر ناوی (ئاراس بابکر عەبدولحەمید)ە. دۆزینەوەی ئەم ناوە، پێویستی بەوە هەبووە کە مولازم تەحسین بەدوای کاغەزی کۆنی ژیانی ئەو کارەکتەرەدا بگەڕێت. بەم جۆرەش لە ڕووی زەمەنەوە، گێڕانەوەی حیکایەتی یەکەم ڕادەگیرێ، یان زەمەنەکەی هەڵدەپەسێنرێ و گەڕانەوە بۆ زەمەنی ڕابردوو دەس پێ دەکات.

هەروەها بەسەرهاتی کوشتنی (مچەی مەنیج) کە (T.N.T) لەنزیک بانقی سەرپردەکە نابووەوە، ئەمیش جۆرێکە لە جۆرەکانی گەڕانەوەی ناوەکی، چونکە پاش زەمەنی دەستپێکردنی گێڕانەوەی حیکایەتە سەرەکییەکە دەکەوێت. هەروەها بەگرتن و کوشتنی ئەو کەسە، ئینجا مولازم تەحسین حیکایەتی دڵداری نێوان (ئاراس - جوامێر) و (ئەختەر)ی بۆ ساغ دەبێتەوە.

٣-گەڕانەوەی دەرەکی:

ئەم گەڕانەوەیە بەوە دەس پێ دەکات کاتێ زەمەنی گێڕانەوەی حیکایەتە سەرەکییەکە ڕادەگیرێ و گەڕانەوە بۆ زەمەنی ڕابردووی دوور و نزیکی ژیانی (ئاراس - جوامێر) دەس پێ دەکات. زەمەنی ڕووداوەکانی ئەو ڕابردووە دەکەوێتە پێش زەمەنی دەستپێکردنی گێڕانەوەکە. لەو گەڕانەوەدا دەگەڕێینەوە بۆ زەمەنی منداڵی و لاوێتیی جوامێر و بۆمان دەردەکەوێت کە (جوامێر) ناوی (ئاراس بابکر عەبدولحەمید بەرزنجی)یە. لە ساڵی (١٩٥٤) لەدایک بووە. خەڵکی گەڕەکی دەرگەزێنە لە شاری سلێمانی. لە ساڵی

(١٩٧٤) کۆلێجی کشتوکاڵی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە. لە پۆلی دووەمی کۆلێجەوە بووە بە بەعسی. لە ساڵی (١٩٧٩) کراوە بە بەڕێوەبەری دائیرەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە سلێمانی. لە ساڵی (١٩٨٥)ەوە دوای ئەوەی کە ئاشکرا بووە دەستی لەگەڵ پێشمەرگەدا هەیە، هەڵاتووە و چووەتە شاخ. بۆ گێڕانەوەی ئەوەندە ساڵی تەمەن و ژیانی (جوامێر)، نووسەر پەنای بردووەتە بەر کورتکردنەوە. بەم تەکنیکەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زەمەنی گێڕانەوەکە کورتترە لە زەمەنی حیکایەتەکە. لە ڕێی ئەو کورتکردنەوەوە، ڕووداوەکانی ئەو هەموو ساڵانە لە چەند دێڕێکدا چڕکراوەتەوە و خراوەتە ڕوو. لەم گەڕانەوەدا (نووسەر – حیکایەتخوان) زانیارییەکی پترمان لەبارەی ژیانی جوامێرەوە دەخاتە بەردەست و زیاتر ڕۆشنایی دەخاتە سەر ژیانی ڕابردووی ئەم کارەکتەرە.

## پێشبینی

مەبەست لە پێشبینی، خوێندنەوەی ئایندەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێشی زەمەنی ئێستا بکەوین و بزانین ئایندەی شتەکان چۆن دەبێت[٢٦]. ئەم تەکنیکە هەتا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی ئەرکەوە لە تەکنیکی دووپاتکردنەوە دەچێت، بەڵام جیاوازی یەکەمیان لەگەڵ دووەمیاندا ئەوەیە کە لە دووەمدا زیاتر تەئکید لەسەر چارەنووسی پێوەندی نێوان (جوامێر و ئەختەر) کراوەتەوە (بەگوێرەی ڕووداوەکانی ئەم کورتە ڕۆمانە)، کە چی لە یەکەمدا پێشبینی پێوەندی نێوان هەرسێ کارەکتەرە سەرەکییەکەی ناو ڕووداوەکان کراوەتەوە وەکو پێوەندیی نێوان (جوامێر – ئەختەر) و (مولازم تەحسین – ئەختەر) و (جوامێر – مولازم تەحسین).

لە هونەری ڕۆماندا ئەم تەکنیکە باوە، ڕەوتی زەمەن بە بازدان بەرەو ئایندە دەچێت و ڕووداوەکانیش لە کاتی ئێستاوە بەهەمان شێوەی زەمەنەکانیان بۆ ئایندە دەپەڕنەوە، بۆ ئەوەی ئایندەی خۆیانمان بۆ دەربخەن.

ئەو یەکانەی گێڕانەوە (دایەلۆگ، مەنەلۆگ، دەنگی حیکایەتخوان.... تاد) کە لەم نۆڤلێتەدا پێشبینی ئایندەی تێدا دەکرێت گەلێک زۆرن. زۆربەشیان پێوەندی بەچارەنووسی ئەو سێ کارەکتەرەوە هەیە کە لەوەوپێش ناومان هێنان. تەنانەت دایەلۆگی نێوان (پووره ڕەعنا و باجی بنار)یش هەر لەبارەی هەمان بابەتەوەیە.

هەرچی لەبارەی ئایندەی پێوەندی نێوان جوامێر و ئەختەرەوەیە، ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە جوامێر، ئەختەر ناخوازێت. بەگوێرەی دایەلۆگ و پەرەسەندنی ڕووداوەکان ئەم کارەکتەرانەی خوارەوە پێشبینیی ئەو ڕووداوەیان کردووە:

١- سەلامی فەرەج فافۆن (ل ١٦-١٧).

٢- ئەو کەسانەی لە ڕوانگەی سیاسییەوە تەماشای ئەو پێوەندییەیان کردووە.

٣- باجی بناری ژنی مامەندە مۆن.

٤- پووره ڕەعنای ژنی سەلیم سەرپان.

٥- جوامێر.

٦- ئەختەر.

ئەگەرچی سەرەتا، ئەختەر لەوە دڵنیا بوو کە جوامێر دەیخوازێت (ل١٩)، بەڵام دوایی ئەمیش لێی کەوتووەتە گومانەوە و بۆی دەرکەوتووە کە درۆی لەگەڵ دەکا و تەنیا وەختی لەگەڵ بەسەر دەبات، وەکو لە (ل٤١) ئەمەمان بۆ دەردەکەوێت. دواتر حیکایەتخوان، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە (جوامێر)یش لەبەر تانەی خەڵکی ناتوانێت ئەختەر بخوازێت (ل٥٠) و لەوە دەترسێت دوایی بەخراپە باسی بکەن. هەروەها ئەختەر بەم چەشنەی خوارەوە باسی ئایندە، یان پێشبینی ئایندەی خۆی بۆ مولازم تەحسین دەکات:

- تەحسین، منیش، باوەڕم پێ بکە، هەرکە تۆ دەگەیتە لام، ئیتر وام لێ دێ بێز لە خۆم دەکەمەوە کاتێ بیر لەوە دەکەمەوە کە من بۆ سبەینەکەی یان

دووسـبـەی دەچم لە باوەشـی پیـاوێکی تردا خـۆم دەدۆزمـەوە. (ل٩-١٠) لە هەندێ شـوێنیـشـدا مـولازم تەحـسین باسـی ئایندەی پێـوەندی خـۆی لەگـەڵ ئەختـەردا دەکـا و داوای ئەوەی لـێ دەکـات کـە شـووی پـێ بکات و پێکەوە بۆ شاری بەغدا بچن. لەبارەی ئەو بابەتەوە، ئەختەر لە ڕێی مەنەلۆگ و دایەلۆگ، لەگەڵ خۆی و باجی بناری ژنی مامەندە مۆندا پێشبینیی دوارۆژی شووکردنی بە مولازم تەحسین بەم شێوەیەی خوارەوە دەکا و دەڵێ:

١- ئێستا دەڵێن: "ئەوەتا، قەزان قەپاغەکەی خۆی دۆزییەوە".

٢- پێشـمەرگە و جەمـاعەتی شـاخیش بەجنێو دەمـشـۆنەوە و دەڵێن: ئەوەتا دەرکەوت: "ئەختەرە قەحپەی قادرقوتوو جاسووس بوو!...".

٣- حیکایەتخوان دەڵێت: ئەختـەر هـەمـوو جـار بە باجی بناری ژنـی مـامـەندە مۆنی دەگوت:

- بەخوا دەشمکوژن. (ل٤٢-٣٣)

لەلایەکی ترەوە ئەختەر بەشیکردنەوەی خەونێکی خۆی، پێشبینی ئەوە دەکات کە لەوانەیە مەکتەبی سیاسی حزب فریوی ئەم و جوامێر بدەن. (ل١١٤).

## تێهەڵکێش (التظمین)

مەبەستمان لە تێهەڵکێش ئەوەیە، کۆمەڵێ بەسەرهات کە زیاتر پێوەندییان بە ژیانی هەندێ کارەکتەری لاوەکییەوە هەیە، تێـهەڵکێشی گێڕانەوەی حیکایەتە سـەرەکـیـیـەکـە بکرێت، بۆ ئـەوەی تەوژمی بـەرو پێش چوونی حـیکایـەتە سـەرەکییـەکە نەبێتـە هۆی بێزاری خوێنەران. هـەروەها ئەو جۆرە بەسـەرهـاتە کورتانە دەبنە مـایەی وروژاندنی حـەزی خـوێنەران بەهۆی وەسـتـانی زەمـەنی گێڕانەوەی حیکایەتە سـەرەکییەکەوە، بێجگە لەوەی بەگێڕانەوەی نۆرەیی ئەو کورتە بەسـەرهاتانە و حیکایـەتە سەرەکییەکە، ڕۆمانەکە لە ڕووی هـونەرییەوە زیاتر بەهـێز دەبێ و بـەخـێـرایی ڕووداوەکـانی بەسـەریەکدا تێـپـەڕ نابن، زوو کۆتاییان پێ نایەت.

ئەم جۆرە تەکنیکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زەمەنی حیکایەتە بنەڕەتییەکە درێژتر بێت، هەروەها لەڕووی هونەرییەوە گوتارەکە زیاتر لە داستان و حیکایەتی میللی دوور دەکەوێتەوە.

بەهۆی گێڕانەوەی حیکایەتی یەکەمەوە، زەمینە خۆش دەبێت بۆ سەرهەڵدان و پاشان گێڕانەوەی حیکایەتی دووەم، بەڵام ڕۆڵی حیکایەتی یەکەم وەکو «تۆدۆرۆف»[٢٧] دەڵێ: تەنیا ئەوەندە نییە، بەڵکو خاسیەتی هەردوو حیکایەتەکە لەوەدا بەدەردەکەوێت کە جیاوازی زنجیرەیی کاتەکانیان و ئەو هەڵوێستانەی کە وەسفی دەکەن، دەبنە مایەی ئەوەی نرخی دەرکەوتنیان زیاتر ببێت.

ئەم کورتە ڕۆمانە (نۆڤلێت) کۆمەڵێ لەو کورتە حیکایەتانەی تێهەڵکێش کراوە. هەندێکیان لە ڕێی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆوە ئەنجام دراون، واتە کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەیگێڕنەوە، هەندێکی تریان بەشێوەی فلاش باگ (هەڵگەڕانەوە) گێڕدراونەتەوە و پێوەندییان بە هەندێ کارەکتەرەوە هەیە کە لە نۆڤلێتەکەدا تەنیا ناویان هاتووە، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بە دەنگی خۆیان بەشداری لە گێڕانەوەی حیکایەتەکەدا بکەن. وەکو گێڕانەوەی:

أ- حیکایەتی (حەیدەر فەیلی) کە پێشمەرگە بووە و لەبەر تینووێتیی سێکسی، توخنی، جووانووەکەی «مام ڕەقیبی نانهێن» کەوتووە. (ل٨)

ئەم حیکایەتە لە ڕێی مەنەلۆگ و بیرهاتنەوەوە، لەلایەن جوامێرەوە بۆمان ئاشکرا کراوە و تێکەڵی شەپۆلی گێڕانەوەی حیکایەتە سەرەکییەکە بووە.

زەمەنی حیکایەتی دووەم، ڕابردووە و لە شێوەی ڕابردووشدا بۆ ئێمە گێڕدراوەتەوە.

ب- حیکایەتی بەسەرهاتی بنەماڵەکەی (ژن و کچەکانی) (حاکم نەریمان نەورۆڵی). ئەم حیکایەتەش (مولازم تەحسین) لە ڕێی مەنەلۆگ و بیرهاتنەوەوە بەهەمان شێوەی حیکایەتی لەوەوپێش بۆمانی گێڕاوەتەوە. (ل٧-٨). هەرچی پێوەندی بەگێڕانەوەی ڕاستەوخۆوە هەیە، دەبینین لەم نۆڤلێتەدا کۆمەڵێ کورتە حیکایەتی ترمان بەم شێوەیە بۆ باس کراوە.

ئەو کورتە حیکایەتانە، ڕاستەوخۆ بە دەنگی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە گێڕدراوەتەوە، وەکو:

١- بریندارکردنی «عادلی مونەززەمە» کە لەلایەن «ئارامی عەبەی دەللاک» و هاوڕێکانی لە هێزی پێشمەرگە، ئەنجام درابوو. (ل١٣).

٢- گرتنی «ئاکۆ ئارپیچی» و تیپە فیداییەکەی کە چووبوون پارێزگاری کەرکووک تیرۆر بکەن. (ل١٤) ئەو دوو کورتە حیکایەتە، لەلایەن (ئەختەر)ەوە ڕاستەوخۆ گێڕدراونەتەوە.

٣- حیکایەتی ئەو زەرەنگەرەی کە هاوڕێی سەلیم سەرپانی مێردی پوورە ڕەعنا بووە و هاتووە بۆ خوازبێنی (ئەختەر). (ل٦٤-٦٥). ئەم حیکایەتە ڕاستەوخۆ لەلایەن پوورە ڕەعناوە بۆ باجی بناری ژنی مامەندە مۆن گێڕدراوەتەوە.

٤- حیکایەتی ڕفاندنی «سالاری کوڕی حاجی مەولوودی بازرگان». (ل٧٨-٧٩). ئەم حیکایەتەش ڕاستەوخۆ لە ڕێی (نووسەر- حیکایەتخوانەوە) بۆمان باس کراوە.

## دووبارەکردنەوە

دووبارەکردنەوە وەکو توخمێک لە توخمەکانی هونەری گێڕانەوە، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ڕووداوێک لە چەند حیکایەتێکدا بەچەند شێوەیەک یان لەچەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە باس بکرێت، بەهۆی ئەم جۆرە دووبارە کردنەوەوە ئەوە دەردەکەوێت کە گێڕانەوەی جیاوازی ڕووداوێک دەبێتە هۆی دروستبوونی تێڕوانینی جیاواز لە بارەی یەک شت، یان یەک دیاردە. جیاوازی ئەو تێڕوانینانە چەمکی ڕێژەیی هەقیقەت دەگەیەنن کە لەوەوپێش ئاینشتاین ئەمەی لە تیۆرە ڕێژەییەکەی خۆیدا دووپات کردووەتەوە.

پرۆسەی دووبارە کردنەوە وەکو (تۆدۆرۆف)[٢٨] دەڵێت، بەم شێوانەی خوارەوە دێتە ئەنجام:

١– ڕووداوێک لەلایەن یەک کارەکتەرەوە چەند بارە بکرێتەوە.

٢– دووبارەکردنەوەی یەک ڕووداو لەلایەن چەند کارەکتەرێکەوە.

٣– گـێـڕانـەوەی ناکـۆکی یەک ڕووداو لـەلایەن کـارەکـتـەرێکەوە یان چەند کارەکتەرێک کە گومان لە ناوەڕۆکی ئەو ڕووداوە بکەن.

ئەگـەر تەمـاشـای ئەم نـۆڤلێـتـە بکـەین دەبینین هـەر لـە سـەرەتاوە کـۆمـەڵێ (گفتوگۆ) دووبارە کراونەتەوە. ئەو گفتوگۆیانە لە ڕووی شێوەی گوتنەوە هەتا ڕادەیەکی زۆر لەیەک دەچن، کەچی لە ناوەڕۆکیاندا کۆمەڵێ خاڵ لێکیان جیا دەکاتەوە و جیاوازی لەنێوانیاندا دروست دەکات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم مـەبەسـتـە هەوڵ دەدەین هـەندێ لایەنی ئەم گفـتـوگـۆیانە دەسـتـنیـشـان بکەین، بۆئـەوەی دواتر خـــاڵە هـاوبەش و جـــیـــاوازەکـــانیـــان دیاری بکـەین. بـۆ ئەم مـەبەسـتـەش پەنا دەبەینە بەر خـوێندنەوەی چەند لاپـەڕەیەک لە ژیانی ڕۆژانە و شەوانەی ئەختەر ژمارە (١). لە حیکایەتی یەکەمدا گفتوگۆ لە نێوان ئەختەر و مولازم تەحسین– دایە و بەم چەشنە دەس پێ دەکات:

* ئەخـتـەر پەرداخێک ئاو بەدەستی ڕاسـتـییـەوە، بەسـەر دەسـتی چەپیشـەوە پەپـوولەیەک هـاتە ژوورەوە و. دانوشـتـــایـەوە، پەرداخـــە ئاوەکـــەی دایـە دەست مولازم تەحسین، بەپێکەنینەوە گوتی:

(١) (ژیانی ڕۆژانەی ئەختەر)

هەمـان ئەو قـسـانەی کـە حـیکایەتخـوان لە سـەرەوە کـردوویەتی و بەوانە گـێـڕانەوەی ڕۆمـانەکـە دەست پێ دەکـات، لە خـوارەوە وەکـو خـۆیان دووبارە بوونەتەوە لەگەڵ گۆڕانی ناوی (تەحسین) بۆ ناوی (جوامێر).

(١) (ژیانی شەوانەی ئەختەر)

دوای ئەوەی حـیـکایەتخـوان بـەم قــســانەی ئـەخــتــەر دەمــانخــاتـە ناو ڕووداوەکانەوە. ئەختەر گوتی:

* تەحسین... تـەحسین ! لە حەوشـەکە خـەریک بوو لە کووپەکەوە پەرداخێک

ئاوت بۆ دەربهێنم ئەو پەپوولەیەت دیوە؟ هات هێدی هێدی لەسەر دەستم هەڵنیشت. دیوتە! پشت باڵەکانی، شین شین!

(١) (ژیانی ڕۆژانەی ئەختەر)

هەر ئەو قسانەی ئەختەر لە خوارەوە، بێ هیچ گۆڕانێک لەگەڵ جوامێردا دووبارە دەبێتەوە.

(١) (ژیانی شەوانەی ئەختەر)

بەم شێوەیە هەموو لاپەڕە سێ و بەشێکی زۆری لاپەڕە چوار وەکو خۆیان دووبارە دەبنەوە. دوای ئەوە بەگوێرەی جیاوازی پیشەی سیاسی و وەزیفی کارەکتەرەکان (مولازم تەحسین) و (جوامێری پێشمەرگە)، وەسفی ئەوان لەلایەن ئەختەرەوە بەم شێوەیە دەگۆڕێت:

١– «وەسفی مولازم تەحسین»:

*– تۆ لەم شارە بەقەد صەدام حوسێن دەستت دەڕوا. دەتوانیت دەست لەسەر هەر کچێک دابنێیت و نەڵێت «نا» کەچی لەناو هەموو کچانی ئەم شارە، هاتیت لەسەر دڵی من هەڵنیشتیت. (ل, ٤ دوا کۆپلە)– حیکایەتی سەرەوە.

٢– «وەسفی جوامێر»:

لەدوا کۆپلەی هەمان لاپەڕەدا، ئەختەر بەم جۆرە وەسفی جوامێر دەکات و دەڵێ:

*– لە هەموو سلێمانی تەنیا یەک (جوامێر) هەیە، ئەویش تۆی. هیچ کچێکی ئەم شارە نییە بە ئازایەتی و کەشخەییەتیەوە نەتناسێ. هەر چالاکییەکی پێشمەرگانە لەم شارە بکرێت، ئەگەر تۆش نەتکردبێت، چونکە زۆرتر تۆیان خۆش دەوێ، دەڵێن: "جوامێر بوو". هەرچۆنێک بێ، دەست لەسەر هەر کچێک دابنێیت، ناڵێت «نە» کەچی لەناو هەموو کچانی ئەم شارە، هاتیت لەسەر دڵی من هەڵنیشتیت عەینەن پەپوولەکە. (ل٤–٥) بەردەوامی حیکایەتی خوارەوە.

ئەگەر تەماشای ئەو دوو جۆرە وەسفە بکەین کە ئەختەر بۆ مولازم تەحسین و جوامێری کردووە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا هەیە، ئەگەرچی لەهەندێ بازنەدا لەیەک دەچن.

وەسفی مولازم تەحسین

١- تۆ لەم شارەدا - (ئاستی وشە)

٢- بەقەد سەدام حوسێن - (ئاستی لێکچوون)- (دەسەڵات)

٣- هاتیت لەسەر دڵی من هەڵنیشتیت - (ئاستی ڕستە - دەلالەت)

وەسفی جوامێر

١- لە هەموو سلێمانی - (ئاستی وشە - موبالەغە)

٢- تەنیا یەک «جوامێر» هەیە - (بێ وێنە - موبالەغە)

٣- ئازایەتی و کەشخەیەتی - (ئاستی ستایش)

٤- چالاکیی پێشمەرگایەتی - (دژایەتیکردنی دەسەڵات)

٥- چونکە تۆیان زۆر خۆش دەوێ - (هێمای خۆشەویستی )

٦- هاتیت لەسەر دڵی من هەڵنیشتیت، عەینەن پەپوولەکە - (ئاستی لێکچوون - هێمای خۆشەویستی)

دوای ئەو خاڵە جیاوازانە، جارێکی تر کۆمەڵە وشەیەک لەناو گفتوگۆی نێوان ئەختەر - مولازم تەحسین و ئەختەر - جوامێر لە ئاستی دوو گفتوگۆی دووبارەکراو لەناو حیکایەتی سەرەوە و خوارەوەدا بەم شێوەیە بەرچاومان دەکەوێت :

* مولازم تەحسین گوتی:

- نەوەڵا، عەینەن خۆت! (- واتا پەپوولەکە لە خۆت دەکا -)

ئەختەر پێکەنی

- چۆن؟

جوامێر گوتی: (ل٥- حیکایەتی خوارەوە)

هەتا ئێـرە هەردوو گفـتوگـۆکە بێـجگە لە ناوەکـان (تەحـسین – جـوامـێـر) دەقـاودەق لـەیەک دەچن و وەک یەک دووبارە بوونەتـەوە. پاشـان لە ڕێـی مـولازم تەحسین و جـوامـێـرەوە کاتێ کە وەسـفی خـۆیان دەکەن، جـارێکی تر دووبارە بوونـەوەکـە کـۆتـایی دێت و کـۆمـەڵێ سـیـفـاتی جـیـاواز کـە لـە نێـوان ئەو دووکارەکتەرەدا هەیە دێنە ناو گفتوگۆکەوە:

سیفاتەکانی مولازم تەحسین لە ڕوانگەی خۆیەوە

١– من عارەبم – (ئاستی نەتەوایەتی)

٢– بەعسیم – (ئاستی سیاسی)

٣– زابت ئەمنێکم – (ئاستی پیشەیی)

٤– منی جەللاد – (ئاستی ڕەوشتی ) – (ل٥– سەرەوە)

سیفاتەکانی جوامێر لە ڕوانگەی خۆیەوە

١– من پێشمەرگەم – (ئاستی سیاسی و پیشەیی و نەتەوەیی )

٢– هـەتا عومـرم ماوە هـەردەبێ بەم شاخـەوە بم، بێ ماڵ و حاڵ، سـەرسـەری – (وەسفی حاڵ)

٣– هـەتا هـەتایـە هـەردەبێ ڕاوی ئەو سـەرباز و زابتـە پێ پەتییـانە بکەم (ل٥– حـیکایەتی خـوارەوە ) (ل٦– حـیکایەتی خـوارەوە)– (ئاسـتی فـیکری و عەمەلی)

٤– من ویژدانم لە هـەمـوو ئـەو کـاتـەدا پێـم دەڵێ: «تۆ جـەللادیت»– (ئـاسـتی ڕەوشتی) (ل٧– حیکایەتی خوارەوە)

دوای ئەوە جـارێکی تر کۆمـەڵێ دیمەن و گفـتوگۆ وەکـو یەک بەم شـێـوەیە دووبارە دەبنەوە:

١– حیکایەتخوان دەڵێت:

ئەخـتـەر بازووی، تـا ژێربالّی ڕووت، لـە ملی مـولازم تەحـسـینی ئـالآند، بە

مەکرێکەوە تەماشای چاوی مولازم تەحسینی کرد:

ئمم! کەواتە پەپوولەکە منم؟ (ل٥-٥، حیکایەتی سەرەوە)

٢- ئەختەر، بازووی، تاژێر باڵی ڕووت، لە ملی جوامێری ئالاند بە مەکرێکەوە تەماشای چاوی جوامێری کرد:

- کەواتە پەپوولەکە منم؟ (ل٦- حیکایەتی خوارەوە)

ئیتر بەم شێوەیە ئەو دیاردەی دووبارەکردنەوەیە تا کۆتایی ئەم بەشە بەردەوام دەبێت. ئەو جیاوازییانەش کە لەم دیاردەیەدا بەدەرکەوتووە، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ جیاوازی دەنگ و زمان و پیشە و ئاستی فیکری و ئینتیمای سیاسی و نەتەوەیی و جیاوازی ڕەوشتی و هەڵوێستی کارەکتەرەکانی ناو نۆڤلێتەکە دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی هەر هەموویان لە نووسەرەوە دەس پێ دەکەن و دواییش هەر بۆ ئەو دەگەڕێنەوە و لە پانتایی دەقەکەشدا بەویستی ئەو دەجووڵێنەوە و ملکەچی ئیرادەی ستەمگەرانەی ئەون و لە هەموو شوێنێکدا چاوەڕێی ئیشارەتی ئەون بۆ ئەوەی بدوێن و بجووڵێنەوە. ئەم بۆچوونەی ئێمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە (نووسەر-حیکایەتخوان) لەناو هەموو دەقەکەدا بەئاشکرا لایەنگیری ئەختەر دەکا و لەپێناوی ئەویشدا هەموو یارییە هونەرییەکەی بەجۆرێک ئەنجام داوە کە ئەو کارەکتەرە وەکو هێمایەک بۆ ئافرەتی بێ تاوانی گاڵتە پێ کراو پیشان بدات. لە کۆتایی نوڤلێتەکەدا (جوامێر) کوژراوە و ئەویش بەگرتن دراوە، ئەم جۆرە کۆتاییەش بۆ ئەوەیە کە بەتەواوەتی ئەوە ڕوون ببێتەوە کە ئەم ئافرەتە یەکێکە لە قوربانییەکانی ئەو جۆرە ڕەوشتە ناڕەوایانە و لە هەمان کاتدا نوێنەری دەنگی سەدان ئافرەتی ترە کە لەو سەردەمەدا تووشی هەمان چارەنووس بوونە. ئەم جۆرە کۆتاییانەش لەناو ڕۆمانی تەقلیدا باوە، چونکە بەگوێرەی ئەو لۆجیکە، بازنەکانی ڕۆمانەکە ڕێکخراون و پێوەندی نێوانیان بنیات نراوە، ئەگەرچی خاوەنی ئەم نۆڤلێتە هەوڵی داوە لە ڕێی کەرتکردنی بڕبڕەکانی گێڕانەوەوە ئەو لۆجیکە بشارێتەوە.

## بۆشاییە سپییەکان و کەرتکردنی گێڕانەوە

لە رووی گێڕانەوەوە، ئەم تەکنیکە بەنوێترین تەکنیک دادەنرێت لە رۆمانی کوردیدا، چونکە لەوەوپێش هیچ رۆماننووسێکی کورد، ئەم جۆرە تەکنیکەی بەکار نەهێناوە.

نووسەری ئەم کورتە رۆمانە، دوو حیکایەتمان لە یەک کاتدا بۆ دەگێڕێتەوە، حیکایەتی یەکەم بۆ دوو بەش دابەش کراوە. ئەو دوو بەشە ئەمانەن:

(أ) رۆژانەی ژیانی ئەختەر: ئەم بەشە کراوە بەچوار بەشەوە و هەر بەشێکی ژمارەیەکی بۆ دانراوە: (٤، ٣، ٢، ١). ئەم بەشە لەرووی رووبەری دەقەوە، خراوەتە بەشی سەرەوەی لاپەڕەکان.

(ب) شەوانەی ژیانی ئەختەر: ئەمیشیان، بەهەمان شێوەی یەکەم دابەش کراوە، بەڵام لە خوارەوەی لاپەڕەکان دانراوە واتا نووسەر، لاپەڕەکانی نوڤلێتەکەی، لە ناوەڕاستەوە، کردووە بەدوو بەشەوە بەهێڵێکی ڕاست لێکیانی جیاکردووەتەوە. کۆی یەکەکانی ئەم بەشە پێکەوە، دەکاتە هەشت یەکەی گێڕاوە. لەلاپەڕە (٣)وە دەست پێ دەکات و لەلاپەڕە (٦٠)دا کۆتایی دێت .

لەناو لاپەڕەکانی ئەم بەشەدا، لەلاپەڕە (٥٦)ەوە، بازدان هەیە بۆ لاپەڕە (٧٩–٨٠). لاپەڕە (٥٧، ٥٨) دیار نییە و لە هیچ شوێنێکی تر چاومان پێ ناکەوێت. پاشان لەلاپەڕە (٥٩)ەوە بۆ لاپەڕە (٨٠) گێڕانەوە بەردەوام دەبێت، واتا لەناو ئەو لاپەڕانەدا دوو ڕەوتی گێڕانەوەمان بەرچاو دەکەوێت. یەکەمیان ڕەوتی بەرزبوونەوەیە و دووەمیان ڕەوتی دابەزینە. زەمەنەکانیشیان بەهەمان شێوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە (ئێستا – ڕابردوو) و لە خوارەوە بۆ سەرەوە (ڕابردوو – ئێستا) تێدەپەڕێت.

لەم کورتە ڕۆمانەدا، لە خاڵێکی دوای دەستپێکردن، گێڕانەوە، دەست پێ

دەکات، بە واتایەکی تر ئەوەی ل مسەرەتادا دەیخوێنیتەوە، لە ڕووی زەمەنی گێڕانەوەوە، خاڵی سەرەتا و دەستپێکردنی حیکایەتی ئەم نۆڤلێتە نییە! بگرە دوای ئەو زەمەنە کەوتووە و ئەوەمان بۆ دەردەخات کە (ئەختەر– جوامێر) و (ئەختەر – تەحسین) بە گوێرەی دابەشکردنی حیکایەتەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە، پێکەوە قسە دەکەن و یەکتر دەناسن و پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. (لێرەدا مەبەستم لەوە نییە کە جوامێر و تەحسین یەکتریان ناسیوە و پێوەندییان پێکەوە هەبووە)، کەچی لە ڕاستیدا وەکو لە پوختەی ئەم حیکایەتەدا ڕوونمان کردووەتەوە، سەرەتا تەنیا (ئەختەر و جوامێر) یەک دەناسن. دواتر، پاش ئەوەی جوامێر هەڵدێ و ڕوودەکاتە شاخ و دوای ئەوەی (ست نیهایەت) ڕاپۆرت لە (ئەختەر) دەنووسێت، ئەوسا (مولازم تەحسین) بۆ پشکنین دەچێتە ماڵی ئەختەر و لەوێ یەکتر دەناسن و پێوەندی پێکەوە دەبەستن. مەبەستم لەم شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە کە زەمەنی گێڕانەوەی ئەم کورتە ڕۆمانە، زەمەنێکی مێژوویی نییە کە تەنیا یەک مەودای هەبێ و لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و ئینجا بەرەو ئاینده بچێت. هەروەها زەمەنی گێڕانەوەکەی هاوتەریبی زەمەنی حیکایەتەکە نییە، بگرە مەودای هەیە و بەهۆی دووبارەکردنەوە و کورتکردنەوە و لابردن و بازدان و برینەوە، ئەو مەودایانە ڕێچکەی جیاوازییان وەرگرتووە.

لەم نۆڤلێتەدا، جەستەی حیکایەت بەچەند شێوە کەرت کراوە و پاشان لەئاستی بنیاتی گوتاردا بەشێوەیەکی هونەریی جیاواز، دامەزراوەتەوە. ئەمەش خوێنەر ناچار دەکات کە بەدوای بڕبڕە سەرەکییەکانی حیکایەتەکەدا بگەڕێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر، بنیاتی بنێتەوە.

ئەم بەشە بەدایەلۆگێکی درێژ لەنێوان پوورە ڕەعنا و باجی بناردا کۆتایی دێت، کە نۆ لاپەڕە دەگرێتەوە (ل٦١–٧٠). ئەو دایەلۆگەش زۆربەی لە بارەی پێوەندی نێوان ئەختەر و مولازم تەحسین و جوامێرە.

بەشی دووەمی ئەم نۆڤلێتە، لە ڕووی گێڕانەوەوە، بەهەمان شێوەی بەشی یەکەم بەسەر (١٠)یەکەدا، دابەش کراوە. پێنجیان بەناوی (ڕۆژانەی ژیانی

مــولازم تـەحـــسین)ەوەیە و پێنجـــەکـــەی تریان بـەناوی (ژیـانی شـــەوانـەی جوامێرە)ەوەیە، واتا ئەم بەشە دوو یەکەی لە بەشی یەکەم زیاترە.

ئەم بەشـە لە (ل٧١)ەوە دەس پێ دەکات و لەلاپەڕە (١٢٣) کۆتایی دێت. ئەم بەشـــەش بەدیالۆگــێکی درێژ تەواو دەبێت کـە لە لاپەڕە (١٢٥)ەوە تـا لاپەرە (١٣٣) درێژە دەکێشێت. ئەم دیالۆگە یەک لایەنییە و تەنیا باجی بنار قسە دەکـــا و بەدوور و درێژی باسی دوا شـــەوی ئـەم حــیکایەتە بـۆ پوورە ڕەعنا دەگێڕێتەوە.

ئەم بەشـەش وەکو بەشی یەکەم، بەسـەر دوو بەشـدا (سـەر و خـوار) دابەش کراوە و ڕۆژانەی مـولازم تەحسین خراوەتە سـەرەوە و شەوانەی جوامێریش لە ژێرەوە دانـراوە و هـەردوو حــیکایەتـەکــەش بەهـێــڵــێکـی ڕاست لێک جــیــا کراونەتەوە.

لەناو لاپەڕەکانی ئەم کورتـە ڕۆمـانەدا، کۆمـەڵێ بۆشـایی سـپیـمـان بەرچاو دەکەوێت. ئەو بۆشـاییـیـانە، هـەندێکیـان لەسـەرەوە و هەندێکیان کـەوتوونەتە خـوارەوەی لاپەڕەکان. ژمـارەی ئەو بۆشـاییـیانـە (٥٢) دانە دەبێت. هەندێکیـان بەشـێوەی زنجیرەیی بەدوای یەکدا دێن و هـەندێکی تریان تەنیا، لە بەشـێکی نێـوان ئەو چوار بەشــەدایە و هەندێکی تریان (٣١) نیـوەی بەشـێک (نیـوەی لاپەڕەیەک) پێک دەهێـنن. گـرینگیی ئـەو بۆشـــاییـــیـــانە، لە ڕووی هـونەری گێڕانەوەوە ئەمانەیە:

(١) بۆ کورتکردنەوە و خۆ ڕزگارکردنە لە هەندێ ڕووداو کە دووبارە دەبنەوە و دەبێ خوێنەر بەخۆی بیانزانێت.

(٢) هەندێکیان بۆ ئەوەیە کە خوێنەر بەخۆی پڕیان بکاتەوە.

(٣) هەندێکی تریان ڕۆڵی وەستانی ڕێڕەوی ڕووداوەکان دەگێڕن.

(٤) هەندێکی تـریان گێڕانەوەی ڕووداوەکانیـان بۆ لاپـەڕەی تر گـوێزراوەتەوە. وەکو بۆشـایی سـەرەوەی لاپەڕە (٦٥) کە لە بەشی سـەرەوەی لاپەڕە (٧٨) تەواو کراوە.

## بینای زەمەن

ئەگـەرچی لەڕووی فـەلسـەفـەییـیـەوە، ناکـرێت زەمـان و شـوێن لـە یەک جیابکرێنەوە، بەڵام ئێمـە لێرەدا بۆ مەبەستی شیکردنەوەی بنیـاتی زەمەن لەم دەقـەدا بەشێوەیەکی سـەربەخۆ باسی چەمکی زەمـەن دەکەین و وەکو بەشێک لەبنیاتی گێڕانەوە تەماشای دەکەین.

زەمەنی ئەم کورتە ڕۆمانە دەکرێ بەدوو بەشەوە کە ئەمانەن:

(١) زەمەنی حیکایەت.

(٢) زەمەنی گێڕانەوە، یان گوتار .

مەبەستمان لە زەمەنی حیکایەت، ئەو زەمەنەیە، کە دەبێت ڕووداوەکانی لە ئاسـتی حـیکایەتەکـەدا ڕووی دابێت . ئەو زەمـەنە، بەزەمـەنێکی دەرەکی دادەنرێت. ئەمـەش مانای ئەوە ناگـەیەنێت کە ئەو زەمـەنە کاریگەریی لەسـەر زەمـەنی ناوەوە نییـە، بەڵکو بەپێـچەوانەوە دەبێتـە چوارچێوەی ئەم زەمـەنە و مۆرکی بەسـەرەوە دەمێنێ. ئەگەر زەمەنی حیکایەت خەسڵەتی مێژوویی هەبێ و بەوە ناسرابێت کە یەک مەودای هەیە، دەبینین زەمـەنی دووەم فرە مەوداییـیە و لە ڕووی کورتی و درێژییەوە جیاوازیی لەگەڵ زەمەنی یەکەمدا هەیە.

زەمەنی حیکایەت: لەم کورتە ڕۆمانەدا ئەمانەن :

(١) (١٩٥٤)، سـاڵی لەدایکبـوونی (ئاراس بابەکـر)ە کـە لەناو دەقـەکـەدا، بەجوامێر زیاتر ناسراوە.

(٢) (١٩٧٤)، ئەو ساڵەیە کە ئاراس قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە.

(٣) (١٩٧٩)، ئەو سـاڵەیە کـە ئاراس کۆلێجی کشـتـوکاڵی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە.

(٤) (١٩٨٥)، ئەو ساڵەیە، کە ئاراس هەڕا دەکا و دەبێتە پێشمەرگە .

ڕووداوەکانی ئەو سـاڵانە دەورێکی گرینگیـان لە دامـەزراندنی کەسـایەتیی

ئاراس–دا هەبووە و هەروەها بنیاتی فیکری و ڕەوشتی و سیاسیی ئەویان ساز داوە و دەوری سەرەکییان لە دیاریکردنی دوا ڕۆژی ئەم کارەکتەرەدا گێڕاوە.

زەمەنی گێڕانەوە یان گوتار: ئەم زەمەنەش بە خوێندنەوەی کورتە ڕۆمانەکە بەدەردەکەوێت و هونەری کورتکردنەوە و دووبارەکردنەوە و لابردن و بازدان و بڕین، دەوری سەرەکییان لە بیناسازیی ئەودا دەبێت، بەهۆی ئەمانیشەوە لە زەمەنی یەکەم جیادەکرێتەوە. (٣٠) ساڵی (١٩٨٥)، بە ساڵی دەسپێکردنی ڕووداوەکان دادەنرێت، چونکە لەم زەمەنەوە، ئیتر (ئاراس بابەکر عەبدولحەمید) بەرزنجی، دەبێت بە پێشمەرگە و ناوی (جوامێر) دەبێ بەناوی نهێنیی ئەو و لەناو دەقەکەدا بەو ناوە دەناسرێتەوە.

لە دوای ئەو زەمەنەوە، بەنهێنی دێتە ناو شارەوە و دەس دەکات بە چالاکیی سەربازی و سیاسی و هەروەها بەنهێنییەوە سەردانی ئەختەر دەکات. بێجگە لەوەی کە لە دوای ئەو زەمەنەوە ڕووداوەکانی ناو (حیکایەتەکە) دروست دەبن و بەرەو پێش (لە هەمان ئاستدا) پەرە دەسێنن و بەرەو کۆتا دەچن ئەگەرچی حیکایەتخوان بە کۆمەڵێ تەکنیکی گێڕانەوە ئەو ڕووداوانە پاش و پێش دەکا و کۆتاییەکان دوا دەخات .

بەشێوەیەکی گشتی، زەمەنی گێڕانەوە، لەم کورتە ڕۆمانەدا دەکرێن بەم بەشانەوە:

(١) زەمەنی ڕابردوو.
(٢) زەمەنی ئێستا.
(٣) زەمەنی ئایندە.

زەمەنی ڕابردوو و، ئێستا

لەم نۆڤلێتەدا زەمەنی ڕابردوو و، ئێستا زۆر جار دووبارە دەبنەوە. بە ڕادەیەک دەبینین لە کۆپلەیەکدا هەردوو زەمەنەکە پێکەوە دێن، ئەم دیاردەیەش

ئەوەمـان بۆ دەردەخـات کـە زەمـەنەکـان لێک دانەبـڕاون، بگرە هـەریەکـە لەوانە بەردەوامی بە ئەوی تر دەدا و لە هەموو ئێستایەکدا ڕابردوویەک ڕاکێشراوە و هـەمـوو ئێسـتـایەکیش بـەرەو ڕابردوو دەچێت، ئەگـەرچی مـرۆڤ هـەست بەوە ناکات و وادەزانێت هـەمیشە لە ئێستادا دەژێت. لەبەرئەوەی ئەم کورتە ڕۆمانە لەسـەر بناغـەی ڕابردوو دامـەزراوە، بۆیە دەبینین، کردارەکانی ڕابردوو، وێنەی کردارەکانی ئێستا نەخش دەکەن و بەرەو ئەو ئاقارەی دەبەن کە ئەو ڕابردووە زەمینەی بۆ خۆش کردووە.

زەمەنی ئێستا و ڕابردوو لەم دەقەدا بە جۆرێک دامـەزراون کە هـەریەکێکیان ببێـتـە جـەمسـەرێکی ئەو هـاوکێـشـەیە کە هـەردوو لایان پێکـەوە دەبەسـتێت و دەیانخـاتە یەک ئاسـتـەوە بۆ دیاریکردنی شـێـوە کـردارەکـانی ئێـسـتـا و دوا ئاکامیان لە ئایندەدا.

لەبەرئەوەی جوامێر لە ڕابردوودا کـارەکتەرێکی مـێباز و حەز بە سیـاسەت بووە، لە ئێـسـتـاشـدا، هـەمـان ئەو کرداراـنە دەنوێنێ و ئەمـانەش لە ئایندەدا چارەنووسی دیاری دەکـەن. هـەروەها ئەختـەریش لە ڕابردوودا کـارەکتـەرێکی فـێڵ لێ کـراو بووە و لە ئێـسـتـاشـدا بەهەمـان شـێوە فـێـڵی لێ دەکـرێ و لە ئایندەشدا دەبێـتـە قـوربانیی ئەو فـێڵ لێکردنە. ئەگـەر تەمـاشـای ڕابردووی (مولازم تەحسین)یش بکەین، دەبینین ئەو کەسە جەللادە لەئێستاشدا هەمان دەور دەگێڕێ و لە ئایندەشدا هـەر ئەو دەوری پێ ڕاسـپێردراوە و بێ دوودڵی ئەنجامی دەدات.

نووسـەر لە ڕوانگەی ئێستاوە، تەماشای ڕووداوەکانی ڕابردووی کردووە و لەسـەر بناغـەی فیکریی ئێستای ئەو دیاردانـەی هـەڵسـەنگاندووە. هـەروەها لە دایەلۆگـەکـاندا، زەمـەنی ئێـسـتـا خـۆی دەنوێنێ و دەبینین کـارەکـتـەرەکـان بەشێوەی کاتی ئێستا ئاخاوتن دەکەن، بۆ نموونە مولازم تەحسین دەڵێ:

– من عارەبم، بەعسیم، زابت ئەمنێکم، وەک خۆتان دەڵێن «پیسترین زابت ئەمنی ئەم شارەم».

لەم گفتوگۆیەدا ڕاناوی (من)ی کەسی یەکەمی تاک دەوری ئەوەی گێڕاوە و کە کرداری ئاخاوتنەکە لە شێوەی کاتی ئێستادا ئەنجام بدرێت.

هەندێ جار لە ڕێی حیکایەتخوانەوە بۆ زەمەنی ڕابردووی کارەکتەرەکان دەگەڕێینەوە، بۆ نموونە لە (ل١٣ – ١٤)دا، حیکایەتخوانی گشتزان لە ڕێی (مەنەلۆگی ئاشکراوە)[٣١] بەم کارە هەڵساوە و باسی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن ئەختەر لە ناوەوەی خۆیدا بیر لەوە دەکاتەوە کە بە چی شێوەیەک جوامێری ناسیوە و بووە بە فەرمانبەری ئەو و پاشان چۆن دڵیان لە یەک چووە، بەڵام ناوێرێ لای مولازم تەحسین ئەم دەنگوباسە ئاشکرا بکات. جاری واش هەیە لە ڕێی دایەلۆگەوە بۆ زەمەنی ڕابردوو دەگەڕێینەوە و کۆمەڵێ زانیاریمان لەبارەی ژیانی ڕابردووی کارەکتەرەکانەوە دەست دەکەوێت. وەکو ئەو دایەلۆگەی نێوان باجی بنار و پوورە ڕەعنا کە تایبەتە بەڕابردووی یەکتر ناسینی (ئەختەر و جوامێر)، باجی بنار دەڵێ:

– جوامێر لە دائیرەی زراعە، مودیری بووە و حەزی لێ کردووە، نا، نا، جوامێر حەزی لە ئەختەر کردووە. حەزی لێ کردووە و لە کۆتاییدا ڕۆژێک بردوویەتیە ماڵەوە و هەر لەوێ ئیشی خۆی لەگەڵ کردووە. (ل٦٢)

ئەم دایەلۆگە ئەگەرچی لە کاتی ئێستادا ئەنجامدراوە، بەڵام باسی ڕابردووی تێدا کراوە، بۆیە شێوەی فرمانی ڕابردووی (مودیری بووە، حەزی لێ کردووە، بردوویەتیە ماڵەوە، ئیشی خۆی لەگەڵ کردووە) بەسەردا زاڵە.

هەروەها لە ڕێی هونەری تێهەڵکێشەوە بۆ زەمەنی ڕابردوو دەگەڕێینەوە. ئەو ڕابردووە پێوەندیی بە ژیانی هەندێ کارەکتەرەوە هەیە کە لەم دەقەدا تەنیا ناویان هاتووە، بەڵام بەسەرهاتەکەیان لە ڕێی چەند کارەکتەرێکی ترەوە بۆ ئێمە باس کراوە، وەکو ئەو بەسەرهاتە کە لەم دایەلۆگەدا باس کراوە:

– ئەدی! وەکو کوڕەکەی ماڵی «دکتۆر شەوکەتی عەمەلیات» ساڵی پێرار، بەبیرت دێ: ئەویش کچەکەی «سەعەکەری حەمامچی»ی کردە ژن و پاشان، بۆ ئەوەی لەدەستی قوتاربێت، لێیدا چوو بووە پێشمەرگە. (ل٦٧)

بەخوێندنەوەی ئەم حیکایەتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە حیکایەتی یەکەم (واتا حیکایەتی سەرەکی) ڕێی بۆ گێڕانەوەی ئەویان خۆش کردووە. ڕووی لێکچوونی نێوان هەردوو حیکایەتەکەش گێڕانەوەی ئەو کورتە حیکایەتەی ئاسان کردووە و دەرفەتی پێ داوە کە لەم دەقەدا باسی ئەویش بکرێت.

گێڕانەوەی ئەم وردە حیکایەتانە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ڕێڕەوی زەمەنی گێڕانەوە سەرەکییەکە بشکێت و بەڕووی زەمەنەکانی تردا بکرێتەوە.[٣٢]

لەم حیکایەتە کورتەدا «بیرهێنانەوە» ئەو دەورەی گێڕاوە و بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێڕەوی گفتوگۆکە بەرەو ڕابردوو بچێت و ئەو ڕووداوەمان بۆ بگێڕێتەوە کە لەو کاتەدا ڕووی داوە. لەلایەکی ترەوە بە گێڕانەوەی ئەو کورتە حیکایەتە، کە تێهەڵکێشی شەپۆلی گێڕانەوەی حیکایەتە سەرەکییەکە کراوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە دواییدا، جوامێر، ئەختەر ناخوازێت. واتە ئەم کورتە حیکایەتە لێرەدا دەوری (ئیرصاد)ی گێڕاوە.

نووسەری ئەم دەقە کە لە هەندێ شوێندا پەنای بۆ (کورتکردنەوە) بردووە، دەبینین لە هەندێ شوێنی تردا، دیمەن (مشهد)ی بەکارهێناوە. دیمەنیش بەجۆرێ لە جۆرەکانی هونەری گێڕانەوەی حیکایەت دادەنرێت، کە لەگەڵ کورتکردنەوەدا دژ بەیەکن. لە دیمەندا ڕووداوەکان بەهەموو وردەکاری و مەودایەکەوە بەدوای یەکدا ریز دەبن و ڕووداوەکانی ناو ئەم دیمەنە بنەڕەتین و دەرخستنیان سیفەتێکی دامەزرێنەرانەی لە ڕێڕەوی حیکایەتەکەدا هەیە.[٣٣]

ئەم هونەرە، دەورێکی گرینگی هەیە لە درێژکردنەوەی زەمەنی گێڕانەوە و دواخستنی کۆتایی ڕووداوەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خێرایی تەوژمی گێڕانەوە هێور ببێتەوە و بەخێرایی تێنەپەڕێ. لەم حاڵەتەشدا کاریگەری دەقەکە لەسەر باری دەروونی خوێنەر زیاتر دەبێ و بەتەواوەتی سەرنجی بۆ ناو ڕووداوەکان ڕادەکێشرێ و زیاتر ئارەزووی لەوە دەبێت کە بەزووترین کات بزانێت دوا ئەنجامی ڕووداوەکان چۆن دەبن.

ئەم هونەرە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لەناو ئەم دەقەدا بەکار هێنراوە.

لەساتە کۆتاییەکانی دەقەکەدا، باجی بنار کە باسی دواشەوی ژیانی جوامێر بۆ پوورە ڕەعنا دەگێڕێتەوە، بەجارێک هەست و هۆشی خوێنەر بۆ ناو ماڵی ئەختەر ڕادەکێشێ و وای لێ دەکات کە ئەمیش وەکو بینەرێک دواساتەکانی ئەو ڕووداوە بەچاوی خەیاڵ ببینێ. هەندێ جار باسی دەمەتەقێی نێوان خۆی و مێردەکەی دەکات. هەندێ جار باسی مولازم تەحسین و هێزە تایبەتییەکەی ئەو دەکات کە لە ماڵی ئەختەردا بۆسەیان بۆ جوامێر ناوەتەوە. لە هەندێ ساتدا سەرنجمان بۆ پەشۆکاویی ئەختەر و چپەدووی نێوان ئەو و مولازم تەحسین ڕادەکێشێت. پاشان هەنگاو بە هەنگاو، لەگەڵ لێدانی دەرگا و هاتنەژوورەوەی جوامێر و گرتنی ئەو و بیستنی دەنگی خنکان و بەربوونەوەی جەستەی کارەکتەرێکدا، ئەوەمان بۆ باس دەکات کە چۆن جەللادەکان، جوامێریان لەت لەت کردووە و ئەختەریش بە حەپەساوییەوە دەگری و قژی خۆی دەڕنێ و لە ڕووی خۆی دەدات. باسی ئەم دیمەنە هەشت لاپەڕە دەخایەنێ. لەلاپەڕە (١٢٥)ەوە دەس پێ دەکات و لە لاپەڕە (١٣٣) کۆتایی دێت، کەچی لە ڕووی زەمەنەوە تەنیا چەند ساتێک لە شەوی دووشەممە لەسەر سێشەممە دەگرێتەوە.

## کورتکردنەوە

هەندێ جار نووسەری چیرۆک، یان ڕۆمان بۆ ئەوەی خۆیان لەباسکردنی هەموو شتێک ڕزگار بکەن کە ئەمەش لە هیچ نووسینێکدا بەدی نایەت، پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی هونەری (کورتکردنەوە). بەهۆی ئەم هونەرەوە نووسەر دەتوانێت، کۆمەڵێ ڕووداو بگێڕێتەوە و دەس لە کۆمەڵێکی تر هەڵبگرێت. هەروەها بەهۆی ئەم هونەرەوە زەمەنی گێڕانەوە لە زەمەنی (حیکایەت) کورتتر دەکرێتەوە، چونکە نووسەر وەک ئەوەی کە بۆی هەیە ڕووداوەکانی چەند ساتێک لەچەند لاپەڕەیەکدا بگێڕێتەوە، بەهەمان شێوە بۆی هەیە ڕووداوی چەند ساڵ و مانگ و هەفتەیەک، لەیەک ڕستەدا کۆبکاتەوە. بەم شێوەیە جیاوازی لە نێوان زەمەنی حیکایەت و زەمەنی

گوتاردا دروست دەبێت.

ئەم هونەرە وەکو لەوەوپێش باسمان کرد بە پێچەوانەی هونەری دیمەنە (مشـهـد)ەوەیە، چونکە ئەگەر لە دیمەندا زۆر بایەخ بە وردەکاری رووداو و ڕیزکردنی مەوداکانی بدرێت، ئەوا لە کورتکردنەوەدا بەخێرایی بەسەر ئەو رووداوانەدا تێ دەپەڕین و ناوەڕۆکەکانیان کورت و چڕ دەکەینەوە. بە واتایەکی تر لە کورتکردنەوەدا بەهای رووداوەکان لاوەکین و سیفەتی بێبەری و شیکارییان دەبێت.[٣٤]

لەم کورتە رۆمانەدا، نووسەر لەگەلێ شوێندا ئەم هونەرەی بەکار هێناوە. بۆ ئەنجامدانیشی پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی کۆمەڵێ لەم وشانە: (هەموو جار، جار بەجار، دەیان نیوەڕۆ، دەیان شەو، هەمیشە، چەند مانگێ، چەند ساڵێ، و... هتد). ئەم وشە و دەستەواژانە لەناو ئەم دەقەدا، دەوری کورتکردنەوەیان گێڕاوە و لە رووی رووداوەوە بوونەتە هۆی دروستبوونی کەلێن، ئەگەرچی هەندێ جار ئەو کەلێنانە لە لاپەڕەی تردا پڕ کراونەتەوە. وەکو ئەو کەلێنەی کە پێوەندیی بە رووداوی یان بەسەرهاتی فڕاندنی (سالاری کوڕی حاجی مەولوودی) بازرگانەوە هەیە، چونکە شوێنی ئەو رووداوە لە لاپەڕە (٥٦) دا بە بەتاڵی ماوەتەوە و لەلاپەڕە (٧٩)دا تەنیا وشەی (نادەینەوە) چاپ کراوە. پاشان ئەو رووداوە لە لاپەڕە (٧٨) و (٧٩) بە تەواوی گێڕدراوەتەوە.

هەروەها لە هەندێ شوێن، نووسەر، هەندێ نیوە لاپەڕەی لەسەرەوە و خوارەوەی لاپەڕەکاندا بە بەتاڵی بەجێ هێشتووە کە دەبێت خوێنەر بەخۆی ئەو شوێنە بەتاڵانە پڕ بکاتەوە. ئەو لاپەڕە و نیو لاپەڕە بەتاڵانە، جۆرێکی ترن، لە جۆرەکانی کورتکردنەوە، کە تاکو ئێستا، لە رۆمانی کوردیدا ئەو تەکنیکە، بەکار نەهاتووە.

هەرچی پێوەندیی بە جۆرەکەی تری کورتکردنەوەوە هەیە کە لەوەوپێش ئاماژەم بۆ کردووە، ئەوا ئەم جۆرەیان لەناو رۆمان و حیکایەتی کوردیدا باوە و گەلێ نووسەری کورد بەکاریان هێناوە.

لەم کورتە ڕۆمانەدا بەم شێوەیەی خوارەوە ئەو جۆرەیان بەکار هاتووە:

١- ئەختەر هەموو جار وای بە «باجی بناری ژنی مامەندە مۆن» دەگوت. (ل٢٠)

٢- ئەختەر لە وەڵامی مولازم تەحسیندا دەڵێت:

- جار بەجار خوشکەزاکانم دێنە لام. (ل٢١)

٣- حیکایەتخوان دەڵێت:

«باجی بناری ژنی مامەندە مۆن، ژنێکی دەم بەهاوار، هەموو جار لە کاتی گێڕانەوەی ئەم حیکایەتەدا، بۆ دڵدانەوە و خستنە پێکەنین، بە ئەختەری دەگوت...»(٣٥) (ل٢٤-٢٥)

٤- ئەختەر ئەو نیوەڕۆیە، وەک دەیان نیوەڕۆی تر، دەعوەتی مولازم تەحسینی کردبوو:

کفتەی سابوونکەرانی بۆ لێ نابوو. (ل٣٢)

٥- «ئەختەر ئەو شەوە وەک دەیان شەوی دیکە، دەبوایە دانیشێت ڕاپۆرتی تایبەتی خۆی بنووسێت». (ل٣٩)

لەو پێنج نموونەیەدا هەرچی ڕووداوێک کە دەکەوێتە نێوان ئەم ماوانە، کە لەوێدا ئاماژەیان بۆ کراوە، نووسەر، بەخێرایی، بەسەریاندا تێپەڕیوە، بێ ئەوەی بایەخ بە ناوەڕۆکی ڕووداوەکان و وردەکاریی ئەو ڕووداوانە بدات.

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- تەکنیکی گێڕانەوە، لەم کورتە ڕۆمانەدا، لەڕووی نوێگەری و تەقلیدییەوە، دەکرێت بە دوو جۆرەوە. جۆرێکیان دەچێتە خانەی یەکەمەوە و جۆری دووەمیان دەچێتە خانەی دووەمەوە. واتا نووسەر بەتەواوەتی نەیتوانیوە دەسبەرداری تەکنیکی تەقلیدی ببێ.

٢- نووســەر، بەقـەد ئەوەی سـەرقـاڵی چۆنیـەتیی گـێـڕانەوە بـووە، ئەوەندەش بایەخی بەناوەڕۆکی حیکایەتەکەی داوە. بەهۆی ئەمەشەوە، شـێوازی کۆن و نوێ، لەم دەقەدا بوونە بەهاوشانی یەکتر.

٣- ئەگــەرچی نووســـەری ئەم دەقـــە پەنای بردووەتە بەر هەڵوەشـــانەوەی جەسـتـەی حیکایەت، بەڵام نەیتوانیوە کۆتایی بەچەمکی پاڵەوان بهێنێ، چونکە لە ســەرجـەم دەقـەکـەدا (ئەخـتــەر) بووەتە تەوەری ســەرەکـیی ڕووداوەکـان و ڕووداوەکـانیش وەکـو بازنە بە دەوری ئەودا دەخـولێنەوە. هۆی ســەرەکـیی ئەم دیاردەیەش لەوەوە ســەری هەڵداوە کـە نووســەر- حیکایەتخوان، هاوسۆزی ئەو کارەکتەرەن و پشتگیریی لێ دەکەن.

٤- هیچ پانتاییەک، نووسەری ئەم دەقە، لە حیکایەتخوانەکەی جیاناکاتەوە، بۆیە حـیکایەتخـوان بـووە بەدەنگی نووســەر و لەناو دەقـەکـەدا دەوری ئەو دەگێڕێت.

٥- حیکایەتخـوانی ئەم دەقە، بە حـیکایەتخـوانی هەمـوو شـتـزان دادەنرێت، چونکە لە هـەمـــوو شــوێنێکی دەقـــەکـــەدا ئامـــادەیە و زانیـــاریی لە کارەکتەرەکان زیاترە. بەمەش بووە بە حیکایەتخوانێکی تەقلیدی.

٦- لەڕووبەری ئەم دەقـەدا، (نووسـەر)، هەوڵی داوە بـێ لایەنی خۆی بپارێزێت، بەڵام لەمـەدا سـەرکـەوتوو نەبووە، چونکە نەیتـوانیـوە پێگە ئایدۆلۆجی - کۆمەڵایەتییەکەی خۆی لەخوێنەر بشارێتەوە.

٧- ئەم کـورتە ڕۆمـانـە، دەچێـتــە خـانەی کـورتە ڕۆمـانی تاک دەنگیـیـەوە (مۆنۆفۆنی)، چونکە دەنگی نووسەر زاڵە بەسـەر دەنگی کارەکتەرەکاندا و ئەوان ئازاد نین لە جووڵانەوە و دەربڕیندا، هەروەها هەموویان لە خزمەتی بیروبۆچوونەکانی ئەودان.

٨- زمـانی ئەم نۆڤلێتـە، زمـانێکی تـەقلیـدییـە و زۆر لەو زمـانە دەچێت، کە لە وتار و ڕیپۆرتاج و هەواڵ نووسیندا بەکار دەهێنرێت.

٩- نووسەری ئەم نۆڤلێتە، زۆر بە زیرەکی توانیویەتی سـوود لە هونەری چاپ

وەربگرێ و لە هونەری گێڕانەوەدا بەکاری بهێنێ، بەتایبەتی بۆشایی لاپەڕەی بە جوانی بۆ ئەو مەبەستە بەکار هێناوە. ئەم تەکنیکەش یەکەمجارە، لە بواری ڕۆمانی کوردیدا بەکار بهێنرێت، بەڵام پێشتر نووسەر و چیرۆکنووسی ناوداری عەرەب (محمد خضير) لە کورتە ڕۆمانی (منزل النساء) بەکاری هێناوە و دەقی ئەم کورتە ڕۆمانەش لە کتێبی (مرآة السرد) لە نووسینی (د. مالك المطلبي) و (عبدالرحمن طهمازي) لە ساڵی (١٩٩٠) بڵاوکراوەتەوە کە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتە بە ئەدەبی (محمد خضير) و مێژووی نووسینی ئەم کورتە ڕۆمانەش بۆ ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٧) دەگەڕێتەوە.

١٠- بۆ بنیاتی زەمەن، سەرکەوتووانە هونەری (کەرتکردن و تێهەڵکێشان و بڕین و لابردن و بازدان و کەلێن و دیمەن و... هتد) بەکار هێنراوە.

١١- بەشێوەیەکی هونەری، نووسەر، توانیویەتی، سوود لە هونەری مەنەلۆگ و دایەلۆگ و وەستان و گەڕانەوە و پێشبینی و ئیرصاد (دووپاتکردنەوە)، وەربگرێت.

١٢- لەم دەقەدا بەشێوەیەکی هونەریی سەرکەوتوو، نووسەر توانیویەتی دوو حیکایەت لە یەک کاتدا بگێڕێتەوە. بۆ ئەمەش هەردوو حیکایەتەکەی لەسەرەوە و خوارەوەی لاپەڕەکان داناوە و بەهێڵێکی ڕاست لێکیانی جیاکردووەتەوە. ئەم تەکنیکەش یەکەم جارە لە ڕۆمانی کوردیدا بەکار بهێنرێت.

پەراوێزەکان:

١- د. فەرهاد پیربال، نۆڤلێتی «مولازم تەحسین و شتی تریش...»، چاپخانەی داناز، سلێمانی، کوردستان، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، ٢٠٠١. ئەو لاپەڕانەی لەم باسەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت، هەموویان لەم دەقەوە وەرگیراون.

٢- أ-چناری شیر، ڕۆمان، چاپخانەی داناز، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و

ڕووناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی، کوردستان، چ١، ١٩٩٩.

ب- شێخی داموس، ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا (ژ١٦)، هەولێر - کوردستان، چ١، ٢٠٠٠.

تێبینی/ من هەردووکیان بە کورتە ڕۆمان دادەنێم.

٣- شێرزاد حەسەن، حەسار و سەگەکانی باوکم، کورتە ڕۆمان، چاپخانە و ئۆفسێتی گوڵزار، سلێمانی، کوردستان، چ٢، ٢٠٠٠.

٤- بەختیار عەلی، مەرگی تاقانەی دووەم، ڕۆمان، چاپخانەی میدیا، ستۆکهۆڵم - سوێد، ١٩٩٧ نوسخەی فۆتۆکراو.

٥- بەختیار عەلی، ئێوارەی پەروانە، ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سوێد، ١٩٩٨.

٦- عەزیزی مەلای ڕەش، کوێخا سێوێ، ڕۆمان، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، چ١، ١٩٨٦.

٧- عەزیزی مەلای ڕەش، خاک و چەوسانەوە، ڕۆمان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.

٨- عەزیزی مەلای ڕەش، خاک و کێشەی مان، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر، ١٩٩٩.

٩- عەبدوڵڵا سەراج، هەڵکشان بەرەو لووتکە، ڕۆمان، دار الحرية للطباعة، کۆماری عێراق، بەغدا، ١٩٨٩.

١٠- خوسرەو جاف، کۆردەرە، ڕۆمان، دار الجماهير للصحافة، کۆماری عێراق، بەغدا، چ١، ١٩٨٩.

١١- خوسرەو جاف، گەماڵ، ڕۆمان، دار الحرية للطباعة، عێراق، بەغدا، ١٩٩٥.

١٢- حەسەن جاف، عەلەبەستێ، کورتە ڕۆمان، چاپەمەنی زاموا، سلێمانی - کوردستان، چ١، ١٩٩٨.

١٣- حسێن عارف، شار، ڕۆمان، بەرگی یەکەم، مطبعة الأديب، عێراق-بەغدا، چ١، ١٩٨٦.

١٤- حسێن عارف، هێلانە، ڕۆمان، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی - کوردستان، ١٩٩٩.

١٥- موكری، هەرەس، ڕۆمان، چاپخانەی بێسارانی، سلێمانی _ کوردستان، چ٣، ١٩٩٨.

١٦- موكری، تۆڵە، ڕۆمان، چاپخانەی بێسارانی، سلێمانی- کوردستان، چ٣، ١٩٩٨.

١٧- موكری، سەگوەڕ، ڕۆمان، چاپخانەی داناز، سلێمانی- کوردستان، چ٤، ١٩٩٨.
تێبینی: من (تۆڵە) و (سەگوەڕ)، بەدوو کورتە ڕۆمان دادەنێم.

١٨- ميخائيل باختين، الكلمة في الرواية، ترجمة يوسف حلاق، ط١، منشورات وزارة الثقافة، الجمهورية العربية السورية، دمشق، ١٩٨٨، ص ٣٠.

١٩- تزفيتان گودوروف، الشعرية، ترجمة شكري المبخوت و رجاء بن سلامة، ط١، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، المغرب، ١٩٨٧، ص ٣٦.

٢٠- لەبارەی ئایدیۆلۆژییەتی دەربڕین و ناسنامەی کۆمەلآیەتی و مێژوویی دەربڕین لە ئەدەبدا بڕوانە:
يمني العيد، تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، ط١، دار الفارابي، بيروت- لبنان، ١٩٩٠ ص ص ٢٣-٢٤.

٢١- تزفیتان تۆدۆرۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

٢٢- یمنی العید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

٢٣- نیشانەی دووپاتکردنەوەکە لەلای ئێمەوە دانراوە.

٢٤- بڕوانە: تزفیتان تۆدۆرۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

٢٥- بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم بابەتە بڕوانە سعید يقطين، تحليل الخطاب الروائي، ط٣، المركز الثقافي العربي للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت - لبنان، ١٩٩٧، ص ص ٧٧- ٧٨.

٢٦- لەبارەی تەکنیکی (پێشبینی) یان پێشڕووداو کەوتن (الاستباق) أو (الاستقبال) (Prolepse) جیرار جینێت دەڵێ: پرۆلێپس: مانای گێڕانەوەی شتێکە پێش ڕوودانی- لەم بارەیەوە بڕوانە: (ل٧٧) لە سەرچاوەی پێشوو.

٢٧- رولان بورنوف و ريال ئيلية، عالم الرواية، ترجمة نهاد التكرلي، ط١، وزارة الثقافة والاعلام، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩١، ص ص ٦٦- ٦٧.

٢٨- تزفیتان تۆدۆرۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

٢٩- بڕوانه: سعید یقطین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤.

٣٠- مەنەلۆگی ئاشکرا ئەو جۆرە مەنەلۆگەیە، کە قسەکانی بەدەنگی بەرز ئەنجام دەدرێت، ئەو کردارەش یان لە رێی کارەکتەری دووەمەوە جێبەجێ دەکرێت، یاخۆ حیکایەتخوانی دەقەکە بەخۆی ئەو کارە ئەنجام دەدا هەروەکو لەم دەقەی بەردەستماندا بەکار هاتووە.

٣١- بڕوانه: یمني العـیـد، الراوي، الموقع والشکل، بحث في السـرد الروائي، ط١، مؤسسة الأبحاث العربیة، بیروت- لبنان، ١٩٨٦، ص ١٠١.

٣٢- بڕوانه: د. موریس أبوناضر، الالسنیة والنقد الأدبي في النظریة والممارسة، دار النهار للنشر، بیروت، ١٩٧٩، ص ١٠٣.

٣٣- بڕوانه: سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

٣٤- ئەو نیشانەی لابردنە (...) لای ئێمەوە دانراوە.

سەرچاوەکان


١- بەختیار عەلی، مەرگی تاقانەی دووەم، ڕۆمان، چاپخانەی میدیا، ستۆکهۆڵم _ سوێد، ١٩٩٧.

٢- بەختیار عەلی، ئێوارەی پەروانە، ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سوێد، ١٩٩٨.

٣- تزفیتان گودوروف، الشعریة، ترجمة شکري المبخوت و رجاء بن سلامة، ط١، دار توبقال للنشر، الدار البیضاء، المغرب، ١٩٨٧.

٤- جەبار جەمال غەریب، چناری شیر، ڕۆمان، چ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی _ کوردستان، ١٩٩٩.

٥- جەبار جەمال غەریب، شێخی داموس، ڕۆمان، چ١، هەولێر _ کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا، ٢٠٠٠.

٦- حسێن عارف، شار، ڕۆمان، بەرگی یەکەم، مطبعة الأدیب، عێراق _ بەغداد، چ١، ١٩٨٦.

٧- حەسەن جاف، عەلەبەستێ، کورتە ڕۆمان، چ١، چاپەمەنیی زاموا، سلێمانی- کوردستان، ١٩٩٨.

٨-حسێن عارف، هێلانه، ڕۆمان، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی- کوردستان، ١٩٩٩.
٩- خوسرەو جاف، کۆردەرە، ڕۆمان، چ١، دار الحرية للطباعة، عێراق- بەغدا، ١٩٩٥.
١٠- خوسرەو جاف، گەماڵ، ڕۆمان، دار الحرية للطباعة، عێراق، بەغدا، ١٩٩٥.
١١- رولان بورنوف و ريال او ئيلية، عالم الرواية، ترجمة نهاد التكرلي، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩١.
١٢- سعيد يقطين، تحليل الخطاب الروائي، ط٣، المركز الثقافي العربي للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت-لبنان، ١٩٩٧.
١٣- شێرزاد حەسەن، حەسار و سەگەکانی باوکم، کورتە ڕۆمان، چ٢، چاپخانە و ئۆفسێتی گوڵزار، سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٠.
١٤- عەبدوڵڵا سەراج، هەڵکشان بەرەو لووتکە، ڕۆمان، دار الحرية للطباعة، کۆماری عێراق، بەغدا، ١٩٨٩.
١٥- عەزیزی مەلای ڕەش، کوێخا سێوێ، ڕۆمان، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٦.
١٦- عەزیزی مەلای ڕەش، خاک و چەوسانەوە، ڕۆمان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.
١٧- عەزیزی مەلای ڕەش، خاک و کێشەی مان، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر، ١٩٩٩.
١٨- فەرهاد پیرباڵ، نۆڤلێتی «مولازم تەحسین و شتی تریش...»، چاپخانەی داناز، سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠١.
١٩- موريس أبوناضر، الالسنية والنقد الأدبي في النظرية والممارسة، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٩.
٢٠- موکری، هەرەس، ڕۆمان، چ٣، چاپخانەی بێسارانی، سلێمانی - کوردستان، ١٩٩٨.
٢١- موکری، تۆڵە، ڕۆمان، چ٣، چاپخانەی بێسارانی، سلێمانی- کوردستان، ١٩٩٨.
٢٢- موکری، سەگوەڕ، ڕۆمان، چ٤، چاپخانەی داناز، سلێمانی- کوردستان، ١٩٩٨.
٢٣- ميخائيل باختين، الكلمة في الرواية، ترجمة يوسف حلاق، ط١، منشوران وزارة

الثقافة، الجمهورية العربية السورية، دمشق، ١٩٨٨.
٢٤- يمني العيد، الراوي: الموقع والشكل، بحث في السرد الروائي، ط١، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت - لبنان، ١٩٨٦.
٢٥- يمني العيد، تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، ط١، دار الفارابي، بيروت - لبنان، ١٩٩٠.

لێکۆڵینەوەی دووەم

## ئاستەکانی گۆشەنیگای حەکایەتخوانی هەمووشتزان لە ڕۆمانی (هەرەس)ی محەمەد موکریدا

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە، باسی بابەتێک دەکا کە لە کۆنەوە ئەفلاتوون و ئەرستۆ بایەخیان پێ داوە و پۆلینیان کردووە، بەڵام دوایی پشتگوێ خراوە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. لەم سەدەیەدا (هێنری جیمس)ی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی ئەمەریکایی لە پێشەکیی هەندێ لە چیرۆکەکانی خۆیدا ئاوڕی لێ داوەتەوە و باسی بایەخی ئەم بابەتەی کردووە. دوای ئەو چەندین نووسەر و رەخنەگری ئەوروپایی وەکو پێرسی لەبووک و باختین و جان بیۆن و تۆدۆرۆف و... هتد کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی گرینگیان لەسەر نووسیوە. لەژێر کاریگەری باسەکانی ئەواندا هەندێ نووسەری ڕۆهەڵاتی (عەرەب و فارس) وەکو (د. سیزا احمد قاسم و د. شجاع مسلم العاني و موریس ابو ناضر) و (جمال میرصادقی و ابراهیم یونسی) و... هتد. لە بواری رەخنەی چیرۆک و ڕۆماندا بایەخیان پێ داوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسیوە.

لە رەخنەی کوردیشدا، ئەوەندە بایەخ بەم بابەتە نەدراوە و جگە لە هەندێ وتار و لێکۆڵینەوە کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەیان پێ دەکەین، شتێکی گرینگی لەسەر نەنووسراوە. ئەم باسەی ئێمەش هەوڵێکە و دەخرێتە پاڵ ئەو هەوڵانە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا تەرخان کراوە بۆ باسکردنی ئاستەکانی کات و شوێن و دەربڕین لە گۆشەنیگای حەکایەتخوانی هەموو شتزان لە ڕۆمانی (هەرەس)[1]ی محەمەد موکری. ئەم جۆرە باسەش، بایەخی خۆی هەیە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە ئەم جۆرە گۆشەنیگایە تا ئێستا لە ڕۆمان و هەروەها لە چیرۆکی کوردیدا باوە. جگە لەوەی کە ڕۆمانی (هەرەس) بایەخی تایبەتی خۆی لەمێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕۆمانی کوردیدا هەیە. هەروەها ڕۆمانێکە تایبەتە بەباسکردنی سێ ڕووداوی واقیعی لە ژیانی

سیاسی نەتەوەی کورددا کە ئەوانیش:

١- ڕووخانی کۆماری مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ز.

٢- نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ز.

٣- دەستپێکردنەوەی شۆڕش پاش چەند مانگێ لە نسکۆی ١٩٧٥ لە باشووری کوردستان.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەنامان بردووەتە بەر کۆمەڵێ سەرچاوەی گرینگی ئۆروپی و فارسی و کوردی لە پەراوێزدا ئاماژەمان پێیان کردووە. بەڵام لە کاتی وەرگرتنی نموونە لەدەقی ڕۆمانی (هەرەس)، سەرەتا پێش برگە و پەرەگرافە وەرگیراوەکان ئاماژەمان بە ژمارەی ئەو لاپەڕەیە داوە کە ئەو نموونانەمان لێوەی وەرگرتووە.

لە ڕووی ناوەرکەوە باسەکەمان کردووە بە دوو بەشەوە. لە هەر بەشێکدا سێ تەوەرمان تەرخان کردووە بۆ باسکردنی چەمک و پێناسەی گۆشەنیگا و گۆشەنیگای حەکایەتخوانی هەموو شتزان و ئاستەکانی گۆشەنیگا وەکو ئاستی کات و شوێن و دەربڕین. دوای ئەوە گرینگترین ئەنجام و سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکەمان دەستنیشان کردووە.

## بەشی یەکەم:

### تەوەری یەکەم: چەمک و پێناسەی گۆشەنیگا

باسکردنی گۆشەنیگا و دیاریکردنی ئەو گۆشەنیگایەی کە لە گێڕانەوەی ڕۆمانێکدا بەکار هاتووە، بە بابەتێکی نوێ لە ڕەخنەی ئەوروپایی و هەروەها لە ڕەخنەی کوردی دادەنرێ.

ئەفلاتوون یەکەم کەسە کە لە باسی داستاندا، جیاوازی لە نێوان گێڕانەوەی سادە و لاساییکردنەوەدا کردووە و ئەوەی پیشان داوە کە کاتێ شاعیر بە دەنگی ئەویتر دەدوێ، لە شێوازدا چۆنیەتیی قسەکردنی ئەو

دەنوێنێ. لە ڕێی دەنگ، یان ئیشارەتەوە لاسایی ئەو کارەکتەرە دەکات کە ئەرکی نواندنی ئەوی لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام ئەگەر شاعیر لە هەموو شوێنێکدا دەربکەوێ و خۆی نەشارێتەوە، ئەو کاتە لاساییکردنەوەکە هەڵدەوەشێتەوە و، شیعرەکەش دەبێتە گێڕانەوەیەکی سادە.[٢] لەم بۆچوونەدا، بەئاشکرا دەردەکەوێ کە ئەو فەیلەسووفە جیاوازی لەنێوان گێڕانەوەی خودی و گێڕانەوەی بابەتی لە داستانە شیعردا کردووە و ئەوەشی پیشان داوە، لە گێڕانەوەی بابەتی کە ئەو ناوی لێ ناوە گێڕانەوەی سادە بەهۆی دیاربوونی شاعیر لە هەموو شوێنێکی داستانەکە، گۆشەنیگای خۆی بەسەر گۆشەنیگای کارەکتەرەکاندا زاڵ دەکات و شێوازی لاساییکردنەوەی ئەوی دیکە لەناو دەچێت.

لەو سەردەکەش ئەرستۆ لە شیکردنەوەی بنیاتی گێڕانەوە لەداستانەکانی هۆمێرۆس دا باسی ئەوەی کردووە کە ئەو شاعیرە ئەوەندە دەستی نەخستووەتە کاروباری کارەکتەرەکان و ڕووداوەکانی بەشێوەی درامی پیشانداوە.[٣]

هەرچی پێوەندی بەم بابەتەوە هەبێ لە سەدەی بیستەمدا، ئەوا دەکرێ وەکو بابەتێکی نوێ دەست کراوەتەوە بە لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی گرینگترین بنەما و ئەرک و خاسیەتەکانی لە بنیاتی گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆماندا و ڕەخنەی ئەنگلۆ- ئەمەریکی بایەخێکی زۆری پێ داوە بەتایبەتی لەلایەن هێنری جێمس و پێرسی لەبووک و والاس مارتن و فریدمان و پاشان لە نووسینەکانی جان بیۆنی فەرەنسی و جیرار جینیت و تزڤیتان تۆدۆرۆف و ئەوسا ڕەخنەگرانی ڕووس وەکو باختین و تۆماشیفیسکی و بۆریس ئۆسبنسکی چەندین لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسی، یان لە دووتۆی باسکردنی هونەری گێڕانەوەدا بە قووڵی لە خاسیەت و ئەرکەکانی دواون.

دیارە پێش ئەو قۆناغە گۆشەنیگا پشتگوێ خراوە. لەبەر ئەوە لە ساڵی ١٩٣٢ جۆزێف وارین دەربارەی بایەخ نەدان بە گۆشەنیگا دەربڕیوە.[٤]

گۆشەنیگا وەکو زاراوەیەک، پێوەندی بە هونەری شێوەکارەوە هەیە و لەوەوە وەرگیراوە و هێنراوەتە بواری رەخنەی رۆمانەوە و بۆ ئەوە بەکار هێنراوە کە گوزارشت لە تێڕوانین و بۆچوونی حەکایەتخوان و کارەکتەرەکان بکات.

گۆشەنیگا وەک جیرار جینیت دەڵێ لە دەنگ جیاوازە. گۆشەنیگا «بە چاو و دەروونەوە هەیە و لە ڕێی ئەوانەوە پەی بەجیهانە خەیاڵییەکەی دەبرێت، کەچی دەنگ لەئاستی دەربڕینی زمانیدا بەخۆی دارشتنە. لەوانەیە حەکایەتخوان بەچاوی کارەکتەر تەماشا بکات، بەڵام پرۆسەی گێڕانەوە و گواستنەوەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە جێبەجێ دەکات، بەمەش گێڕانەوەی خودی بەرهەم دەهێنرێ.»[5]

لەبەرئەوەی ڕۆمان کۆمەڵێ ڕووداو و بەسەرهاتی چەند کارەکتەرێک دەگێڕێتەوە، بۆیە دەبێ بایەخ بە گۆشەنیگای ئەو حەکایەتخوان و کارەکتەرانە بدرێت کە لە روانگەی ئەوانەوە پرۆسەی ئەو گێڕانەوەیە جێبەجێ دەکرێت.

لەبارەی گرینگی زاراوەی گۆشەنیگا لەپرۆسەی گێڕانەوە و گواستنەوە لە حەکایەتەوە بۆ گوتار، تزڤیتان تۆدۆرۆف دەڵێ: «سێیەمین زاراوەی گرینگ کە ڕێ دەدات بە وەسفی گواستنەوە لە حەکایەتەوە بۆ گوتار، زاراوەی گۆشەنیگایە. ئەو بەسەرهاتانەی کە جیهانی حەکایەتی لێ پێک دێت خۆ لەخۆدا پێشکێش ناکرێن، بەڵکو لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە ئەنجام دەدرێت ... گۆشەنیگا بەتەواوی شوێنی پەیبردن دەگرێتەوە، بەڵام خواستنێکی گونجاوە، چونکە خاسیەتە جۆراوجۆرەکانی تێڕوانین لە گوتاردا هاوتایان نییە.»[6]

بەگەلێ شێوە پێناسەی گۆشەنیگا کراوە. لەوانە پێناسەکەی بۆریس ئۆسبنسکی کە دەڵێ: "گۆشەنیگا – بە شێوەیەکی گشتی– بریتییە لە سستەمێک بۆ نواندنی شوێنی سێ، یان چوار رەهەندی، بە یارمەتی هەندێ ئامرازی هونەری تایبەت بە شێوەیەکی هونەری دیاریکراو. خاڵی ناردنیش لە سستەمی گۆشەنیگای هێڵی بریتییە لە پێگەی ئەو کەسەی کاری

وەسفکردنەکە جێبەجێ دەکات."[7]

ئەم پێناسـەیە وەکـو دەردەکـەوێ زیاتـر تایبـەتە بە هـونەری شـێـوەکـاری و کـەمـتـر پێـوەندی بـە ڕۆمـانەوە هـەیە. هەروەها ئـەوەندەشی کـە پێـوەندی بە ڕۆمـانەوە هـەیە تایبـەت کـراوە بە گـۆشـەنیگای بابەتی. لـە کـاتێکدا چـەندین جۆری گۆشەنیگا لە ڕۆماندا بەکار هێنراوە وەکو:

١- خودی - ناوەکی.

٢- بابەتی - دەرەکی.

٣- گۆشەنیگای ئاوێتە.

لە کتێبی توخمەکانی داستانیش ئەم پێناسەیەمان بەرچاو دەکەوێ:

«گۆشـەنیگا، یان گۆشەنیگای گێڕانەوە، پیشـاندەری شێوەیەکە کە نووسـەر لە ڕێی ئەوەوە بۆچوونی خۆی و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە پێشکێش خـوێنەر دەکات و لە واقیعدا پێوەندیی نووسەر لەگەڵ ڕۆمانەکەیدا پیشان دەدات.»[8]

ئەم پێناسەیە تەنیا وەسفی پێوەندی نێوان ڕۆماننووس و گێڕانەوەی ڕۆمان دەکات بێ ئەوەی ئاماژە بـەوە بکات کە لە هەندێ ڕۆمـاندا کـارەکتـەرەکانیش خاوەنی گۆشەنیگای خۆیانن و مەرج نییە لەگەڵ گۆشەنیگای نووسـەردا یەک بگرنەوە، بۆیە ئێمە ئەو پێناسەیەی خوارەوە پێشنیاز دەکەین و دەڵێین:

گـۆشــەنیگا بریتـیــیـە لـە چۆنیــەتیی گـوزارشــتکردنی ڕۆمــاننووس و حەکایەتخوان و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان لە بیر و بۆچوونی خۆیان. ئەمەش پێـوەندی بـە جـۆری گـێـڕانەوەی ڕۆمـاننووسـەوە هـەیە کـە کـار دەکـاتە سـەر سەرجەم شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە.

### تەوەری دووەم: جۆرەکانی گۆشەنیگا

گۆشەنیگا، یەکێکە لە بنیاتە گرینگەکانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا و پێوەندییەکی ڕاسـتـەوخـۆی بە شـێـوازی بـەرهەمـهـێنانی ڕۆمـانـەوە هەیە، بـەڵکو بگرە هەڵبژاردنی جۆری گۆشـەنیگا کـاردەکاتە سـەر چۆنیـەتیی شـێوازی نووسـینی

هەموو ڕۆمانێک. لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو رەخنەگرانەی باسی گۆشەنیگایان کردووە جەختیان لەسەر گرینگی و دەوری گۆشەنیگا لە بنیاتی هونەری ڕۆماندا کردووەتەوە و بە توخمێکی هونەری بنەڕەتییان داناوە. ئەمەش وای کردووە بەگەلێ شێوە جۆرەکانی پۆلێن بکەن.

لە باسی شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی «مەدام بۆڤاری» فلۆپیردا، پێرسی لەبووک ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو ڕۆماننووسە بە دوو شێواز کاری گێڕانەوەکەی ئەنجام داوە. لەم بارەیەوە لەبووک دەڵێ:

«هەندێ جار، نووسەر بەدەنگی خۆی قسە دەکات و هەندێ جاریش لە ڕێی یەکێک لە کارەکتەرەکانەوە. لەم ڕۆمانەشدا زۆرجار لە ڕێی (ئیما) وە قسەی کردووە.»[٩]

بەگوێرەی ئەم دوو شێوازەش، جۆرەکانی گێڕانەوەی لای فلۆپیر کردووە بە دوو جۆرەوە. یەکەمیانی ناو ناوە (پەنۆرامی) و دووەمی ناو ناوە (درامی). سەبارەت بە یەکەم دەڵێ: «لە پێشکێشکردنی پەنۆرامیدا، دەبینین حەکایەتخوان هەموو شتزانە، بابەتەکەی تێ دەپەڕێنێ و بۆ خوێنەری کورت دەکاتەوە.»[١٠] کەچی لە بارەی دووەمەوە وتوویەتی:

«لە پێشکێشکردنی درامیدا حەکایەتخوان نادیارە، ڕووداوەکانیش ڕاستەوخۆ پێشکێشی خوێنەر دەکرێن.»[١١]

لەباسی ڕۆمان و گۆشەنیگادا، جان بیۆن، جەختی لەسەر پێوەندی نێوان گۆشەنیگا و دەروونناسی کردووەتەوە و پاشان سێ جۆرە ڕوانینی دەستنیشان کردووە:

«١- ڕوانین لە دواوە.

٢- ڕوانین لەگەڵ.

٣- ڕوانین لەدەرەوە.»[١٢]

ئەم سێ جۆرە ڕوانینە، پێوەندییان بە سێ جۆرە گۆشەنیگاوە هەیە:

یەکەمیان: بە گۆشەنیگای حەکایەتخوانی هەموو شتزان ناسراوە کە زانیاری لە کارەکتەرەکان زۆرترە.

دووەمــیــان: بە گــۆشــەنیگای هـاوشــان نـاســراوە. چـونکە زانیــاری ئەو و کارەکتەرەکان لەیەک ئاستدایە.

سـێیـەمیـان: گۆشـەنیگای حـەکایەتخـوانی کـەم شـتـزان دەگرێتـەوە و، ئەم حـەکایەتخـوانە تەنیـا لەدەرەوە لە رێـی هەسـتـەکانی بیسـتن و دیتنەوە زانیاری سەبارەت بە کارەکتەرەکان دەست دەکەوێ.

دوای ئەوە، هەریەکە لە تۆماشـیـفسـیکی و تزڤـیتـان تۆدۆرۆف، جـۆرەکانی گۆشەنیگایان دابەش کردووە بەسەر دوو جۆردا:

«١– گۆشەنیگای دەرەکی.

٢– گۆشەنیگای ناوەکی.»[١٣]

لێـرەدا، ئەو دوو رەخنەگـرە، هەمـان ئەو زانیـارییـانە دووبـارە دەکەنەوە کـە جان بیۆن سەبارەت بە «روانین لە دواوە» و «روانینی لەگەڵ» باسی کردووە.

نووسـەرانی کـوردیش هەندێ بایەخـیـان بـە گـۆشـەنیـگا داوە و هەمـان ئەو پۆلینکردنانەیان لە بەرچاو گرتووە کە جان بیون و تۆماشیفیسکی و تۆدۆرۆف پێشنیازیان کردووە. بۆ نموونە (حسێن عـارف) لە گۆڤـاری بلـێسـە، وتارێکی دەربارەی شێوەکانی گێرانەوە بڵاوکردووەتەوە. لەوێدا سێ جۆرە گۆشەنیگای پۆلین کردووە:

«١– گۆشەنیگای هەمووشتزان.

٢– گۆشەنیگای کەم شتزان.

٣– نامە گۆشەنیگا.»[١٤]

ئەم پۆلینە و ئەوەی پـەرێز سابیـر کە لە مـاسـتـەر نامـە چاپکراوەکـەی دیاری کردووە[١٥] تایبـەت کـراون بە چیـرۆکی کـوردی. بەڵام نەجم خـالید ئـەڵوەنی لە دوکتـۆرانامە چاپکراوەکەیدا تایبەتی کردووە بە سێ نموونەی رۆمـانی کوردی

که ئەوانیش ژانی گەلی ئیبراهیم ئەحمەد و شاری حسێن عارف و رازی خەسرەو جاف.[١٦]

**تەوەری سێیەم: خاسیەتەکانی گۆشەنیگای حەکایەتخوانی هەموو شتزان**

هەموو رۆمانێک حەکایەتخوانێکی هەیە. ئەو حەکایەتخوانە و پێوەندی بە رۆماننووس و کارەکتەرەکانەوە، جۆری گۆشەنیگای بەکار هاتوو لە پێشکەشکردنی کارەکتەر و وەسفی ڕووداوەکان دیاری دەکات.

سەبارەت پێوەندی ڕۆماننووس و حەکایەتخوان دوو بۆچوونی سەرەکی لەئارادایە. یەکەمیان بڕوای بەوە هەیە کە حەکایەتخوان کەسی دووەمی ڕۆماننووسە و لەباتی ئەو کاری گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات. کەچی دووەمیان لەو بڕوایە دایە کە «حەکایەتخوان خودی نووسەر نییە و ئەو کەسە خەیاڵییەیە کە گوتارێک بۆ خوێنەرێکی خەیاڵی ڕەوانە دەکات. تەنیا بە گوتنی یان نووسینی یەکەم وشە بەمەبەستی داهێنانی دەقی ڕۆمانێک ئەو دووانە پێکەوە تەخەیول دەکرێن»[١٧] لەم بارەیەوە بۆریس ئۆسبنسکی دەڵێ: «کەسیەتی ڕۆماننووس لە حەکایەتخوان جیاوازە، لەبەرئەوەی ڕۆماننووس مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە لە گۆشت و خوێن دروست بووە، کەچی حەکایەتخوان کەسیەتییەکی خەیاڵییە یان وەکو ڕۆلان بارت دەڵێ کاغەزییە و ڕۆماننووس دایناوە بۆ ئەوەی لەباتی ئەو کاری گێڕانەوەکە ئەنجام بدات.»[١٨] ئەگەرچی ئەم دوو نووسەرە. حەکایەتخوان لە ڕۆماننووس جیا دەکەنەوە لەسەر بناغەی خەیاڵێتی کەسێتی ئەو و، خاسیەتی بایلۆجی ڕۆماننووس، بەڵام من بڕوام بەوەیە بەتایبەتی لە ڕۆمانی ئایدۆلۆجیدا حەکایەتخوان نەک هەر لەباتی ڕۆماننووس کاری گێڕانەوەی ڕووداو و وەسفی دیمەن و کارەکتەرەکان دەگێڕێ بەڵکو لە هەمان کاتدا دەتوانێت ببێتە هەڵگری گۆشەنیگای نووسەر و لە دەقی ڕۆمانەکەدا گوزارشت لە بیر و بۆچوونی ئەو بکات. پێوەندیی نێوان حەکایەتخوان و گێڕانەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە «بەهۆی گۆشەنیگاوە بە حەکایەتخوان دەوترێ گێڕەرەوەی ڕووداو، بۆیە ئەو دوو زاراوەیە پێکەوە

بەستراون و، ئاوێتەی یەکتر بوونە: بێ حەکایەتخوان گۆشەنیگا دانامەزرێ و، بێ گۆشەنیگاش حەکایەتخوان لەناو دەچێ.»[١٩]

لەلایەکی دیکەوە دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە هەرگیز ڕۆمان بێ گۆشەنیگا دانامەزرێ و کارەکتەرەکان ناتوانن بەبێ ئەو وەسفی ڕووداو و، دیمەنەکان بکەن و پێوەندی خۆیان لە چوارچێوەی بەسەرهاتەکاندا دیاری بکەن. یاخۆ باسی ژینگە و شوێن و رابردوو و، ئێستا و ئایندەی خۆیان بکەن.

ڕۆمان جۆرەکانی ڕۆمان ئەوە دەخوازێت جۆری گۆشەنیگا دیاری بکەین. لەبەر ئەوە لەسەر بناغەی جۆری گۆشەنیگا دەتوانرێت ڕۆمان بکرێت بە دوو جۆری سەرەکییەوە:

١- ڕۆمانی مۆنۆفۆنی (واتا ڕۆمانی تاکە دەنگ).

٢- ڕۆمانی پۆلیفۆنی (واتا ڕۆمانی فرە دەنگ).

لە چوارچێوەی گشتی جیاوازی نێوان ڕۆمانی مۆنۆفۆنی و ڕۆمانی پۆلۆفۆنیدا، ئۆسبنسکی تێبینی ئەوەی کردووە کە «لە ڕۆمانی مۆنۆفۆنیدا یەک گۆشەنیگای ئایدۆلۆجی بالاّ دەست دەبێ و، ئەو گۆشەنیگایە لە سەرجەم کارە ئەدەبییەکەدا باو دەبێ و، هەموو بەهاکان ملکەچی ئەو تاکە گۆشەنیگایە دەبن. بەجۆرێ ئەگەر گۆشەنیگایەکی پێچەوانە لەسەر زاری کارەکتەرێک سەر هەڵ بدات، ئەوا ئەو گۆشەنیگایە جارێکی تر لە گۆشەنیگا باوەکەوە هەڵدەسەنگێندرێتەوە، ئەم هەڵسەنگاندنە بۆچوون و سەرچاوەکەی دەگرێتەوە، کەچی لە ڕۆمانی پۆلیفۆنیدا کۆمەڵێ گۆڕانی دیار لە گۆشەنیگای ئایدۆلۆجییە بالاّ دەستەکەدا بەدی دێت. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرهەمەکە مەیلی دامەزراندنی زیاتر لە سستەمێکی بالاّی گشتی هەیە. لەم حاڵەتەشدا، ئەو سستەمانە سەربەخۆ دەبن و ... نووسەر نایەوێ ملکەچی سستەمی بالاّی بەها دەست، هەڵسەنگاندنی خودی و گەیشتن بە بڕیارە تایبەتییەکان بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێ.»[٢٠]

له ڕۆمـانی مـۆنۆفـۆنیدا، گـۆشـەنیگای حـەکـایەتخـوانی هـەمـوو شـتـزان لە گـێڕانـەوە و باس و پیـشـاندانی ڕووداو و، کـارەکتـەرەکـاندا باوە. ئەم جـۆرە گـۆشـەنیگایەش ئەرک و خـاسـیـەت و تـایبـەتی خـۆی هەیە و بـەمـانـەش لە جۆرەکانی دیکەی گۆشەنیگا جیا دەکرێتەوە.

گۆشەنیگای حەکایەتخوانی هەموو شتزان، پێوەندی بە روانینی دەرەکییەوە هەیە. «بەپێی ئەم تەکنیکە، گـێـڕەرەوە لەدەرەوەی ڕووداوەکـانـەوە، کـاری گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات و هەواڵی کەسیەتییەکان و باری دەروونی ئەوانمان بۆ باس دەکات.»[21]. هەروەها لە ڕێی گۆشـەنیگای هەمـوو شـتزانەوە وەسـفی روخـسـار و ژینگە و هەڵسـوکـەوت و رەوشت و هەڵوێسـتی سـیـاسی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان دەکرێ.

لەباسی جـیـاوازی نێـوان گـۆشـەنیگای دەرەکی (هەمـوو شـتـزان) و گۆشـەنیگای ناوەکی (کەم شتزان) جیرار جینێت ئاماژەی بەوە کردووە کە لە یەکەمدا، حەکایەت لە ڕێی هۆشی کارەکتەرێکەوە دەگێڕدرێتەوە، کەچی لە دووەمدا، گێڕانەوەکە سەبارەت بە کارەکتەرێکە نەک لە ڕێی ئەوەوە پێشکێش بکرێ.[22]

گۆشەنیگای حەکایەتخوانی هەموو شتزان بەوە دەناسرێتەوە کە ڕێ نادات کارەکتەرەکان بەخۆیان بێنە سەر شانۆی ڕووداوەکان و گۆشەنیگا خۆیان راستەوخۆ دەربڕن، بەڵکو لەباتی ئەوان قسە دەکات و گۆشەنیگایەکانیان پیـشـان دەدات و باری دەروونیـان شی دەکـاتەوە و لە ڕووی کـۆمـەڵایەتی و ئابوورییـەوە باسـیـان دەکـات و ئاگـای لە هـەمـوو شـتـێکی ئەوانە و تەنانەت دەزانێ لە پشتی دەرگا داخراوەکانەوە ئەوان چی دەکەن و لە چی دەدوێن.

بەشی دووەم:

## ئاستەکانی گۆشەنیگای هەموو شتزان لە ڕۆمانی (هەرەس)دا

لەم ڕۆمانەدا، گۆشەنیگای حەکایەتخوانی هەموو شتزان باڵا دەستە و لە ڕێی ئەمەوە، گۆشەنیگای کارەکتەر کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی (٥٠) کارەکتەر پیشان دراوە. بەڵکو بگرە بەشێک لەو کارەکتەرانە بەتایبەتی حەمە و خەجێ و سمایل و ئەحمەد و هیام و سەرکەت و مامۆستا رەشید و نەسرینی ژنی ئەحمەد، بەدرێژایی ڕۆمانەکە گوزارشت لە ئایدۆلۆجیای ڕۆماننووس دەکەن، گەلێ جار لە ڕووی زمانی و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە دەبنە شێوەیەکی فۆتۆکراوی خودی ئەو و، خۆیان لە بیر دەکەن یاخۆ ڕۆماننووس ئەوە لە بیر دەکات کە ئەوان کۆمەڵە کارەکتەرێکن و دەبێ خاوەنی دەنگ و پێگە و گۆشەنیگایەکی تایبەتی بن.

بەگشتی ئاستەکانی حەکایەتخوانی هەمووشتزان لەم ڕۆمانەدا دەکەین بە سێ بەشەوە:

١- ئاستی کات.

٢- ئاستی شوێن.

٣- ئاستی دەربڕین.

ئەو دابەشکردنەش مانای ئەوە نییە کە ئەو ئاستانە لێک دابڕاون و پێوەندییان بەیەکەوە نییە، بە پێچەوانەوە ئێمە لەسەرەتاوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە ئەو سێ ئاستە پێوەندییەکی ئۆرگانی پێکەوەیان دەبەستێ، چونکە بەقەد ئەوەی کە کات و شوێن پێکەوە بەستراون و کار دەکەنە سەر شێوەی زمان و دەربڕینی کارەکتەرەکان لە ڕووی کولتووری و دەروونی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە ئەوەندەش دەربڕین دەوری خۆی دەبینێ لە پیشاندانی خاسیەتی شوێن و کات و هەروەها توانای ئەوەی هەیە کە مەوداکانیان بخاتە

چوارچێوەی چەند مەودایەکی زمانییەوە، بێجگە لەوەی کە دەتوانێ رەهەندێکی ئایدۆلۆجی بەوان ببەخشێ.

لەم لێکۆڵینەوەدا، بە سێ تەوەری جیا باسی هەریەک لەو ئاستانە دەکەین و خاسیەتەکانیان روون دەکەینەوە.

**تەوەری یەکەم: ئاستی کات**

لەبەرئەوەی ئەم رۆمانە لە رێی حەکایەتخوانی هەموو شتزانەوە گێرانەوەکەی ئەنجام دراوە، بۆیە ئاساییە کە کاتی رابردوو بەسەر زۆربەی گێرانەوەکەدا زاڵ ببێ و، حەکایەتخوان لە هەموو کات و ساتێکدا پێش کارەکتەرەکان بزانێ چ روو دەدات و لە رابردوودا ئەوان چۆن بوونە و لە ئێستادا چۆن بیر دەکەنەوە و بە چ شێوەیەک دەروانننە ئایندە.

بەکارهێنانی فرمانی رابردوو، ئەوە دەگەیەنێ کە لە پشتی ئەو فرمانەوە هەمیش دروستکەرێ، خواوەندێ، یان حەکایەتخوانێک، خۆی شاردووەتەوە و، جیهانە باسکراوەکە راڤە دەکات و دەیەوێ بە زووترین کات و بە گونجاوترین شێوە هۆ و مەبەست پێکەوە ببەستێ.[٢٣]

حەکایەتخوانی رۆمانی هەرەسیش لەسەرەتاوە خۆی وا پیشان دەدات کە ئاگای لە هەموو شتێکی کارەکتەرەکانە و دەزانێ هۆی ئازار و نەهامەتی و ئاوارەیی و برسێتی و مردن و تێکۆشانی ئەوان چییە. هەروەها تەفسیری هەموو رووداو و، بەسەرهاتەکانی لایە و وەکو جیهانێکی ئامادە کە سەرجەم بنەماکانی لەوەوپێش خراوەتە روو تەماشای جیهانی کارەکتەرەکان دەکات.

سەرەتای رووداوەکانی (هەرەس) بە رووخانی کۆماری مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ دەست پێ دەکات و درێژە دەکێشێ هەتا نسکۆی ئەیلوول لەساڵی ١٩٧٥ و لە مانگی پێنجی ئەو ساڵە کە بەسەرەتای دەست پێکردنەوەی شۆڕشێکی دیکە دادەنرێ رۆمانەکە کۆتایی پێ دێت.

ئەم رۆمانە سەرەتا و ناوەند و کۆتایی هەیە، بەڵام کۆتاییەکەی کراوەیە بە

گـوێرەی ئەو دابەشکردنەش کـۆمـەڵێ کـارەکـتـەر بەشـداری دەکـەن لە ڕووداوەکاندا. گرینگترینیان ئەمانەن:

١- حەمە.

٢- خەجێی ژنی حەمە.

٣- سمایل برای حەمە.

٤- ئەحمەد کوڕی حەمە.

٥- نەسرین ژنی ئەحمەد.

بەهۆی کارەساتی ڕووخانی کۆماری مـهاباد، حەمـە و خـەجێ و سمـایل لە گوندی هەنجیـرەی سـەر بە شـاری سـەقز لە ڕۆهـەڵاتی کوردسـتـان هەڵدێن و ئاوارەی شاری کەرکووک و بەغدا دەبن.

سـەرەتا پەنا دەبەنە بەر نیـمـچـە ئەشکەوتێک لە بناری چیـای (بەیان). لە وێوە حەکایەتخوان سات بە سـات ڕووداوەکانی ژیانیـان لە پاش و پێشی ئەو کارەساتە دەگێڕێتەوە و لە لاپەڕە (٨) هەشتدا دەڵێ:

«ئەم نیـمـچـە ئەشکەوتە لە دەمـەوئێـوارەی سـاڵی ١٩٤٦ دا هەنـاسـەی مـاندوویەتی ئەم سێ کـەنەفت و ڕەنگبـواردووەی هەڵدەمـژی. کـزە بایـەکی ساردیش دوا تیشکی هەتاوە نیوە ئاوابووەکەی نێوان ترۆپەکانی ڕاو دەنا و تاریکی بە دوای خۆیدا پەلی کێش دەکرد و بەسـەر زەویدا ڕای دەخست. ئەو سێ شـەکەتە ورتەیان لە دەم نـە دەهاتە دەر، بێ مەبەست سـەیری ئاسـمانیـان دەکرد... »

گـەڕانەوە بۆ ئەو بەسـەرهاتـە، کـە پێـوەندی بـە ڕووداوێکی واقـیـعـی ژیانی میللەتی کوردەوە هەیە تەنیا بۆ ئەوەیە لە ڕێی پیشـاندانی هۆ و هۆکارەکانی ئەوەوە باسی نسکۆی شـۆڕشی ئەیلوول بکات و ئەو نسکۆیەش بۆ هەمـان ئەو هۆیانە بگێـڕێتـەوە کـە ڕووداوی یـەکـەمی لێـوە بەدی هـاتووە، بۆیـە لەکـاتی نسکۆی ئەیلوولدا حـەکـایەتخـوان زەینی خـوێنەر بۆ زەمـەنی بەسـەرهـاتی ڕووخانی کۆماری مهاباد دەگێڕێتەوە و باسی هۆ و هۆکارەکانی ئەو ڕووداوە لە (ل١٩٣) دا دەکا و دەڵێ:

«بیـست و نـۆ سـاڵی ڕەبەقی بـەر لە ئێـسـتـا قـازی و سـەیف، سـەربەرزانە چوونە پای قەنارە، پێڵاوەکانیان کەوتە ژوور سەری ئینسانی کورد.. بیست و نۆ سـاڵ لەمەوبەر، کۆمارێ ڕووخـا پاش ئەوەی بۆ سالێ دنیـای ڕۆشنـی بینی، سـەرنگون کرا، فرۆشرا، بەرژەوەندی دەوڵەتان، بیرە نـەوت، سیاسـەت بازان، کـۆمـار و خـوێنی کـوردیان پێـچـایەوە.. ئـیـدی پـەناهـەندەیـی و دەربەدەری، هـەزاران تفەنگی سـەرخوار لە کاروانێکی نەسرەوتدا، خاک و وڵاتیان سپاردە نەوەی دوای خۆیان.. ملی ڕێیان گرتە بەر.. مـهاباد، مەهابادی قـورقوشـمیـان بەسەری شادا توانەوە وێنەی قازی دەرکەوت.. شا ترسی نەما! »

لە زەمەنی ئەو بەسەرهاتەدا، حەکایەتخوانی هەموو شتزان بەئاشکرا دیارە و لە دەرەوەی هۆیـەکانـی ڕووخـانـی کۆمـاری مـهـاباد بۆ خـیـانەت و گـەمـەی سـیـاسـەتبـازان و بەرژەوەندیی دەوڵەتان و پاراسـتنی بیـرە نەوتـەکـان دەگـێـڕێتـەوە. دوای ئەوە بـاسـی چەکی سـەربەرەو خـواری پێـشـمـەرگـە بێ ئومێدەکان دەکات. لە زەمەنی نسکۆی ئەیلوولیشدا هـەمـان حەکایـەتخوان، لە زەمـەنی کـارەکـتـەرەکـانـدا ئامـادەیە و لە ڕێی ئەوانـەوە باسـی هـەمـان ئەو هۆکارانە لـە (ل٢٢٦) دا دەکات کە ڕێ خـۆشکەر بوون بۆ هـاتنە پێشـەوەی ئەو بەسەرهاتەوە و بەم جۆرە لە ڕێی دایەلۆگی ڕاستەوخۆی (خەجێ و مارف) ەوە دەیانخاتە ڕوو:

«– ئەرێ چۆن وا .. ؟ چی بوو؟

– ئیتر

– یانی تەواو .. هیچ نەما .. هەر هیچ نەما؟!

– بەڵێ تەواو .. چۆلەکە کوژیش نەما ..

– چۆن؟

– فـرۆشـراین .. هـەرزان فـرۆشـیـان کـردین .. ئێـمـە و وڵاتیـان نـایە ناو جـانتـایێکی دەبلۆمـاسی، ویسـتگا بە ویستگا، لەنگەر بـەلەنگەر هـەڕاجـیـان کردین.

– ئەو هەموو پێشمەرگەیە .. ئەو هەموو چەکە .. بەجارێ ..؟

– بەڵێ تەنانەت ئەو تفەنگانەی زمانی حەق گۆمان بوون، لەو ڕۆژەدا لاڵ بوون، مەیین، بێزیان لەخۆ دەکردەوە کە بەشانی ئێمەوەن ...».

گەمەکردن بە ڕووداوەکان و گواستنەوەی گێڕانەوە لە ئێستاوە بۆ رابردوو، لە ڕۆمانی کۆنی نوێدا، دیاردەیەکی ئاساییە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە چەند گۆشەنیگایەکی زەمەنی لە یەک زەمەندا بخرێتە ناو گێڕانەوەکە. ئەم شێوە ئاڵۆزترین شێوەکانی پیشاندانی گۆشەنیگایە. لە ڕووی فۆرمەوە «ئەم جۆرە کۆکردنەوەی نێوان گۆشەنیگا زەمەنییەکان لەوانەیە لە تەعلیقاتی نووسەردا بەدەر بکەوێ کە هاوشانی یاخۆ پێش گێڕانەوەی قسەیەک، یان ڕووداوێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێ . ئەم شێوەیەش ئەرکی جۆرە باگراونێ دەگێڕێ کە لە ڕێی ئەوەوە یەک لە دوای یەک هاتنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەرکی پێ دەکرێ»[٢٤]

محەمەد موکری لە ڕۆمانی (هەرەس)یشدا، بۆ هەمان مەبەست گەمەی بە زەمەنی ڕووداوەکان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانێ چەند گۆشەنیگایەک لە یەک زەوندا بخاتە گێڕانەوەکەوە. بۆ نموونە حەکایەتخوان، هەلپەرستی و ترسنۆکی و خودپەرستی ئاغای گوندی هەنجیرە، پاش ڕووخانی کۆماری مهاباد لە (ل٥٣) دا دەخاتە بەرچاو و دەڵێ:

«ئاغا لە پێشوازی سەرکردە ژاندرمەکان ڕووی لە پیاوەکانی کرد و بە کوردی پێی دەوتن:

– ئا ... ڕۆڵە چەند جارم پێ وتن حکومەت بە عارەبانە کەروێشک دەگرێ!

ڕووی لە سەرکردەی ژاندرمەکان کرد و لەسەر یەک دەیوت:

یا خوابەخێر بێنەوە، پێ و قدومتان خێری پێوە بوو، بەخێر بێنەوە، یاخوا بەخێر بێنەوە .. خۆ ئەگەر فریامان نەکەوتبان، ئەوا هەرچی و ڕووتەڵە بە فەتارەتیان دەبردین و زەویوزاریان داگیر دەکرد .. حەیا و ناموسیشمان دەکەوتە ژێر دەستیان، یاخوا بەخێر بێنەوە .. سەد جار بەخێر بێنەوە .. ماڵی

خـۆتانه.. سـەر، مـاڵ، منداڵ .. هـەرچییـەکی ئێـوە بفـەرمـوون لە ئۆغـردایە .. هـەزار جار بەخێر بێنەوە».

ئەم گۆشـەنیگایە، بە پێچەوانەی گۆشـەنیگای لەوەوپێشـی هـەمکان ئاغـایە، کە سـاڵێ پێش ڕووخانی کۆماری مهاباد دەری بڕیبوو. حەکایەتخوان لە ڕێی کرداری بیرهاتنەوە (خـەجێ) وە دەقی قسـەکانی ئەو سـەبارەت بە شـۆڕش لە (ل ٥٤)دا دەخاتە ڕوو:

«- کوڕینە گوێ بگرن!

ئەمڕۆ ڕۆژی لەخۆبووردن و تێکۆشان و هەڵمـەتە! ئەگەر ئەمڕۆ شتێ بە شت نەکـەین. ئەوا مـێژوو هـەرگیـز لێـمـان نـابوورێ .. ئەگـەر تا ئێـسـتـا لە ڕووی نەفـامـیـیـەوە کـەمـتـەرخـەمـیـمـان بەرانبـەر نەتەوەکـەمـان کـردبێ، دەبـێ ئـیـمـڕۆ هـەمـوومـان بەیەک دەنگ بەیەک دڵ بـە یەک بیروباوەڕەوە بێینە مـەیدان! سـەرو مـاڵ، هـەرچییـەکـمـان هـەیە، بۆ سـەربەسـتی و سـەربەرزیی ئەم نەتـەوەیە، بۆ ئازادیی میللەتەکەمان بێ!! دەبێ خۆ بەخت کەین! ...».

لێرەدا دەبینین دوو گۆشـەنیگای جیـاواز بەرانبـەر یەک دیاردە (شـۆڕش) لە دوو زەمـەنی جیـاوازدا پێشکێش کراوە. هـەردوو گۆشـەنیگایەکەش تایبـەتن بە یەک کـارەکـتـەر. کـرداری پیـشـانـدانەکـەش لە ڕێی حـەکـایەتـخـوانی هـەمـوو شتزانەوە جێبـەجێ کراوە. لە یەکەمیاندا حەکایەتخوان گۆشـەنیگای کارەکتەر دەگوازێتـەوە. واتا کارەکتـەر لە زەمەنی حەکایەتخواندا دەژی و حەکـایەتخوان لەکاتی ئێسـتـادا قسـەکانی ئەو دەگێڕێتـەوە، بەڵام لە دووەمـدا، خـەجێ بیری دەکەوێتەوە و حەکایەتخوان لە زەینی ئەوەوە دەقی گۆشـەنیگایەکە دەگێڕێتەوە. بەم بیرهـاتنەوەیە زەمـەنی گێڕانەوەکە تێک شکاوە. لە یەک کـاتدا بـەرووی دوو زەمــەنی خــۆییــدا کـراوەتەوە. یەکـەمــیــان پێـوەندی بە ئاغـاوە هـەیـە لە دوو هـەڵوێستی جیاوازدا. دووەمیان پێوەندی بە (خەجێ) وە هـەیە کە ڕۆڵی شـایەت دەگێـڕێت سـەبـارەت بە هـەڵوێسـتـە دژەکانی ئاغـا. بێـجگە لە زەمـەنـی بابـەتی حـــەکـــایەتـخـــوان کـــە لـە ڕێی بەکـــارهـێنانـی ڕانـاوی (ئەو) وە هــەردوو گۆشـەنیگایەکانی هێناوەتە ناو دەقەکەوە.

بۆ بەستنەوەی ئەو دوو هەڵوێستــە جیـاوازە بە جیـاوازی و ناكـۆكی هەڵوێستی هەندێ لە بەرپرسـانی شـۆڕشی ئەیلوول لەكاتی شـۆڕش و پاش نسكۆ بە مەبەستی تەفسیركردنی هۆیەكانی ئەو ڕووداوە، ڕۆمـاننووس دووبارە لە ڕێی دیدی (خـەجێ) وە هەمـان هـەلپـەرسـتی و خـۆپەرسـتی و بێ هەڵوێستی ئەو هەندە بەرپرسانە دەخاتە بەرچاو و لە (ل ٢٢٤)دا دەڵێ:

«خەجێ، قەد باوەڕی نەدەكرد تا بە چاوانی خۆی لە تەلەفزیۆندا بینی:

ئەوا بە كۆمەڵ، دەستە دەستە پێشمەرگە چەكی قورس و سووک دادەنێن و تەسلیم دەبنەوە!!

ئەوە (فلانە كۆنە مەسئولیش) لە تەلەفزیۆندا دەڵێ:

– خـەڵكینە .. بـە هەڵەدا چوو بووین .. میری نشتمانی بە ڕەحمە!! ئێمە خراپ بووین .. میری لێی بردووین .. ئیدی ئێوەش بچنە دوو كەسوكارتان بیانهێننەوە .. بەسە ئیتر .. ئێمە سەر بە ئیستعمار و زایۆنیەت و ...».

ئەم گـۆشـەنیگایە، هەلپەرستی ئاغـای گوندەكـەی هـەنجیـرەی وەبیـر دەهێنایەوە، چونكە ئەو بەرپرسانەش ساڵێک پێش نسكۆی ئەیلوول وەكو لە (ل ٢٢٤)ی دەقەكەدا ئاماژەی پێكراوە دەیانوت:

«– هەڤالان .. خەڵكی بە شەرەفی كوردستان! گەر میری دەست لە تەرحیل و تەعریب هەڵنەگرێ، ئەوا دەبێ دەرسێكی ئەوتۆی بدەین كە هەرگیز لەبیری نەكـات .. دەبێ چۆكی پێ دابدەین، ئـاڵای سـپی پێ بەرز بكەینەوە، بەڵێ خەڵكی بەشەرەفی كوردستان! دەبێ تا دوا دڵۆپە خوێن شەڕی لەگەڵدا بكەین و مافی ڕەوای خۆمانی پێ بسەلمێنین و ...»

دیاریكردنی زەمەنی ئەو گۆشەنیگایانەی كە پێوەندیان بە ڕووخانی كۆماری مـهـاباد و نسكۆی ئەیلولـەوە هەیە، وەكـو ئێـمـە بۆی دەچین تـەنیـا بۆ جەختكردنەوەیە لەسەر هاوجۆری فاكتەرە ناوخۆیی و دەرەكییەكانی ئەو دوو بەسەرهاتە لە گۆشەنیگای ڕۆماننووسەوە.

ئەم شـێـوازە وای كـردووە گـۆشـەنیگای ڕۆمـاننووس لە گـۆشـەنیگای

کارەکتەرەکان بە دەسەڵاتتر بێ و زۆربەیان بە تایبەتی گۆشەنیگای کارەکتەرە سەرەکییەکان ملکەچی گۆشەنیگای ڕۆماننووس بن. ئەم جۆرە دەربڕینە وای کردووە کە پێگەی ئایدۆلۆجی کارەکتەرەکان لە خزمەتی پێگەی ئایدۆلۆجی نووسەردا بن و خاسیەتی خۆیان لەدەست بدەن. ئەم جۆرە تەسک بینییە ئەگەر هەر ڕۆماننووسێک بەکاری بێنێ «دەکەوێتە وەعزدانێکی راستەوخۆوە، لە واقیعی ژیان دوور دەکەوێتەوە کە بەخۆی واقیعێکی لێک ئاڵاو و تێکچڕژاوە لە نێوان پێگە جیاواز و دژەکان دا ...»[٢٥] و ناکرێ لە چوارچێوەی یەک پێگەو یەک گۆشەنیگای زەمەنیدا باڵ بەس بکرێ.

بە گوێرەی ئەو نموونانەی لێرە شی کرانەوە، دەبینین حەکایەتخوان لە ڕۆمانی هەرەسدا لە دەرەوەی کارەکتەرەکان و لەناو زەمەنی خۆیدا وەستاوە، بۆیە لەئێستای خۆیەوە، واتە لە زەمەنی فیزیکی خۆیەوە، دەڕوانێتە زەمەنی کارەکتەرەکان و لە گۆشەنیگایەکی تایبەتییەوە ئەوان هەڵدەسەنگێنێ و تەماشایان دەکات. لەبەر ئەوە سنووری زانینی لەوان فراوانترە و گۆشەنیگایەکەشی کەوتۆتە دەرەوەی گێڕانەوەکە. واتە خاوەنی گۆشەنیگایەکی دەرەکییە و رێ نادات کارەکتەرەکان لە گۆشەنیگای خودی خۆیانەوە بێ دەست تێوەردانی ئەم لە زەمەنی خۆیاندا گوزارشت لە خۆیان بکەن.

**تەوەری دووەم: ئاستی شوێن**

شوێن لەم ڕۆمانەدا، توخمێکی هونەری گرینگ پێک دەهێنێ و لە ڕێی ئەوەوە ئاشنای گۆشەنیگای حەکایەتخوان و زۆربەی کارەکتەرەکان دەبین، بەڵکو بگرە شوێن دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە تەنانەت لە پێکهاتنی کەسیەتی ئەوان و گۆڕانی باری دەروونی و گۆشەنیگای سیاسی و رەوشت و رەفتاریان.

گەلێ جار لە ڕێی شوێنەوە ململانێی ناو دەروونیان و هەروەها دروستکردنی پێوەندییەکانیان لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پیشەییدا بەدەر دەکەوێت.

لەم ڕۆمـــــانـی (هەرەس)دا نـاوی زیـاتـر لـە هـەژدە شـــــوێن هـاتـووە کـــــە گرینگترینیان ئەمانەن:

١- گوندی هەنجیرە.

٢- نیمچە ئەشکەوت.

٣- مهاباد.

٤- کەرکووک.

٥- بەغدا.

٦- خەستەخانەی عەزل لە بەغدا.

٧- ئوتێلی شەلماشی لە مهاباد.

٨- ئۆردووگای زێوە لە ئێران.

٩- هەیئەی تەحقیقی کەرکووک.

١٠- چیای قەندیل.

لەم شـوێنانـەو هـەندێ شـوێنی دیکەدا ڕووداو دروست دەبـێ، مـەشـهـەدەکان دادەمـەزرێن، کارەکتەرەکان یەکتـر دەناسن و ئاشنای یەکتـر دەبن و یەکیـان خۆش دەوێ و دژایەتی یەکتر دەکەن. بەگشتی مێژووی ژیانی مرۆڤ دەخرێتە ناو گوتارێکی ئەدەبییەوە.

ڕووداوی یەکەم، لە گوندی هەنجیرەوە دەست پێ دەکات. حەمە و سمایل و خـەجێ پاش ڕووخـانی کۆماری مـهاباد، هەڵدێن و پەنا دەبەنە ئاسـیـاوەکەی مـیـرزا قـولی. لەوێ نزیکەی مـانگێ خـۆ حـەشـار دەدەن. هەیەرە کـەچەڵ کـە پوورزای (خـــەجێ)یە و بەتەمـــای دەبێ، بەڵام لەبەر هـەژاری و دەست کـورتی نایدەنێ و دەیدەن بە حـــەمـــەی کـــوڕە کـــوێخـــا، بۆ تۆڵە ســـەندنەوە دەچێـــتـــە پایگانێکی ژەندرمـە و هـەواڵیـان لێ دەدا. ژەندرمـە دەڕژێنە ناو گوند. حـەمـە و سمـایل و خـەجێ هەڵدێن و پەنا دەبەنە نیـمـچە ئـەشکەوتێ. ژەندرمـە حـاجی فـەرەجی خـزمی حـەمـە دەکـوژن. حـەمـە و سـمـایل لە تۆڵەی حـاجی فـەرەج دا چەند ژەندرمـــەیە دەکـوژن ئەوانیش دوایی گـوندەکـە دەســـووتێنن و هـەیەر و

هەموو خەڵکی گوندەکە دەکوژن. بەم ڕووداوانە هێڵە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە دادەمەزرێ و ژیانی کارەکتەرەکان دەگۆڕێت و گێڕانەوەی بەسەرهات لە ئاستی حیکایەتەوە بۆ ئاستی گوتار دەگوازرێتەوە. ترس و ژان و برسێتی و ئاوارەیی و گۆڕانی باری دەروونی و ڕەفتار و ڕەوشتی کارەکتەرەکان دەست پێ دەکات، بەڵام گۆشەنیگای حەکایەتخوان وەک خۆی دەمێنێ.

حەکایەتخوانی هەمووشتزان لە (ل ٧) بەم جۆرە باسی نائارامی و شڵەژانی باری دەروونی و چارەنووسی نادیاری (حەمە و خەجێ و سمایل) لەناو نیمچە ئەشکەوتەکەدا دەکات و دەڵێ:

«ئەم سێ جووتە چاوە، نیمچە خامۆش و شەکەتە پڕ بوون لە دیمەنی بێ تەمەنی سبەینێی ترسناک، شەرمیان لە یەکدی دەکرد، وەک ئەوەی هەرگیز لە یەکتر نامۆبن، ئاوها بە جۆرە تروکاندنێکی پەلە، بە شەرمەوە یەکدییان هەڵدەلووشی. هەر جووتە چاوەش خۆی بە پەناهەندەی سەری خاوەنەکەی خۆی دەزانی. هەر سەرەیش یاد و وێنە و وشەی تێکچڕژاوی کەڵەک کردبوو، چ جێ و توانای وەرگرتنی شتی دی نەبوو...»

بە لێکدانەوەی دەروون و چارەنووسی ئەو سێ ئەکتەرە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە حەکایەتخوانی هەمووشتزان هەوڵی ئەوە دەدات لە ڕێی شوێنەوە وردترین و شاراوەترین هەستی کارەکتەرەکان ئاشکرا بکات و ئەوە پیشان بدات کە «شارەزاییییەکی تەواوی هەیە، هەموو شتێک دەزانێ و دەبینێ، هیچ شتێکی لێ شاراوە نییە، ڕاستە ئەو گشت زانیارییەکانی خۆی یەکسەر بۆ خوێنەر ناگوازێتەوە و زۆربەیان دەهێڵێتەوە تا بە لووتکەی ڕۆمانەکە دەگات، بەڵام بەهەرحاڵ حەکایەتخوانی هەموو شتزانە»[٢٦]

هەروەها لە (ل ٧) دا، حەکایەتخوان وەسفی نیمچە ئئەشکەوتەکە دەکات و دەڵێ:

«نیمچە ئەشکەوتەکە، لە ڕووی چەند گا بەردێکی لە یەکتر نزیکی بناری زنجیرە چیایێک دەمی داچەقاندبوو، تەنها بۆ شەوێک هەناسەی ماندوویەتی

ڕێبوار و کۆچەر و قاچاغچی و ڕاوکەر و فیراری دەکردە خۆراک و تێکەڵ بە شێ و بێـــدەنگیی دیوارە ڕزیوەکـــانی دەبوو، ڕۆژی دواییش بەهەمـــان بێدەنگییەوە بە ڕێیانی دەخست...».

لەم وەسفـە بابەتییـە سـادەدا، کـە بەکۆمـەڵە وشـەیەکی ڕوون و واتا دیار ئەنجام دراوە، حەکایەتخوان، خاسیەتە جوگرافییەکانی شوێنەکە دەردەخات و جۆری ئەو کەسانەش دیاری دەکات کە تەنیا بۆ شەوێک پەنا دەبەنە بەر ئەو جـۆرە شـوێنانە وەکـو ڕێبـوار، کـۆچەر، قـاچاغـچی، ڕاوکـەر، فـیـرار. لێرەدا ڕۆمـاننووس مـۆنتاجی شـوێنی دروست کردووە. شوێنی کردووەتـە باگراونی ڕووداو، یان شانۆیەک بۆ ناساندنی کارەکتەرەکان. وەسفەکە زۆر تەقلیدییە بۆ ئەوە کراوە کارەکتەر و شوێن لە گۆشەنیگایەکی دەرەکییەوە، کە تایبەتە بە حـەکایەتخـوانی هەمـوو شـتـزان، پێـشکێش بە خـوێنەران بکات و ئەو جـۆرە گـۆشـەنیگایەش «لە گـێڕانەوەی ڕۆمـانی کـلاسیکیدا باوە و لەسـەر بنەمـای چەمکی حـەکایـەتخـوانی هـەمـوو شـتـزان دادەمـەزرێت کـە ئاگـای لە دەرەوە و ناوەوەیە و بابەتـەکـە پێـشکێش دەکـات بێ ئەوەی ئـامـاژە بـە سـەرچاوەی زانیـارییـەکانی بکات. بەلزاک لە ڕۆمـانی ڕیالیزمیدا بـە باشـترین شـێوە ئەم ڕەوتەی نواندووە.»[27]

حـەکـایـەتـخـوانی ئـەم ڕۆمـانە، سـوود لە شـوێن وەردەگـرێ نـەک تەنیـا بۆ شیکردنـەوەی باری دەروونی و وەسفی ڕوخسـاری کـارەکتـەرەکـان، بەڵکو لە هەمـان کـاتدا باری چینایەتی ئەوانیش بۆ خـوێنـەر دەسـتنیشـان دەکات. ئەم دیاردەیەش لە باسکردنی باری چینایەتی حـەمە لە (ل ١٣-١٤) ڕۆمـانەکەدا بە دەردەکەوێ کاتێ کە ئەو و خەجێی ژنی و سمایلی برا بچووکی لەناو نیمچە ئەشکەوتەکەدا دەبن.

حەکایەتخوان دەڵێ:

«حـەمـە بێ ئیشـتیـهـا نانە وشکـەکە دەجـاوێ، بۆی قـووت نەدەدرا! ناحـەقی نەبوو:

کوڕە کوێخا و دەست و پێ سپیە، ڕاهاتووی ناز و نیعمەتە دنیا نەدیدەیە، بۆ قیتە قیت و پف بەخۆدا کردن، بۆ شەش حەوت مانگێ دوو ریز فیشەکدانی ڕاست و چەپی لەسەر ستارخانییەکەیدا دەبەست، ریزێ فیشەکی دەمانچەی دە تیر و خەنجەرێکی دەبانی مشت و سپی، بەبەر پشتوێنەکەیەوە بوو، بە ڕۆنی مریشک قۆناغی تفەنگەکە (نهایەت جاندارەکەی) چەور دەکرد، دەبریسکانەوە، دەستەسرێکی مەخمەڵ و تەسبیحێکی کارەب هەمیشە بەبەر پشتوێنەکەیەوە ئاوێزان بوو... جگە لە کەڵەکێوی و کەروێشک و کەو، گوللەی بە هیچ شتێکی ترەوە نەنابوو کەچی بەناویش کوڕێکی عەگید و سەگڤان بوو!»

لەم کۆپلەدا بە ئاشکرا دەست تێوەردانی ڕۆماننووس لە ڕێی حەکایەتخوانەوە لەو تەعلیقانە بەدەر دەکەوێ کە حەکایەتخوان سەبارەت بە حەمە دەری بڕیوە. بەتایبەتی کە ئاماژە بەوە دەکات کە حەمە تەنیا لە ڕاوکردندا تەقەی کردووە ئەگینا هیچ جۆرە ئازایەتییەکی تری نەنواندووە. ئەم جۆرە گۆشەنیگایە گوزارشت لە گۆشەنیگای نووسەر دەکات و حەکایەتخوانی هەموو شتزان پێشکێشی خوێنەری کردووە. ئەو ڕۆماننووسەی دەیەوێ خاوەنی زانیارییەکی فراوان بێ سەبارەت بە ڕووداو و کارەکتەر و کەرەستەکانی دیکەی بابەتی ڕۆمانەکەی، حەکایەتخوانی هەموو شتزان بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەڵدەبژێرێ چونکە «ئەو دەتوانێ خۆی بخاتە ناو ژیانی هەر کەسێکەوە و بە خوێنەر بڵێ کارەکتەری دەستنیشانکراو بیر لە چی دەکاتەوە. ئەو دەتوانێ لە یەک ساتدا لە شارێک بێ و لە ساتێکی تردا لە هەر شوێنێکی وڵات. ئەو دەتوانێ (حەکایەتخوانی هەموو شتزان) لە یەک رستەدا لەگەڵ ئێمە حازر بێ و لە رستەی دوای ئەودا ئێمە بۆ رابردوو بەرێتەوە»[٢٨]

ڕووداوەکانی ناو شوێن کار دەکاتە سەر هەڵوێستی کارەکتەرەکان. یا بەرەو پاشیان دەبات، یاخۆ بەرەو بارێکی دژیو دەیانگۆڕێت. لەو ڕۆمانەشدا شوێن هەمان دەوری گێڕاوە. بۆ نموونە کاتێ خەجێ لەناو نیمچە

ئەشکەوتەکەدا، منداڵی دەبێ، ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی تەواو دەکاتە سەر هەست و هەڵوێستی حەمە و لەوپەڕی بێ ئومێدی و بێزاری و ترس و ورە بەردانەوە دەیگۆڕێ و ڕۆحێکی نوێی پێ دەبەخشێ. لە بارەیەوە حەکایەتخوانی هەموو شتزان کە لە نزیکی ئەو وەستاوە و چاودێریی دەکات و ئاگای لە ڕەفتارەکانی دەبێ و باری دەروونی شی دەکاتەوە لە (ل ٣٢) دا دەڵێ:

«ئەم دەنگە نوێیە- واتا دەنگی منداڵەکە- هێزێکی یەزدانی بەخشی بە حەمە، هەستی دەکرد کە نەک تەنیا دەتوانێ بەرگری لە چەرمەسەرییەکانی ژیان بکات، بەڵکو لە مردن نەترسێ و ژیانی خۆش بووێ، بە ئەوپەڕی دڵنیاییەوە ڕووی تێ بکات... حەمە سیا مەست ئاسا.. بەدەوری خەجێدا دەسووڕایەوە، لە خۆشییدا لەتری دەدا و ئەم شان و ئەو شانی دەکرد، هیچی پێ نەدەوترا، هیچ وشەیەکی پێ نەبوو لە قەوارەی ئەم دڵخۆشییەدا بێ و دەری بڕێ!»

کاتێ کە حەمە و خەجێ و ئەحمەد و سمایل ئاوارە دەبن و دەچنە شاری کەرکووک لە باشووری کوردستان، لەوێ حەمە و سمایل دەست بە حەماڵی دەکەن. برسێتی و ژینگەی دەوروبەر و ئاوارەیی، گەلێک کار دەکەنە سەر ڕەفتاری حەمە و سمایل و سەرلەنوێ کەسایەتی ئەمان دادەڕێژنەوە. لە (ل ٦٢)ی ئەم ڕۆمانەدا حەکایەتخوان دەڵێ: "ئەگەر لەوەبەر لە جێ و شوێنی خۆیاندا، لە گەورە پیاوان و مەلای دێ زۆر قسەی خۆش و شیعری جوان و چیرۆکی جوامێرییان بیستبوو، کەچی بایی پوولێک نەیانیگۆڕی بوو، بەڵام لێرەدا برسێتی و غەریبی بەکەڵکترین وانە بوو، نەک تەنیا فێری خۆشەویستی و وەفای کردن، بەڵکو لە دڵسۆزیدا قاڵ بوون و تێکەڵی خوێنیان بوو، هەر کە ئێواران دەگەڕانەوە هەر یەکە دەسماڵێکی پڕ دەکرد، هەر ڕۆژە و شتێکیان بۆ ماڵ دەکڕی، بە ماوەیێکی کەم ناو ماڵێکی هەندێ ڕێکوپێک یان پێک هێنا. ئیدی دەستهاتیان پاشەکەوت دەکرد."

لەم گۆشەنیگا بابەتییەوە کە حەکایەتخوانی هەموو شتزان پێشکێشی

خــوێنـەری کــردووە، ئـەوە دەردەکــەوێ کــە چۆن ڕووداوەکــانـی شــوێن، کارەکتـەرەکانی لە ڕووی پێگەی چینایەتی گۆڕیوە، لـە کوڕە کوێخـاوە بۆ بار هـەڵگری ڕەنجــدەر. لە چـینێکـی دەســتــڕۆوە بـۆ چینێکـی بـن دەست. لـە مشـەخۆرییەوە بۆ دڵسۆزی و وەفاداری و خۆشەویستی کار و ژیان.

کە گۆشـەی حـەکایـەتخوان، لەگەڵ یەکێک، یان زیاتر لە کارەکتەرەکان، بە شێوەیەکی کاتی یاخـۆ بە درێژاییی ڕۆمـانەکە، یەک دەگرێتـەوە وا دەکات کە ئەو شـوێنە بگێڕێتـەوە کە کـارەکتـەرەکان لەوێن. بۆ نموونە کاتێک یەکێک لە کـارەکتـەرەکان دەچێتـە ژوورێکەوە حـەکایەتخـوان وەسـفی ئەو ژوورە دەکات، کاتێکیش کارەکتـەر دەڕواتە سـەر جـادە، حەکـایەتخوانەکەش وەسفی جـادەکە دەکات.[٢٩] واتە وەکو کـامـێرا لە نزیکەوە وێنەی جـوولانەوە و ڕەفتـار و جـۆری ژیان و شـێوەکانی ژینـگە و شـوێنـی گوزەرانـی ئەومـان بۆ دەگرێت. لە ڕۆمـانی (هـەرەس)یشـدا، حـەکایەتخـوان هەمـان ئەو ڕۆڵەی گـێڕاوە لە گـواسـتنەوەی دیمەن و وێنەکـانی ژیانی کارەکـتـەرەکان لە چـوارچێوەی شـوێندا. بۆ نموونە حـەکـایەتخـوانـی هـەمـوو شـتـزان لە ل (٦١، ١١٣، ١١٨، ١٧٥، ١٧٦، ٢٣٥، ... هـتـد)، چەندین دیمەنی ناوەوەی ئەو حـەوشـە دەخـاتە ڕوو کە حـەمە و خـەجێ و ئەحـمـەد و سـمـایل لە کـەرکووک بەکرێیـان گرتبـوو، یاخـۆ لە ڕێی پیشـاندانی دیمەنەکـانی ناوەوەی ئەو ژوورە کـە خـەجێ لـە بەغدا بەکرێی گرتبوو، دیمەنی ناوەوەی دەروونی پڕ ئازار و نەهامەتی خەجێ وێنە دەکێشێ. هـەروەها لە ڕێی شـوێنەوە بە تایبـەتی لە گـێڕانەوەی باسـی هـەراکـەی کـەرکووک و کـوشـتنی تورکمـانەکان و بڕین و دزینی دوکان و مـاڵەکانیان، ڕەفتاری دڕندە ئاسای ئەو کەسـانـە وێنە دەگرێ کە ئەو تاوانـەیان ئەنجـام داوە. شـان بەشـانی ئەوانەش حـەکـایـەتخـوان باسـی ملـمـلانێی نـێـوان نوێنەرانـی ڕژێمی بەعس و پیـاوانی ساواکی ئێران لە ئۆردووگای ئاوارەکانی پاش نسکۆی ئەیلوول دەکات و لە ل (٢٥٤-٢٥٥)دا حەکایەتخوان دەڵێ:

«نوێنەرانی عێراق دەیانوت:

مـیری نشـتـیمـانی بـە ڕەحمـە، عـەفـوو عـامی دەرکـردووە، ئێـوە هـەر ڕۆڵەی

عێـراقی خۆشـەویسـتن، بگەڕێنەوە بۆ باوەشـی عـێراقی سـەربەرز، بگەڕێنەوە سـەر وەزع و حـاڵ و وەزیفـە و جێ و شـوێنی پێـشـووی خـۆتـان حکومـەتی نیشتمانیش یارمەتیتان دەدات.

بە فیتی ساواک دەکرایە هەرا و هۆریا:

– درۆ دەکەن.

– ئێوە پیاوکوژن، فاشیستن.

– فێڵمان لێ دەکەن.

... پاش ئەوەی، بەچەند قسـەیێکی لووس و لێبـووردنخـوازی (خـواهیش دەکـەین.. ببـەخـشن... مـەعـزەرەتمان هـەیـە...) نوێنەرانی عـیـراقـیـان بە رێ دەخستـەوە ئەوجا لە (مـەیدانی چۆڵی بێ سـاحێـبدا) بە ڕۆژی ڕۆشن، داوی خـۆیان دادەنا، «هەر ئەوەندە بڵـێی یەک و دوو» لەنێـو خـەڵکەکـەدا بڵاویان دەکردەوە:

– بێ عەقڵە ئەو کەسەی باوەڕ بە عێراق دەکات.

– ئەوەی بگەڕێتەوە ئیعدامی دەکەن.

– لەسەر سنوور دەرزی (لە پیاو خستن) لە پیاوان دەدەن.

– زەرنیخ تێکەڵ بە خواردن دەکەن.

– کـچـانی جـوان لەسـەر سنوور گل دەدەنەوە، دابەشـیـان دەکـەنە سـەر عەسکەرەکان...»

حـەکایەتخـوان، کە دەوری هـەمـوو شـتـزان بگێـڕێ گۆشـەنیگای خۆی بەسـەر کارەکتەرەکاندا دەسەپێنێ، یان وایان لێ دەکات ببن بە هەڵگری گۆشـەنیگای ئەو. لەو ڕۆمـانـەدا، شـوێنیش هـەمـان دیاردەی تێدابەدەر دەکـەوێ بە تایبـەتی لەکاتی سـەرەتاکانی دەسـتپێکردنەوەی شـۆڕش پاش نسـکۆی ئەیلوول. دیارە دەسـتـپـێکردنـەوەی ئەم شـۆڕشـە لەگـەڵ گـۆشـەنیگای (ڕۆمـانـنووس – حـەکـایەتخـوان) گونجـاو بووە، بۆیە ئەمـە بووە بە پاڵنەرێک بـۆ ئەوەی لە ڕێی شـوێنەوە بەتایبـەتی لە (ل ٢٥٩) دا بـەم چەشنە حـیکایەتخـوان گـوزارشت لە

گۆشەنیگای خۆی بکات و بڵێ:

«ئەمــڕۆش بەهــەمــان ســۆز، دۆڵ بە دۆڵ، گــرد بەگــرد، لووتکە بە لووتکەی ڕادەگەیەنێ، کە زمانیان هەبا ئەوا بێ شک دەیانوت:

گــەڕانەوە.. یاری هــەمــیشــە بە وەفــای چیــا و بەفــر و ئەشکەوت گــەڕانەوە. پیــرۆزە ئێــمــە، گــەڕانەوە، خــۆش بەحــاڵی ئەو شــوێنەی پێی ئــەمــانی بەســەر دەکەوێ.. دەبێــتــە مــەرەکــەبی ســووری بریقــەداری داســتــان ! گــەڕانەوە.. گــەر ئاسمان شــانازی بە هــەتاو و مانگ و ئەسـتێرەکانیەوە بکات ئێمەش شــانازی بە مانەوە دەکەین!».

لێــرەدا شــوێن، هــەڵگری گــۆشــەنیگای ڕۆمــاننووســە. لەباتی ئەو، لە ڕێگای حــەکــایــەتخــوانــی هــەمــوو شــتــزانەوە کــە تەنانەت دەتوانێ پەی بە هــەســتــە پیــرۆزەکانــی خاک و چیا و دۆڵ و لووتکە بەرێ، ئەو گۆشــەنیگایە خراوەتە ناو ڕۆمانەکەوە.

**تەوەری سێیەم: ئاستی دەربڕین**

دەربڕین، یەکــێکە لەو ئاســتــە گــرینگانەی لە ڕێی ئەوەوە گــوتاری ڕۆمـــان دروست دەبێ و، لە حــەکایــەت جیا دەکرێتەوە. جولیا کریستیڤا لەبارەی ئەو جیاکردنەوەیە دەڵێ: «حــەکــایەت وەکو بەســەرهــات، کەچی ڕۆمــان وەکو گوتار خــۆیــان پێشکێش دەکەن.»[٣٠] واتا شــێــواز خــاڵی ســەرەکــیــە لە ناســینەوەی بەرهەمی ڕۆماندا.

کــارەکــتــەرەکــانی ڕۆمــان، دەبنە هــۆی ئەوەی ڕۆمــان بە جــیــاوازی زمــانی دەربڕین بناســرێتــەوە. ئەو زمــانــەش بنەڕەتە بۆ ئەوەی دەنگــی ئەوان لەگــەڵ دەنگی ڕۆمــاننووس لە یەک ئاســتی دەربڕیندا نــەبن و لە ڕێی شــێــوەکــانی دەربڕینەوە گـــۆشـــەنیگاکـــان دیاری بکرێن و ڕوانــگەی کـــۆمـــەڵایەتــی و ئایدۆلۆجییان پێناسە بکرێت. واتە دەکرێت لە ڕێی خاسیەتەکانی دەربڕینەوە ئاماژە بە گۆشــەنیگای ئایدۆلۆجی کارەکتــەرەکان بدرێ و تێڕوانینی ئەوان بۆ جیهان دەستنیشــان بکرێ. لە هــەر ڕۆمانێکدا ئەگەر «چالاکی دەربڕین بمرێت،

یا دینامیکیەتی خۆی لە دەست بدات، قسەکردن، شڵەژان یاخۆ لێپرسینەوە بەرهەم ناهێنێ. بەمەش روانگەکان لەبار دەچن. لە یەکبووندا سەرکوت دەکرێن. دەنگەکان دەبن بە یەک دەنگی گشتی سادە کە گەوهەری لە خۆ نواندا دەردەکەوێ. دەنگەکان لە دەنگی گوتاردا فەنا دەبن، بازنەی قسەکردن بەرەو ناوەندی خۆی پاشەکشە دەکات، چوارچێوەکەی تەسک دەبێتەوە، قسە دەڕووخێ، لە پێناوی باڵادەستیی یەک زماندا لەناو دەچێ»[٣١]

ئاستی دەربڕین، لە ڕۆمانی هەرەسدا، لە چوارچێوەی باڵا دەستی زمانی نووسەردا بنیات نراوە. لەبەر ئەوە شوێنی دەربڕینی زۆربەی کارەکتەرەکان لەیەک دەچن و لەگەڵ شوێندا تەنیا هێزی دەربڕینی قسەی نووسەر دەنوێنن و گۆشەنیگای ئەو سەبارەت بە ڕووداوەکان دەردەبڕن. ئەو دیاردەیەش بە درێژایی ڕۆمانەکە جەخت لە خۆی دەکاتەوە و لە دایەلۆگ و خۆ دواندنی کارەکتەرەکانیشدا دووبارە دەبێتەوە. بۆ نموونە لە (ل ٢٣) دا لەبارەی هەڵسوکەوت و رەفتاری حەمە پاش ئەوەی ئەحمەد لە دایک دەبێ، حەکایەتخوان ئەڵێ: «حەمە لە بەرەبەیاندا، منداڵەکەی دەباتە دەرەوەی ئەشکەوتەکە و سێ جار تف ڕوو دەکاتە سەر زەوی و هەندێ وشە لە شێوەی منگە منگ لە دەمی دەردەچێ و پاشان بەجۆرە نزایەکی سەیر چەشنی نوێژی (چاکان) سەیرێکی ئاسمان دەکا و منداڵەکەی بەرز دەکاتەوە و دەڵێ:

خوای گەورە.. ببینە ئەمیش ئێستا وەکو تۆ بێگەردە کە لە مەزنی تۆدایە، بیپارێزە تا پیرۆزیت بپارێزێ»

بە گوێرەی ئەوەی کە حەکایەتخوان ئاگای لە هەموو جووڵە و چرکەیەکی کارەکتەرەکەیە و وەسفی رەفتار و باری دەروونی ئەو دەکات و قسەکانی وەکو خۆی دەبیستێ و دەگوازێتەوە، گۆشەنیگای حەکایەتخوانی هەموو شتزانی وەرگرتووە. جۆری قسەکانی حەمەش لەوە دوورترە کە ئەو بتوانێ دەریان ببڕێ. لەبەر ئەوە زمانی نووسەر خۆی سەپاندووە بەسەر زمانی ئەودا و ناچار کراوە گوزارشت لە گۆشەنیگای نووسەر بکات. هەروەها کاتێک حەمە لە (ل ٤٤) باسی شەهیدبوونی میرزا دەکات بە هەمان شێوەی پێشووی

زمانی دەربڕینی نووسەر و گۆشەنیگای ئەو بەکار دەهێنێ و دەڵێ:

«ئێمە ترسنۆک و بێ فەڕ بووین، لە هۆڵی ڕۆحی خۆماندا بووین بە تەنیا جێمان هێشتی.. ئای سەد رەحمەت لە قەبرەکەت میرزا، تا دوا فیشەک هەر بەرگریت کرد، بە لەزەتەوە تێر تێر، بەخوێنەکەت خاکت ماچ کرد و بە خوێن تیشکی هەتاویشت هەڵمژی...»

لەم خۆ دواندنەدا، حەمە، گوزارشت لە گۆشەنیگای بابەتی نووسەر دەکات و لەباتی ئەو سەرکۆنەی خۆی و ئەوانە دەکات کە لەکاتی رووخانی کۆماری مهاباد لە ترسان هەڵاتن و ئامادە نەبوون بەرگری لە خاک و میللەت بکەن. شێوەی دەربڕینەکانیش تایبەتن بە نووسەر و لە ئاستی دەربڕینی کارەکتەرێکی نەخوێندەواری وەکو حەمەدا نین.

هەڵبژاردنی کارەکتەر و بنیاتکردنی کەسایەتی ئەو بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی لە گێڕانەوەدا بگێڕێت ئەوە دەخوازێت ڕۆماننووس بە وریاییەوە سەودا لەگەڵ ئەم لایەنە هونەرییەدا بکات بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست دەرفەتی گونجاوی هەبێ لە رێی ئەو جۆرە کارەکتەرەوە گۆشەنیگای خۆی بخاتە ناو دەقەکەوە. نەک بەم شێوەیە کە ڕۆماننووس پەیرەوی کردووە و هەندێ کارەکتەری نەخوێندەوار، یان نیمچە خوێنەواری بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە هەڵبژاردووە، چونکە «ئەگەر گۆشەنیگای ئایدیۆلۆجی سستەمی ئەو بەهایانە بێ کە لە رێی ئەوەوە کارەکتەر جیهانی دەوروبەری هەڵسەنگێنێ و گۆشەنیگای دەروونی ئەو، ئەو گۆشەنیگایە بێ کە لە رێی ئەوەوە جیهانە خەیاڵییەکە پێشکێش بکرێ ئەوا گۆشەنیگای دەربڕین ئەو شێوازەیە کە لە رێی ئەوەوە کارەکتەر گوزارشت لە خۆی دەکات»[٣٢]

هەرچەند ئاستی دەربڕینی ڕۆماننووس لە ئاستی دەربڕینی کارەکتەر دوور بێ ئەوەندە کەسایەتی کارەکتەر سەربەخۆ دەبێ و دەتوانێ سەربەخۆ بێ دەست تێوەردانی نووسەر گۆشەنیگای خۆی دەرببڕێ. هەرچەندیش ئاستی دەربڕینی ئەو دووانە لەیەک نزیک ببنەوە، ئەوەندە شوێنی ڕۆماننووس لەناو

دەقەکە دەردەکەوێ و سەرجەم گۆشەنیگاکان بەکار دەهێنێ بۆ خزمەتی فیکر و ئایدیۆلۆجیای خۆی.

دایەلۆگ وەکو شێوازێک لە شێوازەکانی دەربڕین لە ڕۆماندا، کۆمەڵێ ئەرک و خاسیەتی هەیە. یەکێک لەوانە دیاریکردنی ناسنامەی قسەکەر و ناسنامەی ڕووداوەکانە.[٣٣] کەچی لەم ڕۆمانەدا، دایەلۆگی نێوان کارەکتەرەکان لە ئاستی دەربڕیندا، نەبووە بەهۆی ئەوەی لە ڕووی زمانەوە ناسنامەی کۆمەلایەتی کارەکتەرەکان دەربکەون و ببنە نیشانە بۆ جیاکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و پلەی هۆشیاری ئەوان. چونکە لە ڕۆمانەکەدا، ئاستی زمانی ڕۆماننووس ڕێگەی نەداوە خاسیەتی زمانی کارەکتەرەکان بناسرێنەوە. بۆ نموونە شێوازی قسەکردنی (محەمەد ئەفەنی) باوکی (هیام) و شێوازی قسەکردنی (هیام) و فەرەیدوون و حەمە و ئەحمەد و سەرکەوت و مامۆستا رەشید و نەسرینی ژنی ئەحمەد هیچ جۆرە جیاوازییەکیان لەگەڵ شێوازی قسەکردنی ڕۆماننووسدا نییە کە لە ڕێی حەکایەتخوانەوە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ئەنجام دەدات. ئەم دیاردەیەش ڕێگەی گرتووە لە گۆڕینی گۆشەنیگای نووسەر و کارەکتەرەکان. لەبەر ئەوە لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی ڕۆمانەکە زۆربەی کارەکتەرەکان و ڕۆماننووسیش لەگەڵ ئەواندا، یەک گۆشەنیگای جێگیریان هەیە و گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردا نایەت کە ببێتە مایەی گۆڕانی رەوتی گێڕانەوەکە و پەرەسەندنی ڕووداوەکان بە ئاڕاستەیەکی جیاواز لەو ئاڕاستەیەی لەسەرەتاوە ڕۆماننووس بڕیاری لەسەر داوە. ئەو کاتەش گۆڕانی گۆشەنیگای نووسەر ڕوون دەبێتەوە کە «هەندێ توخمی قسەی کەسێکی دیکە دێتە ناو تێکستی نووسەرەوە- واتا چەند توخمێ لە ئاخاوتن کە کارەکتەرێک یان یەکێکی تری پێ دەناسرێتەوە- چونک تێهەڵکێشی توخمەکانی ئاخاوتنی کەسێکی دی یەکێکە لەو ئامرازە سەرەکییانەی کە گوزارشت لە گۆڕانی گۆشەنیگا دەکات لەسەر ئاستی دەربڕین. ئەمەش هەرگیز تایبەت نییە تەنیا بە بەکارهێنانی ناوی کارەکتەرەوە.»[٣٤]

راستە لە ڕۆمانی هەرەس ناوی زۆر کارەکتەر هاتووە، بەلام هەموویان لە

یەک گۆشەنیگاوە بنیات نراون کە ئەویش گۆشەنیگای حەکایەتخوانی هەموو شتزانە و ئەم گۆشەنیگایەش هەڵگری گۆشەنیگای نەگۆڕی نووسەرە و تەعبیر لە ئایدیۆلۆجیای ئەو دەکات. بۆ نموونە باوکی هیام واتە (محەمەد ئەفەنی) کە لە گۆشەنیگای ڕۆماننووسەوە وەکو مرۆڤێکی کینە لە دڵ و پارەپەرست و بێ ڕەوشت و دڕندە تەماشا کراوە لەبەر ئەوە هەتا کۆتایی بە هەمان شێوە ماوەتەوە و نەگۆڕاوە تەنانەت هەمان وێنەی بۆ کێشراوە لە گۆشەنیگای هیامی کچییەوە کە لەم ڕۆمانەدا دیمەنێکی بەرچاوی گۆشەنیگای ڕۆماننووسە. هیام لە (ل ٢٩٣) سەبارەت باوکی بەم جۆرە بۆ ئەحمەد و نەسرین دەدوێ و دەڵێ:

«– باوکم لە باوک نەدەچوو، هەر ئینسانیەتی نەبوو، دڕندەیەکی جانەوەر بوو، پارەپەرست، کینە لە دڵ، نەفامی بەرچاو لێڵ، بەناوە تورکمان پەرست، کەچی بەدیناری نەک تورکمان، بەڵکو هەموو ئینسان و ئینسانیەتی دەفرۆشت، خۆی دەفرۆشت، ئەو باوکە کۆنە پەرستەم، بێ باوەڕ و کەللەرەق بوو، هەر بۆ ئەوەی بڵێن خاوەن قسەی خۆیەتی و کەسێکە یەک قسە دەکات تووشی ئەم دەردەی کردین!».

ئەم قسانەی هیام ئەوەندە بە کوردییەکی ڕوون و ڕەوان وتراون، ئەگەر ڕۆماننووس لەوەوپێش نەیگوتبا بە نەژاد تورکمانە، هەرگیز لە کەسێکی کورد جیا نەدەکرایەوە. کەواتە شێوازی دەربڕینەکە، خاسیەتی زمانی نەتەوەیی ئەوی تێدا سڕاوەتەوە. خۆ دەکرا ڕۆماننووس شێوە کوردییەکەی ئەوی بەجۆرێ دارشتبایە، خوێنەر لە ڕێی وشە و دەربڕینەکانەوە پەی بەوە بردبا کە ئەم کارەکتەرە ئەگەرچی کوردی خۆش دەوێ و پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ مچە هاتووە بۆ پێشمەرگایەتی، بەڵام لە ڕەسەندا تورکمانە.

گوتاری ناو ڕۆمان، لە وشەی ڕۆماننووس و کارەکتەرەکان پێک دێت[٣٥] ئەو وشانەش دەبێت لە ئاستی ئایدۆلۆجی و ڕۆشنبیریدا، لەگەڵ ئاستی دەربڕینی کارەکتەرەکاندا بگونجێ و بەوەش ئەوان لە ڕۆماننووس جیا بکرێنەوە. جیاکردنەوە و ناسینەوەی گۆشەنیگای خودی ئەوانیش لە گۆشەنیگای

حەکایەتخوانی هەموو شتزان ئەرکێکی زۆر گەورەی نووسەرە و سەرکەوتنی ڕۆمانیش تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەم جیاکردنەوەیە. کەچی لە ڕۆمانی هەرەسدا ئەم دەستوورە گرینگە بایەخی پێ نەدراوە و دەکرێ بڵێین لە پێناوی سەپاندنی گۆشەنیگای حەکایەتخواندا قوربانی بەو دەستوورە دراوە. ئەمەش خاڵێکی لاوازی بنیاتی هونەری ڕۆمانەکەیە. ئەم دیاردەیەش لە زۆر شوێنی ئەم ڕۆمانە بە ئاشکرا دیارە، بە تایبەتی لەو دایەلۆگەی نێوان نەسرین و خەجێ (ل٢١٣-٢١٤) سەبارەت بە کوشتنی ئەو منداڵەی کە ئەمنەکانی هەیئەی کەرکووک لە زگی نەسرینیان چاندبوو:

- دەبووایە بیکوژم.

- تۆ بێ گوناھ و گەورە بوویت، نەیان کوشتی کەچی تۆ بێ گوناهێکی ساوات کوشت.

- بریا دەیانکوشتم.. وا دەزانم لەم ڕەفتارەمدا لەگەڵ (ئەوانم) جیا ناکەیتەوە.

- لەسەر ئەنجامی کار، نە .. بەڵام لە جۆری کار گەلێ جیاوازن، تۆ ئینسانی و ئەوان ئینسان نەبوون بەڵام ئێستا تۆ کاری نا ئینسانیت کردووە.

لە درێژەی ئەم دایەلۆگەدا، نەسرین دەڵێ:

- نەم دەویست ببم بە دایکی..

(خەجێ دەڵێ)- بەڵام هەر دایکیت.. بەر لە ئێستا دایکی ساوایێکی باوک نادیار بوویت، بەڵام ئێستا دایکێکی خوێنڕێژی.. لە دوا قسەدا نەسرین بە خەجێ دەڵێ:

- هەرگیز ئەم قسانەت بە قسەی نیمچە خوێنەوار ناچێ.»

بە وردبوونەوە، لە ئاستی دەربڕین و گۆشەنیگای خەجێ لەو دایەلۆگە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕۆماننووس بایەخی بە جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری خۆیی و خەجێ نەداوە و تەنیا بیری لەوە کردووەتەوە چۆن لە ڕێی

ئەوەوە گـۆشـەنیگای ئـایدۆلۆجی خـۆی دەربـڕێ. بەم جـۆرە خـەجێ بووە بە ئامـرازێک بۆ گـەیاندنی گـۆشـەنیگای ڕۆمـاننووس لەبەرئەوەی لە ڕووی زمانیشەوە جیاوازی نێوان زمانی خەجێ و ڕۆماننووس نەماوە و هەردووکیان لەیەک ئاستی دەربڕیندان. کەواتە لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس و حەکایەتخوان و گەلێک لە کارەکتەرەکان یەکیان گرتووە و دەیانەوێ تەنیا گۆشەنیگای ڕۆماننووس پێشکێشی خوێنەر بکەن. لە زۆر شوێنیشدا کارەکتەرەکان بوون بە هەڵگری گۆشەنیگای ڕۆماننووس، بۆ نموونە:

١- خەجێ: ل ٥٠، ٥١، ٢٢٢، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٥، و... هتد.

٢- حەمە و هاوڕێکانی: ل٥١

٣- مارف: ٢٢٦، ٢٢٧

٤- مامۆستا سەرکەوت: ل ٣١١، ٣١٢، ٣١٣، ٣١٤.

هەروەها لە زنجیرەی شەشەمدا بەگشتی (ئەحمەد، خەجێ، نەسرین) تەعبیر لە گۆشەنیگای ڕۆماننووس دەکەن. تەنانەت دەکرێ بڵێین سەرجەم کارەکتەرەکان، ئەوانەش کە گۆشەنیگای جیاوازیان لەگەڵ ڕۆماننووس و حەکایەتخوانەکەیدا هەیە ئەوانیش بە جۆرێکی تر گۆشەنیگای هەموو شتزانی (نووسەر- حەکایەتخوان) سەبارەت بە ڕووداو و بەسەرهاتەکان لە ئاستی زمانی و شێوازی دەربڕین و ئایدۆلۆجیادا پیشان دەدەن. ئەم خاسیەتەش بووە بە هۆی ئەوەی کە ڕۆمانی (هەرەس) ببێ بە ڕۆمانێکی مۆنۆلۆجی (یەک دەنگ). لە ڕۆمانی مۆنۆلۆجیشدا «کارەکتەر بە داخراو دادەنرێ، سنوورە واتاییەکەی ڕوونە: دەکا، ئازار، دەچێژێ، لە سنووری بوونە بەدیهاتووەکەی تێ دەگا... توانای ئەوەی نییە لە شێوەی خۆی دەست هەڵگرێ. واتا ناتوانێ لە سنووری کەسیەتی خۆی دەربچێ ... بێ ئەوەی مەترسی نەبێ لەو پلانە مۆنۆلۆجییە دەربچێ کە نووسەر بۆ ئەوی داناوە. ئەم جۆرە وێنە هونەرییە لە ڕووی پەیوەستی بە هۆشی کارەکتەرەوە لەناو جیهانی بابەتی نووسەردا بنیات دەنرێت»[٣٦] کارەکتەرەکانی ڕۆمانی (هەرەس)یش، سەرەکی و لاوەکییەکانی (حەمە، خەجێ، سمایل، ئەحمەد، نەسرین، مارف، حسین، ...

هتد) هەموویان لە پلانی مۆنۆلۆجی ڕۆمانـنووس لایان نەداوە و لەو چوارچێوە هونەرییـە مـاونەتەوە کـە ئەو بیناسـازی کـەسـیـەتی ئەوان لە ڕووی زمـانی دەربڕین و گـۆشـەنیگای (بابەتی- دەرەکی) حـەکـایەتخـوانی هەمـوو شـتـزان بەکاری هێناوە.

## ئەنجام

١- بەگشتی ئاستەکانی گۆشەنیگا لەم ڕۆمانەدا دەکرێن بە سێ جۆرەوە:

أ- ئاستی کات.

ب- ئاستی شوێن.

ج- ئاستی دەربڕین.

ئەم سێ ئاسـتـە پێکەوە بەسـتـراون لێک جـیا ناکـرێنەوە و کار لە یەکـتـر دەکەن و هـەمووشـیان بۆ خـزمەتی گۆشەنیگای نووسـەر و پیشـاندانی ئەو گۆشەنیگایە بەکار هاتوون.

٢- گۆشـەنیگای بەکار هاتوو لەم ڕۆمـانە، گۆشەنیگای حـەکایەتخـوانی هەموو شـتـزانە و لە دەرەوە دەڕوانێـتـە ڕووداو و کـارەکـتـەرەکـان و هـەڵیـان دەسەنگێنێ و وەسفیان دەکات.

٣- حەکایەتخوانی ئەم ڕۆمانە، گوزارشت لە گۆشەنیگای ڕۆمـاننووس دەکات و لێی جیا نابێتەوە.

٤- زۆربەی کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە، سەرەکی و لاوەکییەکان وەکو (حەمە، خـەجێ، نەسـرین، هـیـام، مـامـۆسـتـا رەشـیـد، مـامـۆسـتـا سـەرکـەوت، هاوڕێکانی حـەمـە و... هتـد) بە هەڵگری گـۆشـەنیگای (نووسـەر- حەکایەتخوان) دادەنرێن.

٥- ڕۆمـاننووس سـوودی لە زەمـەنی ڕووداو و ژینگەی کـارەکـتـەرەکـان و دەربڕینـی ئەوان وەرگـرتووە بۆ ئەوەی گـوزارشت لە گـۆشـەنیگای خـۆی بکات.

٦- ئەم ڕۆمـــانە، بـە ڕۆمـــانێکی مـــۆنۆفـــۆنی یان مـــۆنۆلۆجی (یەک دەنگ) دادەنرێت، بۆیە لە ســـەرەتاوە تـا کـــۆتـایی گـــۆشـــەنیگای نووســـەر و کـارەکـتـەرەکـان وەکـو خـۆیان مـاون و گـۆڕانێکی گـرینگ بەســەریا دا نەهاتووە.

٧- ڕۆمـاننووس پەی بەوە نەبردووە کـە دەبێ زمانـی نووسەر و کـارەکتەرەکان لەیەک نەچن و هەریەکە خـاسیەتی خۆی هـەبێ، لەبەر ئەوە خوێنەر هەست بەوە ناکـات کـە ئاسـتی دەربڕینی کـارەکتـەرەکان جـودان و گـوزارشت لە گۆشەنیگای ئەوان دەکات:

أ- کارەساتی ڕووخانی کۆماری مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ز.

ب- کارەساتی نسکۆی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ز.

ج- دەست پێکردنەوەی شـۆڕش لە کوردسـتانی عێراق دوای چەند مـانگێ لە نسکۆی ئەیلوول.

هەمــوو ئەو بەســەرهاتانەش لە گــۆشــەنیگای حــەکـایەتخــوانی هەمــوو شتزانەوە پێشکێش کراون.

پەراوێزەکان:


١- مـحـەمــەد مـوکـری، ڕۆمـانی هەرەس، چاپخـانەی بێـسـارانی، چاپی سـێـیەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

٢- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، دار الشؤون الثقافية العامة، الجزء الاول، بغداد، ١٩٩٤، ص ١٧٢.

٣- رولان بورونوف و رئال اوئلة، جهان رمان، ترجمة نازيلا خلخالي، نشر مركز، چاپ اول، تهران، ١٣٧٨، ص٩٧- ٩٨.

٤- والاس مارتن، نظريات السرد الحديثة، ترجمة حياة جاسم محمد، الهيئة العامة لشئون المطابع الاميرية، سورية- دمشق، ١٩٩٨، ص١٧٥- ١٧٦.

٥- د. سيزا احمد قاسم، بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٤، ص ١٣٣.

٦- تزفيگان گودوروف، الشعرية، ترجمة شكرية المخبوت و رجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر، الطبعة الثانية، دار البيضاء- المغرب، ١٩٩٠، ص ٥٠.

٧- بوريس اوسبنسكي، شاعرية التأليف، ترجمة سعيد الغانمي و ناصر حلاوي، المجلس الاعلى للثقافة، بلا مكان الطبع، ١٩٩٩، ص ٦٩.

٨- جمال مير صادقي، عناصر داستان، چاپخانه بهمن، چاپ سوم، تهران، ١٣٧٦، ص ٣٨٥.

٩- بيرسي لوبوك، صنعة الرواية، ترجمة عبدالستار جواد، دار الرشيد للنشر، الجمهورية العراقية، بغداد، ١٩٨١، ص ٧٠.

١٠- سعيد يقطين، تحليل الخطاب الروائي، المركز العربي للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٩٧، ص ٢٨٦.

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٢- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص ١٧٣- ١٧٤.

١٣- أ- توما شيفيسكي، نظرية الأغراض، نظرية المنهج الشكلي- نصوص الشكلانيين الروس، ترجمة ابراهيم الخطيب، الشركة المغربية للناشرين المتحدين ومؤسسة الابحاث العربية، الطبعة الاولى، بيروت - لبنان، ١٩٨٢، ص ١٨٩.

ت- امنة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، سورية - لاذقية، ١٩٩٧، ص ٣٥.

١٤- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری رەخنە و لێکۆڵینەوەدا، (ساڵانی ١٩٩٥ بۆ ١٩٨٨)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٣- ١٥.

١٥- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٢١١.

١٦- بڕوانە: نەجم خالید نەجمەدین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٧٥.

پ- محمد سويرتي، النقد البنيوي والنص الروائي، افريقيا الشرق، بلا مكان الطبع،

١٩٩١، ص ١١٦.
١٧- بوريس اوسبنسكي، شاعرية التأليف، ص ٣.
١٨- محمد عزام، فضاء النص الروائي، مقاربة بنيوية تكوينية في أدب نبيل سليمان، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية- لاذقية، الطبعة الاولى، ١٩٩٦، ص ٧٧.
١٩- د. سيزا احمد قاسم، بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، ص ١٣٥.
٢٠- نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ل ٧٦.
٢١- جيرار جينيت، خطاب الحكاية، بحث في المنهج، تصدير جوناثان كالر، ترجمة محمد معتصم، المجلس الاعلى للثقافة، الهيئة العامة للمطابع الاميرية، الطبعة الثانية، سوريا- دمشق، ٢٠٠٠، ص ٢٦.
٢٢- رولان بارت، الكتابة في درجة الصفر، ترجمة نعيم الحمصي، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٧٠، ص ٣٧.
٢٣- بوريس اوسبنسكي، شاعرية التأليف، ص ٧٧.
٢٤- يمني العيد، الراوي: الموقع والشكل، مؤسسة الابحاث العربية، الطبعة الاولى، بيروت- لبنان، ١٩٨٦، ص ٦٠.
٢٥- ابراهيم يونسي، هنر داستان نويسى، چاپخانه نوبهار، چاپ ششم، تهران، ١٣٧٩، ص ٧١.
٢٦- د. سيزا احمد قاسم، بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، ص ١٣٢.
٢٧- دبيلو. پ. كني، چگونة ادبيات داستاني را تحليل كنيم، ترجمه دكتر مهرداد ترابي نژاد و محمد حنيف، انتشارات زيبا، چاپ اول، تهران، ١٣٨٠، ص٩٣-٩٤.
٢٨- بوريس اوسبنسكي، شاعرية التأليف، ص ٦٩.
٢٩- جوليا كريسطيفا، علم النص، ترجمة فريد الزاهي، دار توبقال للنشر، الطبعة الاولى، الدار البيضاء - المغرب، ١٩٩١، ص ٤٠.
٣٠- يمني العيد، الراوي: الموقع والشكل، ص ٢٣.
٣١- د. سيزا احمد قاسم، بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، ص ١٥٨.
٣٢- د. موريس ابو ناظر، الالسنية والنقد الادبي في النظرية والممارسة، دار النهار،

بيروت، ١٩٧٩، ص ١٠٨.

٣٣- بوريس اوسبنسكي، شاعرية التأليف، ص ٤٣.

٣٤- د. فيصل دراج، نظرية الرواية والرواية العربية، المركز الثقافي العربي، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٦، ص ٧٢.

٣٥- م. ب. باختين، قضايا الفن الابداعي عند دوستويفسكي، ترجمة الدكتور جميل نصيف التكريتي، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٦، ص ٧٣.

پێرستی سەرچاوەکان:


أ- سەرچاوە کوردییەکان:

١- پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١

٢- حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری رەخنە و لێکۆڵینەوەدا، (سالآنی ١٩٩٥ بۆ ١٩٨٨)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٣-١٥.

٣- محەمەد موکری، رۆمانی هەرەس، چاپخانەی بێسارانی، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

٤- نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

ب- سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- امنة يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، سورية _ لاذقية، ١٩٩٧.

٢- بيرسي لوبوك، صنعة الرواية، ترجمة عبدالستار جواد، دار الرشيد للنشر، الجمهورية العراقية، بغداد، ١٩٨١.

٣- بوريس اوسبنسكي، شاعرية التأليف، ترجمة سعيد الغانمي و ناصر حلاوي، المجلس الاعلى للثقافة، بلا مكان الطبع، ١٩٩٩.

٤– تزفيگان گودوروف، الشعرية، ترجمة شكرية المخبوت و رجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر، الطبعة الثانية، دار البيضاء– المغرب، ١٩٩٩.

٥– تومـا شـيـفـيـسكي، نظرية الأغـراض، نظرية المنهج الشكلي– نصـوص الشكلانيين الروس، ترجمـة ابراهيم الخطيب، الشـركة المغربية للناشرين المتحدين ومـؤسسـة الابحاث العربية، الطبعة الاولى، بيروت– لبنان، ١٩٨٢.

٦– جـوليا كـريسطيـفـا، علم النص، ترجمـة فريد الزاهـي، دار توبقال للنشـر، الطبعـة الاولى، الدار البيضـاء – المغرب، ١٩٩١.

٧– جـيـرار جـينيت، خطاب الحكاية، بحث في المنهج، تصـدير جـوناثان كـالر، ترجمـة محـمد معتصم، المجلس الاعلى للثقافة، الهيئة العامة للمطابع الاميرية، الطبعة الثانية، سوريا– دمشق، ٢٠٠٠.

٨– رولان بارت، الكتابة في درجة الصفر، ترجمة نعيم الحمصي، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٧٠.

٩– سـعيـد يقطين، تحليل الخطاب الروائي، المركـز العـربي للطبـاعة والنشـر والتـوزيع، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٩٧.

١٠– د. سيزا احمد قاسم، بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، الهيئة المصرية العلمة للكتاب، ١٩٨٤.

١١– د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، دار الشؤون الثقافية العامة، الجزء الاول، بغداد، ١٩٩٤.

١٢– د. فيصل درّاج، نظرية الرواية والرواية العربيـة، المركز الثقافي العربـي، الطبعـة الاولي، بغداد، ١٩٨٦.

١٣– محمد سويرتي، النقد البنيوي والنص الروائي، افريقيا الشرق، بلا مكان الطبع، ١٩٩١.

١٤– محمد عزام، فضـاء النص الروائي، مقاربة بنيوية تكوينية في أدب نبيل سليمـان، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية– لاذقية، الطبعة الاولى، ١٩٩٦.

١٥– د. موريس ابو ناظر، الالسنية والنقد الادبي في النظرية والممارسة، دار النهار، بيروت، ١٩٧٩.

١٦– ميخائيل باختين، قضايا الفن الابداعي عند دوستويفسكي، ترجمة الدكتور جميل

نصيف التكريتي، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٦.
١٧- والاس مارتن، نظريات السرد الحديثة، ترجمة حياة جاسم محمد، الهيئة العامة لشئون المطابع الاميرية، سورية- دمشق، ١٩٩٨.
١٨- يمني العيد، الراوي: الموقع والشكل، مؤسسة الابحاث العربية، الطبعة الاولى، بيروت- لبنان، ١٩٨٦.

ج- سەرچاوە فارسییەکان:
١- ابراهيم يونسي، هنر داستان نويسي، چاپخانه نوبهار، چاپ ششم، تهران، ١٣٧٩.
٢- جمال مير صادقي، عناصر داستان، چاپخانه بهمن، چاپ سوم، تهران، ١٣٧٦.
٣- دبيلو. پ. كني، ضطونة ادبيات داستاني را تحليل كنيم، ترجمة دكتر مهرداد ترابي نژاد و محمد حنيف، انتشارات زيبا، چاپ اول، تهران، ١٣٨٠.
٤- رولان بورونوف و رئال اوئلة، جهان رمان، ترجمة نازيلا خلخالي، نشر مركز، چاپ اول، تهران، ١٣٧٨.

لێکۆڵینەوەی سێیەم

## بنیاتی جۆرەکانی وەسف لە ڕۆمانی "کاولاش"ی عەبدوڵڵا سەراجدا

# پێشەکی

وەسف بابەتێکی گرینگ و کۆنە و لە سەردەمی ئەرستۆوە بایەخی پێ دراوە، بەڵام ئەوەی کە سەرنجی لێکۆڵەر ڕادەکێشی لەوەدا دەردەکەوێت کە بە دەگمەن لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لەسەر ئەم بابەتە، بەتایبەتی لە بواری ڕەخنەی ڕۆماندا ئەنجام دراوە. لەکاتی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیان کتێب و گۆڤاری ئەدەبی بەناوبانگی عەرەبی و فارسی و کوردیمان دەور کردووەتەوە، کەچی بە دەگمەن نەبێ وتارێکی سەربەخۆمان سەبارەت بەم بابەتە بەرچاو نەکەوتووە. لە هەندێ وتار و لێکۆڵینەوەشدا تەنیا بە شێوەیەکی لابەلا ئاوڕی لێ دراوەتەوە و باسی خاسیەت و ئەرک و جۆرەکانی کراوە. لەبەر ئەوە بە گرینگمان زانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەین.

لە لایەکی ترەوە خوێندنەوەی ڕۆمانی کاولاش سەرنجی بۆ دیاردەی وەسف لەم ڕۆمانەدا ڕاکێشانیان و ئەوەی بۆ دەرخستین کە وەسف وەکو هونەرێکی تەقلیدی دەوری لە گێڕانەوە و بنیاتی ڕۆمانەکەدا گێڕاوە و لە زۆر شوێندا وەکو شێوازە تەقلیدییەکەی ناو ڕۆمانی کۆنی ئەوروپایی و عەرەبی و فارسی و تەنانەت کوردیش بەکار هاتووە و ڕێگەیەکی نوێی وەرنەگرتووە.

ڕوویەکی تری گرینگی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە یەکەمین لێکۆڵینەوەی بنیاتی وەسف دادەنرێ کە تایبەت کرابێ بەم ڕۆمانە و لەوەوپێش بەگوێرەی زانیاری ئێمە لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوە بەزمانی کوردی نەکراوە.

میتۆدی ئەم باسە لەسەر بنەمای بنیاتگەری سۆسیۆلۆجی دامەزراوە کە لۆسیان گۆڵدمان و جۆرج لۆکاش و میخائیل باختین وەکو سێ ڕابەری بەناوبانگ لە ڕەخنەی ڕۆماندا دایانمەزراندووە و لە نووسینەکانی خۆیاندا

پەیڕۆیان کردووە. گرینگترین خاسیەتەکانی ئەم میتۆدەش لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە بنیاتی هونەری ڕۆمان لە بنیاتی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ جیا ناکاتەوە و ئەوە دەردەخات کە گوتاری ئەدەبی پێوەندی بە گوتاری کۆمەڵایەتییەوە هەیە و کار لەیەکتری دەکەن و لێک دانەبڕاون. لە پەڕاوێز ڕێکخستن و وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوەکانەوە ئەوەمان بەباش زانیوە کە سەرجەم پەراوێزەکان لەدوای یەک لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا بخەینە بەر چاو. تەنیا لە وەرگرتنی دەق لە ڕۆمانەکەوە، ژمارەی لاپەڕەی دەقە وەرگیراوەکە لەگەڵ دەقەکەدا ڕاستەوخۆ دانراوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش و پێنج تەوەرە پێکهاتووە. پاشان بە ئەنجام و کورتەی باسەکە کە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزییە، لەگەڵ پێرستی گرینگترین سەرچاوەکان کۆتایی بەم لێکۆڵینەوەیە هاتووە.

## بەشی یەکەم:

### تەوەرەی یەکەم: جۆرەکانی وەسف لە ڕۆماندا

گەڵی جار وەسف لە کۆمەڵێ دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی لە چیرۆک و ڕۆماندا بەرچاو دەکەوێت. ئەو وەسفە کۆمەڵێ دیاریدەی ماتریالی و مەعنەوی لەخۆ دەگرێ وەکو وەسفی ژینگەو سروشت و شتەکانی ناوشوێن، یان وەکو جلوبەرگ و سیما و روخسار و باری دەروونی کارەکتەرەکان. ئەو جۆرە وەسفانە، یان بەشێوەیەکی ئەرێ، یان نەرێ یاخۆ ئیجابی و سەلبی لەو دیاریدانە دەدوێن.

لە ئەدەبیاتی کۆندا وەسف، زیاتر دەوری ڕازێنەرەوەی گوتاری وەرگرتووە. وەکو وەسفی چیا و دۆڵ و بیابان و گیانلەبەران و ڕەشماڵ و کەسەکان و... هتد. ئەمەش زیاتر لە چیرۆک و شیعر و داستان و حیکایەتی فۆلکلۆری و میللیدا بەرچاو دەکەوێت. لە ڕەوانبێژیی کۆندا، «لە یەک ئاستدا دادەنرا لەگەڵ جۆرەکانی تری وێنەی شێواز بۆ ڕازانەوەی قسە. وەسف لە ڕابردوو لەگەڵ

قسـەدا دەکـشـا و هـەوڵی دەدا تێـری بکات، وەک ئەوەی کـە لـە پشـوووودان و نوێکردنەوەی هەناسە بچێت لە بەرهـەمێکی گێڕراوەدا»[1].

لە کۆندا وەسف بۆ ئەوە بەکار هاتووە، کە دیمەنی دەرەوەی شتەکان بخاتە ڕوو. واتا زۆر بایەخیـان بە دیوی نـاوەوەی مـرۆڤ نەدەدا، لەبەر ئەوە نووسـەرە کۆنەکانی عـەرەب دەیانگوت: "مـەبەست لە وەسف پیشـاندانی وێنەی دەرەوەی دۆخێک، یان شـێوەیەک لە شێوەکانە: لە وێنە ماتریالییەکەی جیـهانی دەرەوە، دەیگۆڕی بۆ وێنـەیەکی ئەدەبی بەمـەبـەستی چنینی زمـان و پێکهاتنـی جـوانی شـێـوازەکـەی".[2] بەگـوێرەی ئەم پێناسـەیە، وەسف تەنیـا دەورێکی دەرەکی هەبووە و بۆ ڕازانەوەی شـێـوازی گـوتار بـەکـار هاتووە، بـێ ئەوەی بایـەخی کۆمـەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی لەبەرچاو گیرابێت.

لەگەڵ پێشکەوتنی ژیانی کۆمـەڵایەتی و پەرەسەندنی ئەدەب و بەرزبوونەوەی زیاتری ئاسـتی ڕۆشنبـیـری نووسـەراندا ئەرکی وەسـفـیش گـۆڕاوە و لەو قـەوارەیە دەرچووە کـە تەنیـا ئەرکی زمـانی بگێـڕێ، بگرە پاشـان کـۆمـەڵێ چەمکی نوێی لە خـۆ گرتووە کە گرینگترنیـان چەمکی کۆمـەڵایەتی و دەروونی بووە. لەبەر ئەوە دەکرێ لە پێناسـەی وەسفدا بڵێین:

"وەسف ئەو بڕگـە و کۆپلانە دەگرێتـەوە، کە وێنەی ژینگـە و سروشت و باری کۆمـەڵایەتی و دەروونـی و سـیـمـا و ڕوخسـاری کـارەکتـەرەکـان لـە شـێـوازێکی ئەدەبی رازاوەدا پـیـشـان دەدات و دەورێکی گـرینگ لە پەرەسـەندنی بنیـاتی هونەری دەقی گێڕراوەدا دەگێڕێت."

لەبـەرئەوەی وەسف لەدەقـی ڕۆمـانـدا دەورێکی زۆر گـرینگ دەگـێـڕێ، بـۆیە دەبێت ئامـاژە بـەسـەرەکـیـترین ئەرکـەکـانـی بکەین و پـاشـان جـۆرەکـانی دەستنیشـان بکەین.

## گرینگترین ئەرکەکانی وەسف

١- ئەرکی جـوانکاری: گەلێک ڕۆمـاننووس پەنا دەبەنە بەر وەسف بۆ ئەوەی لە ڕووی هونەرییەوە ڕۆمـانەکەیان بڕازێتەوە بۆ ئەمەش سوود لە ڕەوانبێژی و

بەکارهێنانی وشەی جوان دەبینن و لە ڕێی ئەمانەوە وێنەکانی سروشت دەخەنە ناو ڕۆمانەکەیانەوە بێ ئەوەی ئەو وێنانە هیچ مەبەستێکی تایبەتی بگەیەنن و خزمەتی پەرەسەندنی ڕووداوەکان بکەن.

٢- ئەرکی ڕاڤەیی: لێرەدا کۆپلە وەسفییەکانی ناو ڕۆمان مەودای کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژووییان هەیە و لە ڕێی ئەوانەوە ئاستی ڕۆشنبیری و هەڵوێستی سیاسی و ڕەوشت و ڕەفتاری کارکتەرەکان ڕوون دەکاتەوە. هەروەها جیاوازی بیروباوەڕیان دەخاتە ڕوو.

٣- ئەرکی تەفرەدان: ڕۆماننووس لە ڕێی کۆپلە وەسفییەکانەوە هەوڵ دەدات کە خوێنەر بەوە قایل بکات کەوا کارەکتەر و ڕووداو و ململانێییەکانی ناو ڕۆمانەکەی ڕاستن و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕوویان داوە، یان وێنەیان هەیە.

جۆرەکانی وەسف

ڕەخنەگران تا ڕادەیەکی زۆر وەسفیان پشتگوێ دەخست و زیاتر بایەخیان بە توخمەکانی دیکەی ڕۆمان دەدا وەکو کات و شوێن و کارەکتەر و لەقتە و مەشهەد و... هتد. ئەوان وایان دەزانی کە ئەو کۆپلە وەسفییانەی، لە ڕۆمان دا، بەرچاو دەکەون، دەکرێ بەسەریاندا بازبدرێ، بێ ئەوەی کار لە شێوەی خوێندنەوە و پەرەسەندنی ڕووداو و بیناسازی دەقی ڕۆمان بکەن. ڕۆبێرت لیدل لە (لێکۆڵینەوەی ڕۆمان)دا ئەو هەڵوێستەی وەرگرتووە و دەڵێ: "چیرۆکی خەیاڵی، وێنەکێشانی کارەکتەر لە ڕێی کردارەوە. دیمەنە سروشتییەکانی دواوە تەنیا شتێکی سەرپێیین".[٣]. دەکرێ ئەم بۆچوونە تەنیا لەگەڵ ئەو جۆرە وەسفانەدا ڕاست دەربچێ کە پێی دەگوترێت (وەسفی وەستاو)، «کەچی مەسەلەکە بە پێوان بۆ ڕۆمانی نوێی شەپۆلی هۆش جیاوازە کە تێیدا وێنەی گێڕراوە بە دەردەکەوێت. ئەو وێنەیە کە وەسفی تێدا ئاوێتەی جووڵانەوەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەبێ»[٤]. بە گوێرەی وەستان و بەردەوامیی زەمەنی گێڕانەوە دەکرێ جۆرەکانی وەسف بکەین بە دوو بەشەوە:

١- وەسفی وەستاو: ئەو جۆرە وەسفەیە کە ڕۆماننووس بۆ وەستانی زەمەنی

گێڕانەوە پەنای بۆ دەبات.

٢- وەسفی جوڵاو: ئەو وەسفەیە کە ڕۆماننووس بۆ وەستانی زەمەنی گێڕانەوە و بەخشینی ریتمێکی مۆسیقی بەو گێڕانەوەیە، پەنای بۆ دەبات.

**تەوەرەی دووەم: پێوەندی نێوان وەسف و گێڕانەوە لە ڕۆماندا**

وەسف لە ڕۆمانی کۆندا، بەتایبەتی لای بەلزاک و جین ئۆستن و هێنری فیلدنگ و سمۆلیت و ئەمیل برۆنتێ و... هتد دەوری چوارچێوەی گێڕاوە.

لە ڕۆماندا، وەسفی چوارچێوە فرە جۆرە. لە ڕۆمانە بەراییەکانی هێنری جێمس کە لەژێر کاریگەری بەلزاک نووسراون، بەدوور و درێژی وەسفی خانووبەرە و دیمەنەکانی سروشتی تێدا کراوە، کەچی لە ڕۆمانەکانی دواتری لەباتی وەسفی دیمەنەکان، جۆرە ئاماژە پێدانێکی هێمایی بەکار هێناوە بۆ ئەو هەستانەی کە بەگشتی ئەو دیمەنانە دەری دەبڕن.[٥]

ڕەخنەگرانی کۆن، داوایان لە لایەنگرانی خۆیان دەکرد کە زۆر بایەخ بەوەسف بدەن. لەم بارەیەوە پوالۆی ڕەخنەگری کلاسیکی فەرەنسی لە کتێبی (هونەری شیعری)دا ئامۆژگاری لایەنگیرانی دەکا و دەڵێ: "لە گێڕانەوەدا زۆر کورتبڕ بن و لە وەسفدا درێژدادڕ"[٦].

وەسف پێوەندییەکی بەهێزی بەگێڕانەوەوە هەیە. ئەگەرچی هەندێ ڕەخنەگر لەبارەی ئەم پێوەندییەوە بیروڕای جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە هەندێ ڕەخنەگر بروایان وایە کە گێڕانەوە بەشێوەیەکی گشتی، ڕووداوەکان پێشکێش دەکات و پەرەسەندن و گۆڕانی هەڵوێست و ڕەفتاری کارەکتەرەکان لە زەمەنە جیاوازەکاندا پیشان دەدات، کەچی وەسف دیمەنی شت و کارەکتەر و شوێنەکان لە زەمەنێکی وەستاودا پێشکێش دەکات و بەمەش ڕێگە دەگرێ لە پەرەسەندنی ململانێیەکان و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو زەمەنی گێڕانەوە ڕادەگرێ. ئەم بۆچوونە زیاتر ڕۆمانی کۆن دەگرێتەوە، چونکە ئەرکی وەسف لەم جۆرە ڕۆمانانەدا ئەوەیە کە «تێپەڕینی کات ڕاگرێ و شتەکان لە شوێندا بخاتە بەر چاو»[٧].

وەسف و گێڕانەوە دوو توخمی سەرەکی پێکهاتەی دەق دەنوێنن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ رەخنەگر لێکیان جیا دەکەنەوە. ئەو جیاکردنەوەیەش لەسەر بناغەی جیاوازی وەسف بە حیکایەتەوە دیاری دەکەن. لەم بارەیەوە «د. صلاح فضل» دەڵێ: "ئەوەی شایانی ئاگادارییە جیاوازی نێوان وەسف و حیکایەت پێوەندی بە ناوەڕۆکەوە هەیە و ناگاتە ئاستی سیمۆلۆجیی چیرۆک. حیکایەت وەکو کۆمەڵە بەسەرهاتێک ئاماژە بەڕووداوەکان دەکات، لەبەر ئەوە جەخت لەسەر دیمەنی زەمەنی و درامی چیرۆکەکە دەکاتەوە. کەچی وەسف بە پێچەوانەوە بەرانبەر شت و کەسەکان دەوەستێ و وەکو توخمێکی هاوجێ و هاوچەرخ و وەکو بینەرێک تەماشای دەکات. وەک ئەوەی حسێب بۆ زەمەن نەکاو تەنیا خۆی بەشوێنەوە ببەستێت..."[٨]. ئەم بۆچوونەش لەیەک روانگەوە دەڕوانێتە دەوری وەسف کە ئەویش روانگەی تێڕامان و پیشاندانە، بێ ئەوەی تەماشای ئەو جۆرە وەسفانە بکات کە رەوتی گێڕانەوە بەرەو پێش دەبەن و دۆخی جووڵاوی ڕووداوەکان ڕوون دەکەنەوە.

وەسفی وەستاو، وەکو کۆمەڵە بڕگەیەکی دابڕاو و سەربەخۆ لەناو دەق، یان گوتاری ڕۆماندا خۆیان دەنوێنن. لەگەڵ ئەوەشدا باری کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و دەروونی و ژینگەیی کارەکتەرەکان دەردەبڕن. هەروەها وەسفی جووڵاویش کە زیاتر لە ڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا بەکار هاتووە بەشدارییەکی چالاک دەکات لە بزووتنەوەی ڕووداوەکانداو نابێتە ڕێگر لەبەردەم بەرەو پێشچوونی زەمەنی گێڕانەوەدا. کەواتە دەکرێ لە روانگەیەکی تریشەوە بڕوانینە دەوری وەسف لە گوتاری ڕۆماندا. پێوەندی نێوان وەسف و گێڕانەوە «لە ڕێی چەند ئاستێکەوە دیاری دەکرێت. گێڕانەوە و وەسف پێکەوە جیهانی خەیاڵی گوتاری ڕۆمان دەست نیشان دەکەن و، کۆمەڵێ زانیاری و وردەکاری پێوەندار بە ڕووداو و، کارەکتەر و کات و ئەتمۆسفیرەکان بە خوێنەر دەدەن، هەروەها بەنۆرە هاتن، یان ئاوێتە بوون، یاخۆ سەربەخۆییان، ریتمێکی دینامیکی بەپێکهاتەی دەستنیشانکردنی ڕۆمانەکە دەبەخشن. لە هەمان کاتدا ئەم هاوپەیوەندییە بەهیچ شێوەیەک ئەوە ناگەیێنێ کە وەسف بەهایەکی

لاوەکی، یان پەراوێزکراوی هەبێ..."[9].

جیاکردنەوەی وەسف لە گێڕانەوە کارێکی هێندە ئاسان نییە. ئەم دوو پرۆسەیە تێکەڵ و ئاوێتەی یەکترن، لەبەر ئەوە هەرگیز ناکرێ ڕۆمانێک بنووسرێت بێ ئەوەی گێڕانەوە و وەسفی تێدا نەبێ و بەکارێکی سەرکەوتوو دابنرێت. تەنانەت ڕۆمانی بێ وەسف ئەگەر هەبێ، لە کارێکی بێ کەڵک دەچێ، چونکە تام و چێژی تێدا نابێ.

لەلایەکی کەوە، وەکو جیرار دەڵێ: "مەزندەکردنی وەسفێکی تەواو کە هیچ توخمێکی گێڕانەوەی تێدا نەبێ ئاسانترە لە مەزندەکردنی پێچەوانەکەی، چونکە سادەترین دەستنیشانکردنی توخم و بارودۆخی پرۆسەیەک دەکرێ پێشتر بە سەرەتای وەسف دابنرێ"[10].

وەسف پێوەندی بە سەرجەم توخم و پێکهاتەکانی ڕۆمانەوە هەیە، بگرە جۆری وەسف دەورێکی گرینگ لە دیاریکردنی جۆری بنیاتی ڕۆماندا دەگێڕێ و دەیخاتە خانەی ڕۆمانی کۆن و نوێوە هەروەها دەکرێ وەسف لە دایەلۆگ و مەنەلۆگ و باسی ڕووداو و، کارەکتەرسازیدا بەسانایی بەرچاو بکەوێ. لەبەر ئەوە جیاکردنەوەی وەسف و گێڕانەوە، لای ڕۆماننووسێکی وەکو هێنری جێمس بەدیاردەیەکی نامۆ دادەنرێ و دەڵێ: "ڕۆماننووس گەلێ بەختەوەرە بەوەی هێندە تێ بگات کە ئەم جۆرە جیاوازییە نامۆ و یەکلاکراوەی نێوان وەسف و دایەلۆگ، وەسف و ڕووداوی ناو ڕۆمان، تەنیا جیاوازییەکی بێ واتا و کەم سوودە. گەلێ جار خەڵکی باسی ئەم مەسەلانە دەکەن وەک ئەوەی جیاوازییەکی ڕوونیان لە نێواندا هەبێ. وەک ئەوەی لەهەر ساتێک دا ئاوێتە نابن و، لە هەوڵێکی فراوانیی دەربڕین دا پێوەندییەکی توندوتۆڵیان پێکەوە نەبێ. من خەیاڵ ناکەم کە کتێبێک دابنرێ لە هەندێ خانەی دابڕاو بەرجەستە ببێ. هەروەها بڕوا ناکەم لە ڕۆمانێک شایانی ناوهێنان بێ بڕگەیەکی وەسفی هەبێ گێڕانەوەی تێدا نەبێ، یاخۆ دایەلۆگی هەبێ وەسفی تێدا نەبێ، ..."[11].

## بەشی دووەم:

### بنیاتی جۆرەکانی وەسف لە ڕۆمانی کاولاشدا

بەخوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە، ئەوەمان لا دەرکەوتووە کە چەندان جۆرە وەسفی تێدا بەکار هاتووە کە گرینگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- وەسفی کارەکتەر

٢- وەسفی سروشت

٣- وەسفی شوێن

بەگوێرەی گرینگیی ئەم جۆرانەش، هەر جارە و لە تەوەرێکدا باسی بنیاتیان دەکەین و کۆمەڵێ برگەی وەسفی بەگوێرەی ئەو بنیاتانە شی دەکەینەوە.

**تەوەرەی یەکەم: بنیاتی وەسفی کارەکتەر**

کارەکتەر کە یەکێکە لە توخمە هەرە سەرەکییەکانی ڕۆمان و ڕووداوەکان پێوەندییان بەژیان و ڕەفتارو بیرکردنەوەی ئەوانەوە هەیە، بۆیە وەسفکردنیان، پرۆسەیەکی زۆر گرینگی بنیاتی ڕۆمان پێک دەهێنێ.

جۆری وەسفەکانی کارەکتەر پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەجۆری ڕاناو و، گۆشەنیگای بەکار هاتووەوە هەیە. ئەمەش هانمان دەدات کە لە ڕووی بنیاتەوە تەماشای وەسفەکان بکەین و بزانین لەناو تەونی هونەریی ڕۆمانەکەدا چۆن بنیات نراون و بە چ شێوازێک لەلایەن حیکایەتخوان و کارەکتەرەکانی ترەوە پێشکێش کراون.

ژمارەی ئەو کارەکتەرانەی کە لەم ڕۆمانەدا بەشدارن و لە ڕووداوەکان دەوریان گێڕاوە، نێزیکەی سی کەس (٣٠) دەبن. گرینگترینیان ئەمانەن:

١- خونچەی ژنی باپیر

٢- بلە کوڕی حەمەدەمین کوێخا عەلی

٣- کوێخا ڕەشید کوڕی کوێخا عەلی

٤- باپیر باوکی هیوا

٥- مام ڕەحمان

٦- عەودلی دوکاندار

٧- برزۆ کوڕی پوورە سەمەن

٨- چیمەنی کچی خولەی ئاشەوان

٩- مەلا باوەدین

١٠- خولەی ئاشەوان

ئەوانەش کــە دەوری لاوەکـیـیـان لە ڕووداوەکـانـدا گـێـڕاوە زیاتر ئـەمـانـەی خوارەوەن:

١- گوڵە ژنی میرزا غەفوور

٢- ڕەشە جۆلا

٣- ئاتەی دایکی بلە

٤- ئامە کۆڵ ژنی یەکەمی ڕەشە جۆلا

٥- ژاڵە ژنی مەلا باوەدین

٦- پیرۆز ژنی مەلا باوەدین

٧- کاکە وەیس.

٨- قومری ژنی کاکەوەیس

٩- مەلا فەتاحی گردە چەرموو

ئەم ڕۆمـانە لە ناوەڕۆکدا باسی بابـەتێکی ئـاسـایی و باوی ناو گوندی چیـمـەن دەکـات کــە ئەویش ملـمـلانێی نێـوان کـوێـخـا ڕەشـیـدو بلەی برازایـەتی. ئەم کـارەکـتـەرە لـەسـەر مـڵکایـەتی ئاشـەکـەی ناو گـوند بەشـەڕ دێن. هـەندێ لە جـووتیـارەکان وەکو باپیرو مـام ڕەحـمـان و عـەودلی دوکـاندار، پشـتگیـری بلە دەکەن و دەخوازن لە ڕێی ئەم کـارەوە ئەگەر سەری گرت ئاشەکە ببێتە موڵکی هەمـوو خەڵکی گوندەکە و هـەر جـووتیـارێکیش کە زەوی نیـیە پارچە زەوییـەکی

پێ بدرێ. ڕووداوەکان پاش ململانێیەکی سەخت بەهەڵاتنی بلە بۆ شار کۆتایی دێ. دوای ئەوەی خولەی ئاشەوان و باپیری مێردی خونچە دەکوژرێن و دەبنە قوربانی.

ئەم جۆرە ناوەڕۆکە زۆر تەقلیدییە و لە زۆر چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا باس کراوە، بەڵام ئەوەی ڕۆمانی کاولاش لەوان جودا دەکاتەوە شێوازی نووسینی ڕۆمانەکەیە. واتا بنیاتی حیکایەت و بنیاتی گێڕانەوەیە.

لەم ڕۆمانەدا، زۆربەی کارەکتەرەکان دوو دەور دەگێڕن، کە ئەویش بریتییە لە دەوری کارەکتەر و حیکایەتخوان. بەشێکی گێڕانەوەکان بە ڕاناوی من و زۆربەیان بە ڕاناوی ئەو جێبەجێ کراون. بۆ نموونە هیوا کە کوڕی باپیرە و لە سەردەمی ڕووداوەکاندا منداڵ بووە. دەبینین لە زۆر شوێن دەوری حیکایەتخوانی گێڕاوە. هەروەها وەکو نووسەرێک باسی تیۆرەکانی ڕۆمان دەکا و دەیەوێ ئەوەمان پیشان بدات کە خۆی نووسەری ڕۆمانەکەیە و بەگوێرەی کۆمەڵە بنەمایەکی هونەری ئەو کارە ئەنجام دەدات. ئەم دیاردەیەش، لەوەوپێش لە بەرهەمی ڕۆماننووسانی ئەوروپادا بەرچاو کەوتووە. بۆ نموونە، (ئەندرێ جید) لە ڕۆمانی (ساختەکارانی پارە)، یان ڕۆمانی (کێشە) دا ئەمەی پەیڕەو کردووە. لەم ڕۆمانەدا کارەکتەرێک بەناوی (ئەدوارد) کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە دەیەوێ ڕۆمانێک لەسەر بنەمایەکی نوێ بنووسێت. ئەو ڕۆمانەش ئەوەیە کە نووسەر بەخۆی دایهێناوە. واتا مەبەست لە چۆنیەتی نووسینی ڕۆمانی ناوبراو بووە.[١٢]

عەبدوڵڵا سەراجیش لەم ڕۆمانەدا (کاولاش) هەمان ئەو تەکنیکەی بەکار هێناوە و لە ئەنجامدا حیکایەتخوانێکی هەموو شتزانی دروست کردووە کە لە زۆر شوێندا دەنگی دەبیسترێ و دەست دەخاتە ناو ڕووداوەکانەوەو ئامادەیی خۆی لە ڕۆمانەکەدا رادەگەیێنێ و هەتا رادەیەکی زۆریش فیکرو ئایدیۆلۆجیای نووسەر بەسەر دەقەکەدا زاڵ دەکات. بۆنموونە، هیوا، یان ڕۆماننووس دەڵێ: «نووسەر دەبێ دەنگی خوراوان و بەشخوراوان بێ، بەمەرجێک تایبەتمەندیی خۆی لەدەست نەدات نووسین ئێجگار گرانە.

وشـەیەک لە شوێنی شیـاوی خۆی چ شـۆڕشـێ دەگەیەنـێ: ئەگەر جێگەی لەنگ بێ، چەند ئێسک گران دەبێ! وشـەی (نیشـتمـان) هـەرچەندە ساکارە، کەچی چەندین واتای پیرۆزی لەخۆی گرتووە، هەروەها وشەی (دایک)...ل١٦٧».

نموونەی ئەم دەستێوەردانە لە گەلێ شوێندا دووبارە دەبێتەوە:

١- لە وەسفی گوندی چیمەن.

٢- لە وەسفی چیمەنی کچی خولەی ئاشەوان.

٣- لە وەسفی سروشت و شوێن و ژینگەدا.

٤- لە وەسفی زۆربەی کارەکتەرەکان لە ڕووی ڕوخسار و دەروونەوە.

جـاری وا هـەیـە پەڕە لەدوای پەڕە چەنـدین جـار حـیـکـایەتخـوان ئامـادەیی خۆی دەنوێنێ وەکو لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

١- با گوێ لە ڕەشەجۆلاّ بگرینەوە. ل ٣٢.

٢- تەماشاکە! با لەم کەوانەیەوە بچمە ناو گفتوگۆیەکەوە. ل٣٣.

٣- ئەمێستا، نۆرەی مام ڕەحمانە، با ناخی خۆی هەڵبڕێژێ ل ٣٦.

٤- باڵەخانەکەی کوێخا ڕەشید دەبوایە بە (دەربار)ی ناو ببەم ل ٤١.

٥- لەوانەیە بپرسی: ئەم درێژدادرییە چییە؟! ئەی چۆن ئارام بگرە- نابێ کەسەکان و چیمەنت پێبناسێنم. ل ٤٢.

٦- باشتر وایە، میرزا دەرفەتی هەڵڕژتنی ناخی بدەم- ل ٤٢.

٧- خەونەکەی تەواو بوو. ل ٥٨.

٨- لەوانەیە بپرسی دایکت چۆن ئەو هەموو قسانە دەزانێ؟ ل ٥٨.

٩- با جڵەوی گوتنەکە بەلای بلەوە بێ. ل ١٤٥.

ئەم دیاردەیە، واتە ئامادەبوونی حیکایەتخوانی هەموو شتزان تەنیا تایبەت نییە بە هیـوای کـوڕی باپیرەوە، بەڵکو لەگـەڵ هەمـوو حـیکایەتخـوانەکـانی تریشدا دووبارە بووەتەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەوان دەوری کارەکتەریشیان لە ڕۆمانەکەدا گێڕاوە.

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی وەسفەکانی ناو ڕۆمانی کاولاش دەچنە خانەی وەسفی بابەتییەوە، بەڵام تەنیا یەک حیکایەتخوان ئەو وەسفانەی ئەنجام نەداوە، بەڵکو بەگوێرەی بەش و زنجیرەکانی ڕۆمانەکە هەر جارەو کارەکتەرێک ئەم کارەی کردووە وەکو لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

خشتەی ژمارە (١)

| وەسفکەر | وەسفکراو | لاپەڕە | جۆری وەسف |
|---|---|---|---|
| مام رەحمان | هیوا | ١ | جۆری وەسف |
| هیوا | مام رەحمان | ١٣ | سەروسیماو روخسار |
| میرزا غەفوور | مام رەحمان | ١٣-١٤ | فڕین و بەرزبوونەوە لە زەوی |
| هیوا | مام رەحمان و مەنیجی ژنی | ١٣-١٤ | رووخۆشی، پیاوچاکی، سەنگینی، سادەیی |
| مام رەحمان | برزۆ | ١٥ | بەدگۆیی، چڵکاو خۆری |
| هیوا | مەنیجی ژنی مام رەحمان | ١٧-١٨ | سەروسیماو روخسارو دەست رەنگینی |
| مام رەحمان | گوڵەی ژنی میرزا غەفوور | ١٩ | ناشیرینی روخسار |
| هیوا | مام رەحمان و میرزا غەفوور | ١٩ | پێکەنین و کەیفخۆشی |
| مام رەحمان | میرزا غەفوور | ١٩ | چاویلکەو رووخسار و جلوبەرگ |
| هیوا | باپیری مێردی خونچە | ٢٠ | لەش سووکی و رووخۆشی و باڵا بەرزی و لاوازی و هێمنی |
| هیوا | چیمەنی کچی خولەی ئاشەوان | ٢٢ | رەمزی جوانی و خاک و کردارو هەڵوێست |
| هیوا | خولەی ئاشەوان | ٢٧ | لاوازی و هەژاری |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەشە جۆلا | ئامەی ژنی | ٢٧ | نەزۆکی و ناشیرینی |
| ڕەشە جۆلا | ژاڵەی ژنی | ٢٧ | جوانی لەشولار |
| ڕەشە جۆلا | مەلا باوەدین | ٢٧ | زمان لووسی |
| ڕەشە جۆلا | ئامەی ژنی | ٢٩ | سەروسیماو جلوبەرگ و تووڕەیی و منجڕی و نارێکی دەم و ددان |
| ڕەشە جۆلا | ژاڵەی ژنی | ٢٩ | جوانی و لەنگی و پاک و خاوێنی جلوبەرگ و چاو ڕشتن |
| ڕەشە جۆلا | باپیر | ٢٩ | جوانی دەست و پەنجە و گەنم رەنگی |
| ڕەشە جۆلا | خولەی ئاشەوان | ٢٩ | پەنجەی کورت و نارێک و ناتەواو |
| مەلا باوەدین | جبرائیل | ٣٩ | باڵ و ڕەنگی باڵەکان |
| مەلا باوەدین | شەیتان | ٣٩ | زاووزێ کردنی شەیتان |
| مەلا باوەدین | عیزرائیل | ٣٩ | درێژی باڵەکانی، کرداری روح کێشانی |
| خونچەی ژنی باپیر | باپیر | ٤٠ | وەسفی باری دەروونی |
| خونچەی ژنی باپیر | کوێخا رەشید | ٤١ | باڵا کورت، گۆشتن، برۆ ڕەش و پڕ، سمێڵ زل، لووت بەرانی، تێکەڵ کردنی مشکی و جامانی |
| خونچەی ژنی باپیر | ئافتاوی ژنی کوێخا رەشید | ٤١ | لاوازی، سوورکەڵەیی، لووت درێژی، برۆ شاش، رەنگی هەوری و مشکی سەری، لووت بەرزی |
| خونچەی ژنی باپیر | پیرۆزی ژنی مەلا باوەدین | ٤١ | پانوپۆڕ، کورتەباڵا، لوت کوون کراو، نەخۆش |
| میرزا غەفوور | خولەی ئاشەوان | ٤٢ | کزۆڵە، خاوخلیچک، ئازاو دەست پاک، ئیشکەر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| میرزا غەفوور | چیمەنی کچی خولەی ئاشەوان | ٤٢-٤٣ | شۆخ و شەنگ، دڵخۆش بەژیان، جلوبەرگی پرتەقاڵی و پەمەیی، ئیشکەرو ئازا |
| میرزا غەفوور | برزۆی کوڕی پوورە سەمەن | ٤٤ | شۆڤارو گێرە شێوێن، روو روخسار بەدو ناشیرین |
| خونچەی ژنی باپیر | ئاتەی دایکی بلە | ٥٠ | هێمن، سالار، خزم دۆست، چاوتێری، لەخواترس |
| هیوا کوڕی باپیر | خولەی ئاشەوان | ٥٣ | سەروسیمای ئارداوی خولە |
| خولەی ئاشەوان | کوێخا رەشید | ٦٠ | تووڕەیی |
| ئامەی ژنی ڕەشەجۆلا | ڕەشەجۆلا | ٦٧ | فرەزانی و بەئاگایی و دوور روانین |
| ژاڵەی ژنی دووەمی ڕەشەجۆلا | ئامەی ژنی یەکەمی ڕەشەجۆلا | ٦٧ | نەفامی و گێلی |
| خونچەی ژنی باپیر | ڕەشەجۆلا | | گەنم ڕەنگ، ژنانی، دەست و پل رەنگاو ڕەنگ، چاو بزۆز |
| بلە | خولەی ئاشەوان | ٧٧ | سەروسیمای ئارداوی |
| هیوا | ڕەشەجۆلا | ٨٩ | هەلپەرست و بەرژەوەند خواز |
| هیوا | عەودلی دوکاندار | ٨٩ | هەلپەرست و بەرژەوەند خواز |
| هیوا | میرزا غەفوور | ١٠٧ | گەنم ڕەنگ، گورج و گۆڵ، دەمودوی خێرا، حەزکردن لە جلی جوان، دەم بەپێکەنین |
| خونچەی ژنی عەودلی دوکاندار | گوڵەی ژنی میرزا غەفوور | ١٠٧ | بەژن زراف، قسەخۆش، چاوزل و گەش، کراسشینی گوڵگوڵی، هەوری لەسەر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بـرزۆی کوڕی پووره سەمەن | بـرزۆ | ١١٢ | مووزەرد، روو ئاوڵاوی، چاوشین، درێژی رەقەڵە، ئاشووب و پیلانگێڕ، سیخوڕی، درۆزنی |
| مەلا باوەدین | میرزا غەفوور | ١٢٠ | دوو روویی میرزا غەفوور |
| پیرۆزی ژنی مەلا باوەدین | مەلا باوەدین | ١٢٠ | چاو و برۆ قەوی، کونەلووت بەدەرەوە، سمێڵ تاشراو، ڕیش جنۆکە، تەگەیی |
| مەلا باوەدین | بلە و هاوڕێکانی | ١٢٠ | بە دووپشک و پەلەوەری ژەهراوی وەسفیان دەکات |
| خونچەی ژنی باپیر | عەودلی دوکاندار | ١٢١ | سوورکەڵەی چاوشین، کەمبین |
| خونچەی ژنی باپیر | بلە | ١٢١-<br>١٢٢ | چاو هەڵۆ، برۆ ڕەش و پڕ، لووت باریک و ڕێک، چەنەگەچاڵ، خەندە شیرین و روو دڵگیر، خێرا گۆ |
| هیوا | خەجەی ژنی عەودلی | ١٢٢ | توندوتۆڵ، مەچەک ئەستوور، زەری پێست، گوارە لەگوێ، زۆر بایەخی بە پۆشاک نەدەدا، خەیاتی کردن |
| هیوا | چیمەنی ژنی خولەی ئاشەوان | ١٣٤ | کراس کەتانی شین، سوخمەی کەسکی گوڵ زێڕین، کەوا مۆر |
| هیوا | بلە | ٢٢٣ | ئازایەتی و چاونەترسی و بزێوی |
| مام رەحمان | چیمەنی کچی خولەی ئاشەوان | ٢٢٩ | ئازایەتی و چاونەترسی |
| مام رەحمان | چیمەنی کچی خولەی ئاشەوان | ٢٥٦ | پاکیزەیی و بێگەردی |

هەموو ئەو وەسفانەی لە خشتەکەدا بەرچاو کەوتوون بەڕاناوی (ئەو) ئەنجام دراون. واتا وەسفکەر خاوەنی شارەزاییەکی تەواو بووە سەبارەت بەو کارەکتەرەی کە وەسفی کردووە و لە نزیکەوە تەماشای کردووە و ئەوسا وەسفەکەی پێشکێش کردووە. ئەم بۆچوونە تەنیا ئەو وەسفە ناگرێتەوە کە لە لاپەڕە (١١٢) دا برزۆ ئەنجامی داوە، چونکە خۆی وەسفی سەرو سیماو روخساری خۆی کردووە بۆ ئەمەش ڕاناوی (من)ی بەکار هێناوە، بۆیە وەسفەکەی دەچێتە خانەی وەسفی خودییەوە.

ئەگەرچی خاوەنی ڕۆمانی کاولاش هەوڵی داوە ڕۆمانێکی نوێ بنووسێت و لە هەندێ شوێنیشدا سوودی لە تەکنیکی ڕۆمانی نوێ وەرگرتووە وەکو کەرتکردنی گێڕانەوە و پاش خستنی ڕووداو و، بەکارهێنانی زیاتر لە حیکایەتخوانێک و هەروەها تێ هەڵکێش کردنی بەشێک لە بڕگە وەسفییەکان لەناو بەشێک لە بڕگە گێڕراوەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕۆمانە دەچێتە خانەی، ڕۆمانێکی ریالیزمی تەقلیدییەوە. لەبەر کۆمەڵێ هۆکار کە ئەمانەی خوارەوە بەشێکی سەرەکین لەو هۆکارانە:

١- بەکارهێنانی ڕاناوی ئەو لە گێڕانەوەدا:

ئەگەر سەیری زۆربەی ئەو بڕگە وەسفییانە بکەین کە لە خشتەی (یەکەم)دا خراونەتە ڕوو، بۆمان دەردەکەوێ کە لەم ڕۆمانەدا زیاتر ڕاناوی ئەو بەکار هاتووە و ئەم ڕاناوە بالادەستە وای کردووە زەمەنی ڕووداوەکان بگەڕێنەوە بۆ رابردوو و، هەتا ڕادەیەکی زۆریش سەردەمی ئێستا پشتگوێ بخرێت. زۆربەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لەلایەن دایکی هیواوە بۆ هیوا باس کراوە و ئەمیش بۆ خوێنەری گێڕاوەتەوە. بۆ نموونە هیوا لە زۆر شوێندا ئاماژەی بەوە کردووە لە کاتی ڕوودانی ئەم بەسەرهاتەدا، ئەو منداڵ بووە:

"ئاتە، پرسیاری منی لە باوکم کرد، کە لە گانگۆڵە بووبوومەوە و بەقەد دیوارەوە ڕاست دەبوومەوە. ئەگەر دیوار نەبوایە کراس و ڕانکەکەی دایکم و باوکم دەگرت. دگانیشم پتر دەبوون. وردە وردە هەنگاوم دەنا... ١٦٨".

لێرەدا هیوا وەسفی منداڵی و هەوڵی پێگرتنی خۆی دەکات لەکاتێکدا کە بەشێکی زۆری ڕووداوەکانی (کاولاش) لەوەوپێش باس کراون.

هەروەها هیوا دەڵێ: "ئێستا وا پێدەکەنم، دەنا ئەوسا گانگۆڵەم دەکردو تازە هەنگاوی لەرزۆکم دەنا... ل ١٩٨".

وشەی ئێستا لەم برگە وەسفییەدا، پێوەندی بەسەردەمی گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە هەیە، بەڵام وشەی ئەوسا ئاماژە بە سەردەمی ڕوودانی ڕووداوەکان دەکات و ئەم دوو وشەیە لە ڕووی زەمەنەوە دوو ئەرکی جیاواز دەگێڕن و وەسفی دوو قۆناغی جیاواز دەکەن. یەکەمیان وەسفکردنی ڕووداو لە ئاستی واقیع و دووەمیان وەسفی ڕووداو لە ئاستی گێڕانەوەدا. ئەم دوو ئاستەش گەلێک لەگەڵ یەکدا جیاوازن و هەرگیز هاوتەریب نابن.

٢-وەسفکردنی واقیع و هەوڵدان بۆ گواستنەوەی وێنەکانی وەکو خۆی بۆ ناو گوتار:

پێش هەموو شتێک دەبێ ڕۆماننووس ئەوە بزانێت کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان واقیع و گوتارو کەسانی ناو واقیع و ڕۆمان هەیە. هەرگیز ناکرێ وێنەی کەسەکانی واقیک وەکو خۆی بگوازرێتەوە بۆناو دەقی ڕۆمانێک، هەموو هەوڵێکی لەم جۆرەش سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. لە ژیانی واقیعیدا هەرچەندە کەسەکانی دەوروبەرمان بناسین، بەڵام ناتوانین پەی بە رازەکانیان ببەین، کەچی ڕۆماننووس بەخۆی کارەکتەر دەخولقێنێ و ئاگای لەژیانی دەرەوەو ناوەوەی ئەو هەیە.[١٣] ئەمەش جیاوازییەکی یەجگار گەورەیە.

لە ڕۆمانی تەقلیدیدا، ڕۆماننووسان هەوڵ دەدەن هاوتەریبی لەنێوان کاتی ڕووداو و، کاتی گێڕانەوەدا بکەن لەبەر ئەوە «لە ڕێی حیکایەتخوانێکی تەقلیدییەوە بەڕاناوی ئەو وەسفێکی وردو دەرەکی وەسفکراو دەکەن بەجۆرێ کە خوێنەر وابزانێ زەمەن لە جووڵانەوە و گەشەکردن وەستاوە»[١٤] هەمان ئەم دیاردەیەش لە وەسفی وردی دیمەن و روخساری دەرەوەی کارەکتەرەکانی (کاولاش) دا بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە لە وەسفی سەروسیمای خولەی

ئاشـەواندا هیوای حیکایەتخوان دەڵێ: "خـولە ئەو دەمە چاو و برۆی بـەگەردی ئارد سپی ببوون. مووی سەرو ریشی، مووی باسکی سپییان دەکردەوە. تەنیا لە جووتە چاڵی چاوەکانییەوە، دوو هەڵمات دەبریقانەوە، وەکو دوو قلە ترێی ڕەش بوون، وەکو قالۆنچەیەکی ڕەش و تاکەکەی... ل٥٣".

ئەم وەسـفـە، لـە وێنەیەکی فـۆتۆگـرافی دەچێ و حـیکایەتخـوانێکی هەمـوو شــتــزان لەنزیکەوە وێنەکــەی گــرتووە. لەڕێی راناوی (ئـەو) و بەکــارهێنـانی ئامرازی لێکچوواندنی (وەکو) کە دووجـار بەکار هاتووە، چاوەکـانی خـولەی ئاشـەوانیـان پێ چوێنـدراوە بە قلە ترێ و قـاڵۆنچـە لە رەشـیـدا. ڕۆمـاننووس هەوڵی داوە وێنە واقیـعییـەکانی ناو زەینی کـە لەژیانی ڕۆژانەوە وەری گرتووە، لە وەسفی چاوە رەشـەکانی خولەی ئاشـەواندا بەکار بهێنێ. هەمـان ئەم جۆرە وەسـفـە بابەتییە لە دەیان شـوێندا دووبارە بووەتەوە. بۆ نموونە دایکی هیـوا لە گۆڕەکەیەوە بەم جـۆرە وەسـفی ئافـتـاوی خـێزانی کـوێخـا رەشـیـد بۆ هیـوای کوڕی دەکات و دەڵێ: «هـەرچی ئافتـاوی خـێزانی بوو، وەکو دار بامیـە باریک بوو، سـوورکـەلـە. لووتی درێژ و برۆکـانـی شـاش بوون. مـشـکیـیـەکی بەسـەر هەورییەکی سەوزەوە دەبەست. دانیشتنی زۆری کوێخا ژن لەگەڵ مەلا ژن بوو. ئافتاو لووتبەرز و ترزلیش بوو، ... ل٤١".

٢- لە وەسفی دەروونی کارەکتەرەکانیشدا، هەمـان شێوازی بابەتی گیراوەتە بەرو برگە وەسـفـیـیـەکان تەنیـا لە دەرەوە باسـی نـاوەوەی کـارەکـتـەرەکان دەکـەن. ئەو وەسـفانەش کـە هەندێ کـارەکـتـەری وەکو چیـمـەن بۆ دەروونی خـۆی دەیکات، لە رێـی حـیکایەتخـوانی هـەمـوو شـتـزانـەوە خـراونـەتە ناو گوتاری ڕۆمانەکەوە. بلەی حیکایەتخوان بەم جۆرە وەسفی باری دەروونی چیمەنی کچی خولەی ئاشەوان دەکات و دەڵێ: "بە چیمەنم گوت: (چیمەن گیـان بۆ مارە بڕینەکەمـان دەچینە گردە چەرموو) دیسـان دەمی نەکردەوە! بەڵام سـەرانسـەر ئەندامـانی لـەشی خـەریکی باڵە فـڕکـە و پەرەوازکـردن بوون!

(خوات لەگەڵ

خوات..)

چیمەن بۆی تەواو نەکراو پڕ قورگی گریانی شادی بوو. هەردوو چاوی ئەشکی کامەرانی تێ زا... ل٧٨-٧٩".

لەم وەسفە دەروونییەدا، حیکایەتخوان نەچووەتە ناو ناخی چیمەنەوە بۆ ئەوەی لەوێوە باری دەروونی دڵشادی ئەومان بۆ وەسف بکات، بەڵکو لە دەرەوە تەنیا لە ڕێی باڵە فرکێی ئەندامەکانی لەش و گریانی شادی و فرمێسکی کامەرانی چاوەکانی ئەوەوە هەوڵ دەدات ئەوەمان بۆ بسەلمێنێ کە چیمەن بەو باس و خواستە کامەران بووە و هەستی بە بەختەوەری کردووە. هەروەها حیکایەتخوان لەباتی ئەوەی باری دەروونی چیمەن لە گۆشەنیگای ئەوەوە وەسف بکات، هاتووە لە گۆشەنیگای خۆیەوە ئەوەمان بۆ دەکات.

هەمان ئەم جۆرە وەسفە دەروونییە، کە بەوەسفێکی بابەتی دادەنرێ، لەزۆر شوێندا وەکو خۆی دووبارە دەبێتەوە. بۆ نموونە هیوای حیکایەتخوان بەم جۆرە وەسفی باری دەروونی بلە دەکات و دەڵێ: "هەستی بە هەناسەی با دەکرد، هەناسەی مێرووولان، بۆنی خاکی ژێر پێی ئەوانە گشت وایان پێ هەست دەکرد، پەڕ و باڵی گرتبوو. وای هەست کرد لەسەر زەوی ڕێ ناکات... سێبەرەکەشی سڕراوەتەوە! تێکەڵاوی سروشت بووە یان لە سروشتدا تواوەتەوە... ل٧٨".

ئەم وەسفە هێندە سادە و ساکارە، تەنانەت ناچێتە ئاستی ئەو وەسفە دەروونییەوە کە لە هەر ڕۆمانێکی تەقلیدی سەدەی نۆزدەمی ئەورووپاییدا بەرچاو دەکەوێت.

لە وەسفە دەروونییە خودییەکانیشدا، وەسفەکان زۆر سادەن و ناتوانن بەشێوەیەکی کارامە وێنەیەکی گونجاوی دەروونی کارەکتەرەکان بخەنە بەرچاو. بۆ نموونە بلە لە وەسفی دڵخۆشی خۆیدا دەڵێ: "چوومە دەر و نیگام بۆ ئاسمان نارد تیشک و پرتەوی خۆر وەکو جاری پێشوو شەوارەی نەکردم،

ناوبەناو دەمویست بپژمم..! گرمەی هەور دەهات و هیچ بارانێک ڕۆی نەکرد. بەهەمان ڕێگەی خۆما گەڕامەوە، دیمەنی ڕێگە و بان و چەمەکە، لە چاومدا ڕەنگینتر بوون و گەشتر بوون. ڕەنگەکان ئاوادارتر بوو. هێڵەکان لەنجەدار و زیندووتر بوون. هەستەکانم پڕبوون لە ئاوازی چەمەکە و بەزم و ڕەزمی باڵندەی ئەو ئاقارە... ل٧٧–٧٨".

سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆماننووس لە ڕێی باسکردنی تیۆرەکانی ڕۆمانەوە دەیەوێ باسی ئەوە بکات کە ئەم ڕۆمانە لەسەر شێوازێکی نوێ نووسراوە، بەڵام بنیاتی کارەکتەر و کات و شوێن و وەسفەکان پێچەوانەی ئەو خۆزگەیەن و ئەوە پیشان دەدەن کە تەنیا باسکردنی هەندێک بنەمای ڕۆمانی نوێ نابێتە مایەی ئەوەی کە ڕۆمانەکە لە خانەی ڕۆمانی تەقلیدی بچێتە دەرەوە. لەم ڕووەوە ئێمە وەسفی کارەکتەر و سروشت و ژینگە و وەسفی شوێن و کاتی ئەم ڕۆمانە بە وەسفێکی تەقلیدی دەزانین و ئەمەش وای کردووە بنیاتی ڕۆمانەکەش هەر لەم جۆرە بێ.

وەسفی کارەکتەر لەم ڕۆمانەدا، وەسفێکی دەرەکی و ڕازێنەرەوەیە و نەبووەتە هۆی ئەوەی کە کارەکتەرو ڕووداوەکان گەشە بکەن، کەچی لە ڕاستیدا دەبێ هەر وەسفێک ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەوانە زیاتر پەرە بسێنن و ئۆرگانییەتی ڕۆمانەکە بەهێز بکەن. لەم بارەیەوە فلۆبێر دەڵێ: «وەسف لە خۆڕا ناکرێ، بەڵکو دەبێت هەر کۆپلەیەک لە کۆپلەکانی خزمەتی کارەکتەر بکات و دەورێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە پەرەسەندنی ڕووداودا هەبێ بۆ ئەوەی هەموو توخمە پێکهێنەرەکانی دەقی ڕۆمان یەک بگرن و یەکێتییەکی ئۆرگانی پێک بهێنن».[١٥] لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا ئێمە هەست دەکەین کە وەسفەکانی ئەم ڕۆمانە نەیان توانیوە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەن، چونکە لابردنی بەشێکی زۆریان، بەتایبەتی وەسفەکانی سروشت کە لە شوێنی خۆیدا باسیان دەکەین نابێتە هۆی ئەوەی چارەنووسی کارەکتەر و ڕووداوەکان بگۆڕێن و ململانێیەکان بووەستن، یاخۆ بنیاتی هونەریی ڕۆمانەکە تێک بچێت.

٤– ئەم ڕۆمانە، مۆرکێکی مێژوویی وەرگرتووە و باسی چەند ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەکات کە لە ژیانی میللەتی کورددا ڕوویان داوە. مێژووی ئەو ڕووداوانەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٦ کە لەو کاتەدا کۆمەڵێ سیاسەتمەداری کورد بەسەر کردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد لە سەرکردایەتی شۆڕش جیا بوونەوە. لێرەدا بلە کورتکراوی ناوی ئیبراهیمە و کوێخا ڕەشیدیش هێمایە بۆ سەرۆکی شۆڕشی ئەیلوول و گوندی چیمەن هێمایە بۆ کوردستان و ئاشەکەی چیمەنیش هێمایە بۆ شۆڕشی گەلی کوردستان. ئەم ڕاستییانەش ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕۆماننووسەوە لە لاپەڕە (١٦)دا بەم جۆرە لە گفتوگۆیەکی نێوان دێوەرە و برزۆدا ئاماژەی پێکراوە. دێوەرە دەڵێ: "ئەمجا، بەگوژینەوە، لە سندووقە دارینەکەم، تەواوێک، ورد بووەوە، بەسووکە تێز و مەغزاوە پرسیارێکی ئاراستە کردم. (ئەمەشت زیاد کردووە! ئەم نووسراوە سەوزانە چین بە لاتەکی سنووقە شرەکانتەوە؟) بە بێزاری و توندی وەڵامی برزۆی پوورە سەمەنم دایەوە (هەی گوێدرێژ، کوڕەکەم.. نووسیویە.. هەزار و.. نۆ سەدو لەو دیوەوەش، شەست و شەش. تێگەیشتی هەی گەلحۆ.. ل١٦".

ئەم بەڵگەیەش ڕاستەوخۆ دژی بۆچوونی نووسەرە کە دەڵێ: "ئەوە بۆیە، نە ڕیزی کاتی میکانیکی دەگرم و... نە مێژوویەک بۆ چەند کەسانێک بێ و بەس. دەنا کوێخا ڕەشید کێیە و.. بلە چییە! ئەوان بەردی دامەن بۆ گوتنی نیازی سەرەکیم.. ل٣٥".

لە شیکردنەوەی ئەو کۆپلەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە نووسەر لە کاتێکی میکانیکی و مێژووییەوە دەستی پێ کردووە و ئەم ڕۆمانەشی بۆ ئەوە نووسیوە کە وەسفی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بکات، بەڵام ڕووداوە ڕاستەقینەکانی تێکەڵ بەخەیاڵ کردووە و کۆمەڵێ شتی خستووەتە سەر بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆمانێکی هونەری بنووسێت، چونکە «وێنەگرتنی مومکین و خەیاڵی تەنیا درێژە پێدانی وێنەی واقیع و ئەو شتە باوانەی ژیانی ڕۆژانەمانە. ئەم وێنەگرتنەش مرۆڤ وەکو خۆی بەجێی ناهێڵێ بەڵکو شتێکی نوێی دەخاتە سەر».[16]

بەگوێرەی ئەو مێژووەش کە دەستنیشان کراوە، کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە، بەتایبەتی بلەو کوێخا ڕەشید، هەروەها چیمەن وەکو گوندێکی کوردستان کە بووەتە شوێنی ڕووداوەکان، ئەمانە دەورێکی سەرەکییان هەبووە لەوەی کە ڕۆمانەکە بڕواتە خانەی، ڕۆمانی ریالیزمی تەقلیدییەوە و زۆربەی گێڕانەوەکانی لە زەمەنی رابردوودا خۆیان بنوێنن. بەهۆی ئەمەشەوە گێڕانەوەو وەسف لەم ڕۆمانەدا جیاوازییان لە نێواندا بەدەرکەوتووە و ڕۆمانەکەش لەڕۆمانی نوێ دوورکەوتووەتەوە.

لە ڕۆمانی نوێدا، هەوڵی بەمیتۆدکردنی زەمەنی ئێستا دەدرێ بەمەش ئەو جیاوازییە تەقلیدییەی نێوان گێڕانەوەو وەسف هەڵدەوەشێتەوە کە لەسەر بناغەی دژیەکی زەمەنی دامەزراوە[١٧].

**تەوەری دووەم: بنیاتی وەسفی سروشت**

لە ڕۆمانی کۆندا بەگشتی سروشت و دیاردەکانی ناو سروشت دەوری ئارایشکارییان گێڕاوەو چوارچێوەیان پێکهێناوە. ئەم جۆرە وەسفەش لە ڕۆمانەکانی سامۆئیل ریچاردسۆن و هێنری فیلدینگ و شارلز دیکینز هەروەها لە ڕۆمانی جین ئیر لە نووسینی شارلۆت برۆنتێدا بەرچاو دەکەوێت. بەڵام هەمان ئەم وەسفانە لای بەلزاک کۆمەڵێ هێمای کۆمەلایەتی و دەروونی و رەوشتی دەبەخشن[١٨].

ریالیزمی پاش بەلزاک، لە فلۆبێرەوە دەستی لەو هێماکارییە هەڵگرت و سەرجەم وەسفەکان بەوەسفی سروشت و کارەکتەریشەوە تەنیا بۆ چێژو وێنە دروستکردن ئەنجام دەدران[١٩]. ئەمەش لە بەهای وەسفەکانی ئەوانی کەم کردووەتەوە.

وەسفی سروشت دەبێت وێنەیەکی واتادار بێ، بەهایەکی دەروونی و کۆمەلایەتی هەبێت. واتا ڕەنگدانەوەی باری دەروونی و کۆمەلایەتی کارەکتەرەکان پیشان بدات. هەروەها دەوری هەبێ لە دیاریکردنی کات و شوێن و ژینگە و کەشی کۆمەلایەتیی ئەواندا. لەلایەکی دیکەوە دەبێ یارمەتی

کارەکتەرەکانی ڕۆمان بدات بۆ ئەوەی «لەگەڵ گۆڕانی ژینگەی دەوروبەریان ئەوانیش بگۆڕێن، واتە کەشێکی گونجاو بۆ تەفاعول و پەرەسەندن، لەگەڵ پەرەسەندنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بخولقێنێ»[٢٠].

وەسفی سروشت لە ڕۆمانی (کاولاش)دا، هەندێ بەهای دەروونی هەیە، کەچی لەزۆر شوێندا تەنیا وەکو تابلۆیەکی ڕازاوە دێتە بەرچاو و، هیچ بەهایەکی کۆمەڵایەتی پیشان نادات، هەروەها دەوری لە پەرەسەندنی ڕووداو و، کارەکتەرەکاندا نییە.

لەم ڕۆمانە، لە کۆمەڵێ کۆپلەدا وەسفی سروشتمان بەرچاو دەکەوێت کە هەریەکە و حیکایەتخوانێک، یان کارەکتەرێک ئەنجامی داوە. وەکو لەم خشتەی خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە:

خشتەی ژمارە ٢

| جۆری وەسف | وەسفکەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| مۆن و کرژی ئاسمان | هیوا کوڕی باپیر | ١٣ |
| بۆن و بەرامەی خاک | هیوا کوڕی باپیر | ١٣ |
| تەڵخی ئاسمان | هیوا کوڕی باپیر | ١٤ |
| پایز | هیوا کوڕی باپیر | ١٥ |
| ڕەنگی خنکاوی ئاسمان | هیوا کوڕی باپیر | ١٥ |
| خۆرهەڵات | هیوا کوڕی باپیر | ٢٣ |
| شەو و ئەستێرەکان | هیوا کوڕی باپیر | ٣٣ |
| هەتاو و دارستان و تەمی ناو چەم | ڕەشەجۆلا | ٣٤ |
| ئاو و خاک و باڵندە | خونچەی ژنی باپیر | ٥٠ |
| کڵاو کوڕە و پەڵە هەور و هەتاو | هیوا کوڕی باپیر | ٥١ |

| | | |
|---|---|---|
| بەستێن و دارکاژی ناو چۆمەکان | هیوا کوڕی باپیر | ٥١ |
| سروشتی دەوروبەری ئاشەکەی گوندی چیمەن | هیوا کوڕی باپیر | ٥٢ |
| گەڵا ڕێزان و سێبەری درەختەکان | هیوا کوڕی باپیر | ٥٣ |
| کۆتایی پایزو سەرەتای زستان | خولەی ئاشەوان | ٦٣ |
| بەفر بارین | هیوا کوڕی باپیر | ٦٥ |
| ئاسمان و چیا | عەودلی دووکاندار | ٩٤ |
| شەو | هیوا کوڕی باپیر | ٩٩ |
| وەرزی بەهار | خونچەی ژنی باپیر | ١٠٥–١٠٦ |
| با، پەپووله، بەردی کانی، چۆلەکە | هیوا کوڕی باپیر | ١١٠ |
| سروشت و رەفتاری گیاندارانی ناو سروشت | مەلا باوەدین | ١١٩ |
| گەرماوی مانگی گوڵان و باڵندە و گیانەوەرانی گوندی چیمەن | هیوا کوڕی باپیر | ١٣٩ |
| هەتاو، و دارو درەخت و میوەجاتی هاوین | هیوا کوڕی باپیر | ١٦٣–١٦٤ |
| ئێوارەو گۆڕانی رەنگەکانی سروشت | هیوا کوڕی باپیر | ١٦٧ |
| ئاسمان و ترسی ئەستێرەکان لە تاریکی | هیوا کوڕی باپیر | ١٧٠ |
| خۆرەتاو، و مەلی ئاسمان | هیوا کوڕی باپیر | ١٧٩ |

کۆپلە وەسفییەکانی سروشت لەم ڕۆمانەدا دەکرێن بە دوو بەشەوە، هەندێکیان درێژو هەندێکی دیکەیان کورتە. بۆ نموونە دایکی هیوا دەڵێ: «بەهار وەرزی پەپوولانە. لە گشت لایەکدا خۆی دەردەخست، بەتایبەتی گوڵاڵە سووره لەو تەختاییەی کانی ژناندا مافوورێکی دەسچنی رەوەندەکانی ڕادەخست. بۆنی پوونگ و چاترەو گولیلکەی هەمە رەنگ بنیادەمی کاس

دەکرد ئەو گوزەرە پڕ دەبوو لە کەروێشکی خڕپن، کڵاو کورە، کەرەواڵە و ڕەنگاڵە، خۆقیرِ و هوڕی بۆقی تەنکاوەکان گەڕەلاوژەیەک بوو، بیسەری وەڕس دەکرد. مێشهەنگی ئەویندار وەک بۆ کاروان بچێ، تێر و پرکوڵمی گولیلکەی ئەو لێژی و پێدەشتانەی دەمژی...ل٥١٠-١٠٦».

ئەم وەسفە تا سەرەتای لاپەڕە «١٠٧» درێژە دەکێشێ، بێ ئەوەی هیچ مانایەکی کۆمەڵایەتی، یان دەروونی بگەیەنێ. لە هەمان کاتدا بووەتە مایەی وەستانی زەمەنی گێڕانەوەو دابڕانی وەسفەکە لە ڕێڕەوی ئەو گێڕانەوەیە.

لە وەسفێکی هەمان جۆردا خولەی ئاشەوان دەڵێ: "هەورێکی ئاوس، لە دەرگاکەوە دیاربوو، کۆتایی پایزەو سەرەتای زستان ها ئێستا و ها نەختێکی دیکە، باران لێزمە دەکات. بۆنی زەوی بەچوار لادا بڵاو دەبێتەوە... ل٦٣".

لەم وەسفەدا جگە لەوەی کە ئاماژە بە کۆتایی پایز و هاتنی سەرەتای زستان دەکات، هیچ چەمک و هێمایەکی دیکەی تێدا بەدەرناکەوێت و بەشداری ناکات لە بەردەوامی گێڕانەوەو تیژکردنی ململانێیەکان و پەرەسەندنی کەسایەتیی کارەکتەرەکاندا.

ڕەشەجۆڵا، وەکو حیکایەتخوان و کارەکتەرێکی ئەم ڕۆمانە، تابلۆیەکی ڕازاوە بۆ کاتی خۆرهەڵاتی ناو گوندی چیمەن، لە وەسفێکی ورددا پێشکێش دەکات و دەڵێ: «بۆ سپێدەکەی هەتاو کەوت و هەڵاوی شەونم دەڤەرەکەی داپۆشیبوو، پاش ئەوەی کەڵەشێرەکان، بەباڵیان چەپڵەیان لێداو...تێروپڕ قووقاندیان. دێ ڕاپەڕی. ژاڵەو دارو دەوەنی کەرخی چەمەکە، لەناو تەمومژێکی زیویندا، بەکامی دڵیان، مەلەیان کرد. تەمەکە، سەوزایی پەڵکە دارەکانی قووت دابوو، بەڵام لە ڕۆهەڵاتەوە، خاو خاو تیشکی هەتاو تینی دەدایە خۆی و شالاوی گەردە زێڕەکەی دڕی بە تەمەکە دەدا. ڕەنگە گەشەکانی داری ژاڵەو دەوەنەکانی لێ دەستاندەوە...ل٣٤».

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم وەسفە کۆمەڵێ کرداری تێدایە وەک: (کەوت، چەپڵە لێدان، قووقان، ڕاپەڕی. مەلەیان کرد، قووت دابوو، دەدایە، دڕی دەدا، لێ دەستاندەوە) بەڵام وەسفەکە وەستاوەو نەبووەتە هۆی ئەوەی کە لە ڕووی

زەمــەنەوە ڕووداوەکــان بەرەوپێش بچـن. واتا وەسـفـەکـە زیادەیە «بـۆ ئەوەی وەسـفـیش، لـە بەرهـەمـێکی داهێنراودا بـە پێویست بزانرێت دەبێت وا پیشـان بدرێ کە بەشێکە لەکارە هونەرییەکە و پێداویستییەک ئەوەی خوازیوە ئامادە بێ بۆ ئەوەی ڕۆڵە کاریگەرەکـەی لە ڕووداو، یان- پەرەسـەندنی- کـارەکتـەر، یاخۆ پلۆتدا بگێڕێت»[21].

لە وەسـفێکی دیکەی سروشـتـدا، هیـوای کوڕی باپیر دەڵێ: «بایەکی فێنک هەڵی کرد، پەپوولەی هـەمـەڕەنگ بەو گوزەرەدا ئەم گوڵ و ئەو گوڵیـان دەکرد. مـەلۆچکان خـەریکی چینەکردن بوون. بـەردی تیـمـاری کـانیـاوەکـە قـاوەیی بوون...ل١١٠».

ئەم وەسـفـەش تـەنیـا بـووەتە هۆی درێژکـردنەوەی ڕۆمـانەکە ئـەگینا هیچ بایەخـێکی نییـە لە ڕووی ئەرک و هێـمـاوە، کەچی لە هەندێ وەسـفی دیکەدا، دەبینـین تابلۆ وەسـفکراوەکـان بوونە بـەهۆی ئەوەی لە ڕێی ئەوانـەوە هەست و سـۆزی کارەکتـەرەکـان بە شـێوەیەکی جووڵاو بەدەربکەون، بۆ نموونە هیـوا دەڵێ: «لەپێش زنجـەکەیاندا، چیمـەن دەیڕوانییـە چەم و جـوغـردەکە. هەندەی زانی کـەوتـووەتە حـاڵەتێکی ئەوتـۆوە کـە هەست بە هـەناسـەی دارسـتـان و جـمـوجـۆڵی وردەمـاسـی پەنای بەردو چەوە ڕەنگینەکـان دەکـات ! بەقـامکی، چاوەکـانی هەڵپـرواند. پتـر ڕەنگی جـۆراو جـۆری سـروشـتـی قـۆزتەوە. ڕووی ئاوەکەی دی، خـەندەی ئاسـمـانی کوژەکەیی دەگەیاندە بیلبیلەی چاوەکانی ! هەناسـەیەکی درێژو پڕ بەدڵی هەڵکێشا خـۆی بە بەشـێک زانی لەو سـروشتـە، کە وەک دایکێکی میهرەبان لەباوەشی پڕسۆزی خۆی توندی کردبێ...ل٧٢».

لەم وەسفەدا، جووڵەی سروشت و کارەکتەر، هەروەها خـەندەی ئاسمان و تێـڕامـانی چیـمـەن یەکـیـان گـرتووە. بـەمـەش وەسـفـەکـە ڕەنگدانەوەی باری دەروونی کارەکتەری لە سروشتدا نواندووە.

لە هـەنـدێ وەسـفـی سـروشـتـدا، ئەوە دەردەکـەوێ کـە سـروشت چەند کـار دەکاتـە سـەر کـارەکتـەرو چـۆنی ڕەفتـاری لەگەڵدا دەکـات، بۆ نموونە هـیـوای کوڕی باپیر دەڵێ: «مـۆن و گرژ بوو ڕووی ئاسمـان. هەمـان مۆنی و گرژی، لە

ڕوومدا وەک مام ڕەحمان گوتی: ڕەنگی دایەوە. بە تەنگەتاوی و پەشێوی خۆم کوتایە ناو چیمەنەوە. هەورێکی ئاوس سکی خستبووە سەر زەوی...ل١٣»

لەم وەسفەدا، دوو کارەکتەر بەشدارییان کردووە. یەکەمیان کە حیکایەتخوانەو، وەسفی گرژی و مۆنی ڕووی ئاسمان دەکات، دووەمیشیان مام ڕەحمانە کە وەسفی ڕەنگدانەوەی ئەو گرژو مۆنییەی ئاسمان لە ڕووی هیوادا دەکات. لەلایەکی دیکەوە هیوا وەسفی تەنگەتاوەی خۆی دەکات لەترسی ئەوەی نەوەک هەورەکە داکات و جلوبەرگەکانی تەڕ بکات. ئەم جۆرە وێنە وەسفییە، جوانی و جووڵانەوە و تەفسیری کرداری تێدا بەدەردەکەوێت.

لە وەسفێکی دیکەدا، هیوای کوڕی باپیر ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن سروشت دەبێتە هۆی گۆڕانی ڕەنگی کارەکتەرەکانی ترو دەڵێ: «لاپەڕەی ئاسمانی تەڵخ و کەچڵاو لە ڕووی ئەو کەسانەدا ڕەنگی دایەوە، بەشێوەیەک ئەوی گەنمڕەنگ بوو بەڕەشتاڵە دەهاتە پێش چاوی بەرامبەرەکەی...ل١٤»

هەروەها لەم ڕۆمانەدا، لە کۆمەڵێ بڕگەو ڕستەی کورتدا وەسفی سروشت کراوە. پاش تەواوبوونی وەسفەکانیش یەکسەر گێڕانەوە دەست پێ دەکاتەوە. بۆ نموونە:

١- «ئاسمان کوندەیەکی دڕاو بوو. باپیر لەولاوە وەستابوو...ل٢٠».

٢- «ئاسمان شین شین بوو. تەنیا هەورێک شینایی لای ڕاستی بزرکاندبوو. لەبەر دەرگاکە، چیمەنم لە خۆم نزیک کردەوە...ل٦٢»

٣- «ڕەنگی ئاسمان گۆڕا وەکو ئەوەی ڕووناکی مافوور بێ و دەستێکی نادیار لوولی دا و هەوری لەجێ دابنێ. چیمەن ڕووی کردە ژووری کارگەکەم و سڵاوی ڕۆکرد... ل٨٦».

٤- «شەوێکی ئەنگوستەچاو بوو. بە ملکەچی لە گۆڕستان گەڕامەوە بەرەو تەنیایی خۆم... ل٨٨».

٥- ڕۆژ، تیشکی سۆز و ڕەحمەتی دەنارده چیمەن. سەرقوتکەی شاخ و پۆپنەی درەختەکانی لە غوباری زیو و زێڕ هەڵدەکێشا. کوێخا

بەصوحبەتەوە دەمی لەمیرزا نا... ل۱۱۸».

ئەم جۆرە وەسفە کورتانەی سروشت لە گەلێ شوێنی ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەون، بەڵام تێکەڵ بەگێڕانەوەکە نەبوونە، بۆیە هەر بەوەسفی دابڕاو و، تەقلیدی دادەنرێن و بەجۆرە هەوڵدانێک دادەنرێن بۆ وەستان، یان دواکەوتنی زەمەنی گێڕانەوەی ڕووداوەکان.

**تەوەری سێیەم: بنیاتی وەسفی شوێن**

وەسفکردنی شوێن کارێکی هێندە ئاسان نییە، بە تایبەتی ئەگەر بمانەوێ لە بەرهەمێکی هونەری وەکو ڕۆماندا ئەو وەسفە بنیات بنێین.

شوێنی ناو ڕۆمان، دەقاو دەق لە شوێنی ڕاستەقینە ناچێت. خەیاڵی ڕۆماننووس بەرهەمی دەهێنێ. ئەرکی ڕۆماننووسیش گوازتنەوەی واقیع نییە بۆ ناو ڕۆمان، بەڵکو پێشکێشکردنی کارێکی هونەرییە، هونەریش وەکو پرۆست دەڵێ: "برێتی نییە لە پیشاندانی واقیعی بەردەست، یان گوزارشت کردن لە هەندێ هزری پێشینە، بەڵکو دووبارە داهێنانەوەی واقیعە بە گواستنەوەو دانانی لە ئاستی خەیاڵ و دەربڕین و شێواز...»[۲۲]، کەواتە نابێ و لە تواناشدا نییە ڕۆماننووس وێنەکانی شوێنی واقیعی وەکو خۆی لە تابلۆیەکی وەسفیدا بخاتە بەرچاو. لەگەڵ ئەوەشدا، یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی وەسفی (کارەکتەر، ڕووداو، شوێن... هتد) ئەوەیە، خوێنەر ڕازی بکات کە ئەو جیهانە خەیاڵییە بۆی وەسف دەکرێت، جیهانێکی واقیعی و ڕاستەقینەیە. لەبەر ئەوە «بەشێکی زۆر لە ڕۆماننووسان هەوڵ دەدەن بنیاتی شوێن لە ڕۆمانەکانیاندا دەرفەتی ئەوەیان بداتێ کارەکتەرو ڕووداوەکان وەکو کۆمەڵە بوونەوەرێکی زیندوو و، ڕووداوی ڕاستەقینە پێشکێش بکەن. هەندێکیشیان بەتێری وەسفی شوێن دەکەن بۆ ئەوەی خاسیەتی شوێنی واقیعی پێ بدەن"[۲۳].

لە ڕێی وەسفی شوێنەوە دەکرێ، وەسفی ژیان و گوزەران و داو و نەریت و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و فیکری و دەروونی و...هتد. کارەکتەرەکان

بکرێت. هەروەها دەکرێ وێنەکانی ژیانی رابردوو و، ئێستای ئەوان بخرێتە بەرچاو.

وێنەی وەسفی هەر خانوویەک، لە شاردا بێ، یان لە گوند، یاخۆ وەسفی هەر دیوارو پارچە کەرەستەیەکی ناوماڵ، دەکرێت سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ پێشاندانی سروشت و مەزاجی کارەکتەرەکان، یان باری هەژاری و دەوڵەمەندی ئەوان. لەبەر ئەوە دەبێت رۆمانوونوس بزانێ چۆن کەڵکیان لێ وەربگرێ و نەبێتە مایەی ئەوەی کە خوێنەر بەسەریاندا بازبداو بەگرینگیان نەزانێت، چونکە ئەو «پەلەیەتی بۆ زانینی حیکایەتەکە، لەبەرئەوە دەسەڵات بەخۆی دەدا کە ئەو لاپەڕە وەسفییانە لابەرێ کە بەلای ئەوەوە چوارچێوەن، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو چوارچێوەیە، هەمان واتای ئەو تابلۆیە دەدات کە لەخۆی گرتووە»[٢٤].

وەسفی شوێن لە رۆمانی کاولاشدا، کەمتر لەوەسفی کارەکتەرو سروشت بایەخی پێ دراوە ئەگەرچی بەگشتی ئەو شوێنە، واتا گوندی چیمەن، کراوە بەهێمای مرۆڤ و نیشتمان. هەروەها وەسفی هەندێ شوێنی ناو گوندی چیمەن و دەرەوەی ئەو گوندە خراوەتە ناو دەقی رۆمانەکەوە وەکو لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

خشتەی ژمارە ٣

| ناوی شوێنی وەسفکراو | وەسفکەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| خانوو بەرەی گوندی چیمەن | خونچەی ژنی باپیر | ٢٤ |
| دارستان و چەمی گوندی چیمەن | ڕەشەجۆڵا | ٢٤ |
| خانووەکەی کوێخا رەشید و چۆنیەتی دروستکردنی خانووەکەی مەلا باوەدین | هیوای کوڕی باپیر | ٤١، ٤٢ |
| ئاشەکەی گوندی چیمەن | میرزا غەفوور | ٤٣ |
| دیوەخانەکەی کوێخا رەشید | میرزا غەفوور | ٤٣ |

| | | |
|---|---|---|
| کانی ژنان | میرزا غەفوور | ٤٣ |
| شوێنی جوگرافی گوندی چیمەن | ڕەشەجۆڵا | ٨٣ |
| کانیاو و خانووبەرە و کەرەستەکانی بیناسازی گوندی تەلان | ڕەشەجۆڵا | ٨٤ |

هەندێ شوێنیش تەنیا ناویان هاتووە بێ ئەوەی ڕۆماننووس وەسفیان بکات وەکو:

١- ماڵی باپیر

٢- ماڵی ڕەشەجۆڵا

٣- ماڵی مام رەحمان

٤- ماڵی بلە

٥- ماڵی کاکەوەیس

٦- دووکانەکەی عەودل

٦- مزگەوتەکەی گوندی چیمەن

٦- زنجەکەی خولەی ئاشەوان

٧- شوێنی خولەی ڕەشەجۆڵا

لە وەسفی چیمەن و هێماکانی چیمەندا، ڕۆماننووس چیمەنی کارەکتەرو چیمەنی گوند دەکاتە یەک و دەڵێ: "هەر چەندەش تۆی خوێنەر چیمەن و خولەت نەناسیوە، پەلە مەکە، وەلێ لە یادت بێ، کە چیمەن هەم کەسەو هەم زێد. ئەم چیمەنستانە بەتەنیا جێگە نییە ڕووداوی لە باوەش گرتبێ، یان پانتاییەکی جوگرافی بێ کەسەکان تەراتێنی تێدا بکەن و بەس، بەڵکو چیمەنستان بنەمایە.. تەوەرە...کەسایەتی و کردارو ڕووداوەکان لەخۆی کۆ دەکاتەوە - ئەی بۆ خۆی پاڵەوان نەبێ وەکو ئەوان... ل٢٢".

لەم کۆپلە وەسفییەدا، ڕۆماننووس ئاماژە بەوە دەکات کە ویستوویەتی لە ڕێی ناوی چیمەنی کارەکتەرەوە گوندی چیمەنیش وەکو (پاڵەوانێک) بخاتە

ڕووو. بەڵام لەراستیدا ئەو نەیتوانیوە لە سەرجەم ڕۆمانەکەدا ئەم مەبەستە بەدی بهێنێ و گوندی چیمەنیش وەکو ناوچەیەکی جوگرافی ماوەتەوە و وێنەکانیشی کە لە تابلۆ وەسفییەکاندا نەخشەکێشراون تەنیا وەکو شوێنی ژیانی کارەکتەرەکان و شانۆی ڕووداوەکان ماوەتەوە. بۆ نموونە و بەڵگە لەسەر ئەم بۆچوونە ئەگەر تەماشای وەسفی جوگرافی گوندی چیمەن بکەین کە لەلایەن ڕەشەجۆلاوە پێشکێش کراوە، بۆمان دەردەکەوێ کە چیمەن گوندێکی سادە و ساکارە و هیچ نانوێنێ بۆ ئەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان بگۆڕێ و کاربکاتە سەر ڕەفتاری کارەکتەرەکان و ئامانج و مەبەستەکانیان بەرەو ئاقارێکی دیکە بەرێت. ڕەشەجۆلا دەڵێ: "چیمەن، لە دامێنی لێژییەکدا هەڵکەوتبوو. لای ڕۆهەڵاتی چەم و بێشەو دەوەنەجارێک بوو، سواری لەچاو بزر دەکرد. ئاش و بەراو و مەرەزەکەی بلە تخووبی ئەولایە بوو، لای خۆرنشین، برێ گردۆڵکە و لە نێوانیاندا تەختە زەویی وا هەڵکەوتبوو، کە شوێنی چەند قسناخ گەنم و جۆ بوو. سنووری باکوریش هەمان هەڵەت و زوورگی خۆراوا درێژەیان هەبوو، بەرەو هەورازتر رادەکشان... خوارووی چیمەنیش، هەتا چاو برکات، بە نشێوێکدا ڕۆ دەچوو. پارچە زەویی لمین و بەردەڵان و بەست بەکەرخی هەردوو دیوی چۆمەکەدا هەبوون... ل٨٣".

ئەم وەسفە فۆتۆگرافییە بۆ ئەوە باشە کە لەوانەی جوگرافیادا بخوێنرێ، بۆ ئەوەی خوێنەواران ئاشنای جوگرافیای شوێن بکرێت. لە ڕووی بیناسازی شوێنیشەوە لەو وەسفانە دەچێت کە زیاتر لە ڕۆمانی کۆن بەتایبەتی لە ڕۆمانەکانی بەلزاکدا بەرچاو دەکەوێت کە زۆر بایەخی بەوەسفی جوگرافیای شوێن دەدا و ئەوپەڕی وردەکاری لەو وەسفانەدا دەنواند.

ڕۆماننووس لەڕووی تیۆرییەوە، لەناو ڕۆمانەکەدا باسی شوێن و چۆنیەتی بنیاتی شوێن دەکات و دەڵێ: "کە باس لە جێگە دەکەم، مەبەستم لەوەسفکردنی نییە، بگرە نیازم گۆڕین و دووبارە دروستکردنەوەیەتی... ل٤١"، بەڵام ئەوەی بەوردی تەماشای بنەمای وەسفی شوێن (جێگا) لەم ڕۆمانەدا دا بکات بۆی دەردەکەوێت کە وەسفەکان زۆر تەقلیدین و ڕۆماننووس نەیتوانیوە

وەسفێکی شوێن بکات جیاواز بێ لەوەی کە لە ڕۆمانی کۆندا باو بووە، بەڵکو بگرە ئەو وەسفانە زۆر سادەن و نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەوەی بتوانن تابلۆیەکی ڕێکوپێکی شوێن پێک بهێنن و کەم و کورتی زۆریان پێوە دیارە بۆ نموونە ڕۆمانووس لە وەسفی باڵەخانەکەی کوێخا رەشیددا دەڵێ: "دیوەخانەکە، نزیکەی چواردە پێ پان و بیست و چوار پێ درێژایی بوو. دوو دەرەکی بوو. دەرکەیەک بۆ هاتنە ژوورەوە، ئەوی تر دەیڕوانییە حەوشی باڵەخانە. لەناوەوە، هەشت دەلاقەی هەبووە لەهەر دەلاقەیەکدا، باکێش دیار بوون لە ناوەندیشەوە، ئۆچاخی قاوە و چایی. کەرەستەکان کەڵەکە کرابوو. لەم دیو و ئەو دیوی ئۆجاخەکەدا، دوو ریز لباد و لاکێشی خۆماڵی ڕاخرابوون. کەنیزەک و کارەکەری بەردەستی کوێخا ژن، لەبەر ماڵین، لوولیان دەدا و هەڵیان دەسپاردنە دیوارەکانەوە... ل٤٣".

ئەم دیوەخانە، وەکو لە وەسفەکەدا دیارە، زۆر لە دیوەخانی ئاغا و دەرەبەگ و کوێخاکانی کوردستان دەچێ. هیچ شتێکی لەوان جیاواز نییە. هیچ جۆرە ڕازانەوە و نەخشەسازی و کەرەستەی سەیرو نامۆی تێدا بەدی ناکرێ. لە ڕووی بیناسازییەوە سادە و هەژارە. ئەگەر ڕۆمانووس باسی کەنیزەک و کارەکەری تێدا نەکردایە هیچ جۆرە مەزنایەتی و دەوڵەمەندێتی کوێخا ڕەشیدی تێدا بەدەر نەدەکەوت و بەم جۆرەش بەڵگەی دەسەڵاتدارێتی و پایە بەرزیی ئەوی تێدا ئاشکرا نەبووە.

ڕۆمانووسان لە ڕێی کەرەستەکانی ناو شوێنەوە، دەیانەوێ پایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ئابووری و سەردەمی ژیانی کارەکتەرەکان پیشان بدەن، بەڵام لەم ڕۆمانەدا، ڕۆمانووس، گەلێ بە ساکاری بەسەر ئەم بابەتانەدا تێپەڕیوە و بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەداون. تەنیا لە هەندێ کۆپلەی وەسفیدا نەبێ کە ئەمەش زۆر کەم بەرچاو دەکەوێ، دەبینین ڕۆمانووس زیرەکانە توانیویەتی شێوەی تێپەڕینی کات لە ڕێی وەسفی هەندێ کەرەستەی شوێنەوە پیشان بدات. بۆ نموونە بلە دەڵێ: "قالیچە کارخانەکەی قەد دیواری ژوورەکە، سەرنجی ڕاکێشام. کاتی خۆی باوکم لە شاردا لەگەڵ بازرگانێک، بە

بەرچنەیەک تریٚ ئاڵۆگۆڕی کردووە. ڕەنگی قالیچەکە بزرکاوە. سوورەکانی بەقەم بوونە. زەردەکانیشی کاڵ بوونەتەوە. ڕیشووەکانی ژاکاو و پچڕاون، بەڵام نیگارە ناوەندییەکەی ئاشکرا پڵنگێکی خاڵدار نیشان دەدا، وەکو تیر خۆی هەڵدەداتە سەر گازەرای پشتی کەڵە کێوییەکی شاخدارەوە...ل١٦٦".

لەڕێی وەسفی ئەو قالیچەوە، بلە ئەوە دەردەخات کە ماوەیەکی زۆر بەسەر کڕینیدا تێپەڕیوە، بۆیە کۆن بووە و ڕەنگەکانی کاڵ بووەوەتەوە و ڕیشووەکانی ژاکاو و، پچڕاون، بەڵام ڕۆماننووس نەیتوانیوە لە ڕێی تەمەنی قالیچەکەوە تەمەنی بلە پیشان بدات. هەروەها هەوڵی نەداوە لە ڕێی باسکردنی نرخی ئەو قالیچەوە ئاستی بژێوی باوکی بلە ڕوون بکاتەوە لە کاتێکدا، لە ڕۆمانەکە، ئەوەمان بۆ باس کراوە کە بلە کوڕە کوێخا بووە و باوکی برای کوێخا رەشید بووە. ئاماژە نەکردنیش بۆ ئەو دیاردەیە بەکەم و کورتییەکی بەرچاوی وەسفەکە دادەنرێت.

سەبارەت بەوەسفی شتەکانی ناو شوێنیش، ڕۆماننووس دەڵێ: "لبادەکان بەڕەنگی ڕەش نەخشیندرابوون. هەرچوار گۆشەیەک بەهۆی ڕاست و چەپێکی لەو بەرەگنە بووبوونە سێگۆشەی وەک نوشتە. سەر و خاڵێکیانیش لە ناوەدا بووە... ل١١١-١١٢".

وەسفی ئەم لبادە هیچ جۆرە هێمایەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری نەداوە بەدەستەوە. لەوانەشە هەر ماڵە گوندییەک بتوانن لبادی لەم جۆرەیان هەبێت. بەواتایەکی تر وەسفی لبادەکە تەنیا لە پێناوی وەسفدا کراوە و مانایەکی دیکەی نەگەیاندووە. ڕۆماننووس دەیتوانی لەڕێی وەسفی کەرەستەو کەلوپەل و بیناسازی ماڵی کوێخاوە باسی هەیبەت و دەسەڵات و پایەی کۆمەڵایەتی ئەو کارەکتەرە بکات.

هەندێ جار وەسفی ورد و دوور و درێژ، بەتایبەتی ئەوانەی کە ڕۆماننووس دەیەوێ لە ڕێیانەوە توانای زمانی و مەعریفی خۆی بەدەربخات، یاخۆ دەیەوێ بەهۆی ئەو وەسفانەوە زانیاری پتر بداتە خوێنەران، دەبێتە مایەی بێزاریی

ئەوان و لەوانەیە بەسەریاندا تێپەڕن و تەماشاشی نەکەن. لەبارەی ئەم جۆرە وەسفانەوە (ئەندرێ مالرۆ) دەڵێ: "هەرچەندە وەسف درێژ بێت ئەوەندە خوێنەر کەمتر دەبینێ"[٢٥]. لە ڕۆمانی کاوڵاشیشدا هەندێ نموونەی لەم شێوەیەمان بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە لە وەسفی دەنگی گیاندارانی ناو گوندی چیمەندا، ڕۆماننووس دەڵێ: "یەکسم و دووسم، بەسەتان نەوا و هەوا و تەرح. باڵندە و بێ باڵ، هارمۆنی گەڕەلاوژەی دێ. وێڕای گوێ، مێشک پڕ لە سەدا دەکەن. بزن دەهیرێنێ و گیسک دەبیلێنێ. مەڕ دەکاڕێنێ و بەرخ دەباڕێنێ. مانگا دەهۆڕێنێ و گا دیوەڕێنێ. مرقەی بەران و میاوەمیاوی کتک. حیلەی بارگین و پرمەی ماین. کورژنی ئەسپی کەحیلان. زەرەزەڕی کەر و جاشک. وەڕین و قرووسکە و نووزە و لوورەی دەچێتە پاڵ واقی ساوا و زارەزاری کۆرپە و مشەمشی بەساڵاچووواندا... ل١١٠-١١١". ئەم وەسفە کە نزیکەی (٢٢) دێری خایاندووە، هیچ جۆرە سوودێکی لە ڕووی هزر و جووڵانەوەی ڕووداو و گەشەکردنی مەشهەد و تێپەڕینی کات و... هتد ڕۆمانەکەوە نییە. وەسفەکە بەگشتی تابلۆیەکی ڕازاوەیە بۆ پێشاندانی ریتمی دەنگی هەندێ باڵندە و گیانەوەری ناو گوندی چیمەن. لابردنی هیچ کارێک ناکاتە سەر بینای هونەری ڕۆمانەکە.

لە وەسفی گوندی (تەلان – ل٨٤)یشدا کۆمەڵێ زانیاری لەبارەی جۆری خانووبەرە و کەرەستەی بیناسازی و ئاو و گۆما و گژوگیای ئەو گوندەوە خراوەتە ڕوو بێ ئەوەی وەسفەکە دەوری هەبووبێ لە پەرەسەندنی بنیاتی هونەری ڕۆمانەکەدا، یاخۆ ڕۆشناییەکی خستبێتە سەر ژیانی کارەکتەر و ڕووداوەکان.

## ئەنجام

پاش باسکردن و لێکۆڵینەوەی بنیاتی جۆرەکانی وەسف لە ڕۆمانی کاولاشدا گەیشتینە کۆمەڵێ ئەنجام کە گرینگترینیان ئەمانەن:

١- لەم ڕۆمانەدا بایەخێکی زۆر بەوەسف دراوە، بەتایبەتی وەسفی کارەکتەر و سروشت. تا ڕادەیەکی کەمیش بایەخ بەوەسفی شوێن دراوە.

٢- وەسفەکان بەگشتی، وەسفی بابەتین و بە بەکارهێنانی ڕاناوی ئەو ئەنجام دراون. ئەم جۆرە وەسفەش لە ڕۆمانی کۆندا زۆر باو بووە.

٣- چەندین کارەکتەرو حیکایەتخوان بەشدارییان لە پێشکێشکردنی وەسفەکاندا کردووە وەکو خونچەی ژنی باپیر، هیوای کوڕی باپیر، ڕەشەجۆلا، میرزا غەفوور، مەلا باوەدین، برزۆو... هتد.

٤- وەسفی کارەکتەرەکان، وەسفێکی دەرەکییە، تەنانەت زۆربەی وەسفە دەروونییەکان لە ڕێی ڕەنگدانەوەی هەستەکان وەکو (تووڕەبوون، پێکەنین، غەمباری، دڵەڕاوکە) لە ڕوخسارو ڕەفتاری کارەکتەرەکاندا پیشان دراون.

٥- زۆربەی وەسفەکانی سروشت دەچنە خانەی وەسفی ڕازێنەرەوەوەو دەوریان نییە لە پەرەسەندنی ڕووداو و، کەسایەتی کارەکتەرەکاندا.

٦- گەلێ جار، وەسفی سروشت (ئاسمان، ئاووهەوا، دارستان، ڕەنگی ئاسمان و... هتد بەکورتی کراوە و پاش وەسفەکان ڕاستەوخۆ گێڕانەوە دەستی پێ کردووەتەوە بێ ئەوەی ئەم جۆرە وەسفانە تێکەڵ بەگێڕانەوەکە ببن.

٧- زۆربەی وەسفەکان تەقلیدین و دەوریان هەبووە لە دروستکردنی جیاوازی لە نێوان زەمەنی وەسف و زەمەنی گێڕانەوەدا.

٨- لە وەسفی شوێندا، کۆمەڵێ کۆپلەی وەسفی دابڕاو دروست بووە کە خزمەتی ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و پەرەسەندنی کارەکتەرەکان ناکەن.

٩- ڕۆماننووس، وەسفی ماڵ و خانووبەرەی هەندێ کارەکتەری وەکو (کوێخا

رەشـیـد و مـەلا باوەدین)ی کـردووە، کـەچی وەسـفی مـاڵ و خـانووبەرەی هەندێکی وەکو باپیر و ڕەشـەجـۆلا و عـەودلی دوکـاندار و مـام ڕەحـمـانی پشتگوێ خستووە.

١٠- هەندێ جار لەڕێی وەسفی شوێن و دەنگی گیاندارانی شوێنەوە، نووسەر هەوڵی داوە توانـای زمــانی خــۆی پیــشــان بـدات بۆ ئەوەی ئەو جــۆرە وەسفانە دەوریان هەبووبێ لە پەرەسەندنی بینای هونەری ڕۆمانەکەدا.

١١- ڕۆمـاننووس هەوڵی نەداوە لـە ڕێی وەسـفی کـەرەسـتـەکـانی ناو مـاڵەوە، ئاسـتـی کـۆمـەڵایـەتی و ئابـووری و مــەزاج و باری دەروونی و تـەمـەنی کارەکتەرەکان پیشان بدات و بەمەش ڕۆشنایی بخاتە سەر ژیانی رابردوو و، ئێستای ئەوان.

١٢- بەهۆی هەندێ وەسفی جوولاوەوە سۆزی هەندێ کارەکتەر لەگەڵ هەستی سروشتدا یەکیان گرتووەتەوە.

١٣- لە هەندێ وەسفدا ئەوە پیشاندراوە کە سروشت بووەتە هۆی گۆڕانی ڕەنگ و ڕووی کارەکتەران و کاری کردووەتە سەر رەفتاری ئەوان.

پەراوێزەکان:

١- د. عبدالملك مرتاض، في نظرية الرواية بحث تقنيات السرد، مطابع الرسالة، الكويت، ١٩٨٨، ص ٢٨٩.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٥.

٣- سيزار احمد قاسم، بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٤، ص ٨٢.

٤- آمنه يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية لاذقية، ١٩٩٧، ل٩٢- ٩٤.

٥- اوستن وارين ورينيه ويليك، نظرية الادب، ترجمة محي الدين صبحي، مطبعة خالد الطرابيشي، بلا مكان الطبع، ١٩٧٢، ص٢٨٧- ٢٨٨.

٦- د. عبدالملك مرتاض، في نظرية الرواية، ص ٢٨٩.

٧- د. موريس ابو ناضر، الالسنية والنقد الادبي في النظرية والممارسة، دار النهار للنشر ١٩٧٩. بيروت. ص ١٣٢.

٨- د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧، ص ٤٤١.

٩- د. يوسف شكير، شعرية السرد الروائي عند ادوار الخراط، مجلة عالم الفكر، العدد (٢)، المجلد (٣٠)، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت، اكتوبر ديسمبر، ٢٠٠١، ص ٢٥٩.

١٠- رولان بورنوف ورئال اوئلة، جيهان رمان، ترجمة نازيلا خلخال، نشر مركز چاپ اول، تهران، ١٣٧٨، ص١٢٧- ١٢٨.

١١- تزفيگان گودوروف، الشعرية، ترجمة شكري المبخوت ورجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء المغرب، الطبعة الثانية، ١٩٩٠، ص٢٥- ٢٦.

١٢- أ. م فورستر، اركان الرواية، ترجمة موسى عاصي، دار جروس برس، الطبعة الاولى، ١٩٩٤، ص٧٦-٧٧- ٧٨.

١٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨- ٢٩.

١٤- آمنه يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، ص٩٤- ٩٥.

١٥- د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠١-ص ١٨٤.

١٦- روجيه جارودي، واقعية بلا ضفاف، ترجمة حليم گوسون، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٨، ص ٢٠.

١٧- برنارد فاليط، النص الروائي، تقنيات ومناهج، ترجمة رشيد بنحدو، الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية، بلا مكان الطبع، ١٩٩٩، ص ٤٢.

١٨- ر. م البيرس، تاريخ الرواية الحديثة، ترجمة جورج سالم، منشورات عويدات، بيروت، ئاريس، الطبعة الثانية، ١٩٨٢، ص ٥١.

١٩- سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

٢٠- د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، ص ١٨٢- ١٨٣.

٢١- د. صالح هويدي، التوظيف الفني للطبيعة في ادب نجيب محفوظ، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢، ص١٧- ١٨.

٢٢- جيرار جنيت، خطاب الحكاية، بحث في المنهج، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع

القومي للترجمة، الطبعة الثانية، ترجمة محمد معتصم وآخرون، مصر، ٢٠٠٠، ص ٩.

٢٣- د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، ص ١٨٢.

٢٤- الان روب جرييه، نحو رواية جديدة، ترجمة مصطفى ابراهيم، دار المعارف، مصر، بلا سنة الطبع، ص ١٢٠.

٢٥- رولان بورنوف ورنال اوئلة، ص ١٤٠.

## پێرستی سەرچاوەکان


بە کوردی

١- عبدالله سەراج، کاولاش، رۆمان، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.

بە فارسی

١- جیهان رومان، رولان بورنوف ورنال اوئله، ترجمه نازیلا خلخال، نشر مرکز، تهران چاپ اول، ١٣٧٨.

بەعەرەبی

١- د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠١.

٢- الان روب جرييه، نحو رواية جديدة، ترجمة مصطفى ابراهيم، دار المعارف، مصر، بلا سنة الطبع.

٣- آمنه يوسف، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية لاذقية ١٩٩٧.

٤- أ. م. فوستر، اركان الرواية، ترجمة موسى عاصي، الطبعة الاولى، دار جروس برس، بلا مكان الطبع ١٩٧٧.

٥- اوستن وارين ورينيه ويليك، نظرية الادب، ترجمة محي الدين صبحي، طبعة خالد الطرابيشي، بلا مكان الطبع ١٩٧٢.

٦- برنارد فاليط، النص الروائي، تقنيات ومناهج، ترجمة رشيد بنحدو، الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية، بلا مكان الطبع، ١٩٩٩

٧- تزفيگان گودوروف، الشعرية، ترجمة شكري المبخوت ورجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء المغرب، الطبعة الثانية، ١٩٩٠
٨- جيرار جنيت، خطاب الحكاية، بحث في المنهج، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة، الطبعة الثانية، ترجمة محمد معتصم وآخرون، مصر، ٢٠٠٠
٩- ر. م البيرس، تاريخ الرواية الحديثة، ترجمة جورج سالم، منشورات عويدات، بيروت، ئاريس، الطبعة الثانية، ١٩٨٢.
١٠- روجيه جارودي، واقعية بلا ضفاف، ترجمة حليم گوسون، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٨.
١١- سيزار احمد قاسم، بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٤.
١٢- د. صالح هويدي، التوظيف الفني للطبيعة في ادب نجيب محفوظ، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢
١٣- د. صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧
١٤- د. عبد الملك مرتاض، في نظرية الرواية بحث تقنيات السرد، مطابع الرسالة، الكويت، ١٩٨٨
١٥- د. موريس ابو ناضر، الالسنية والنقد الادبي في النظرية والممارسة، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٩
١٦- د. يوسف شكير، شعرية السرد الروائي عند ادوار الخراط، مجلة عالم الفكر، العدد (٢)، المجلد (٣٠)، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت، اكتوبر ديسمبر، ٢٠٠١